حکۆمەتا هەرێما کوردستانێ- عیراق
وەزارەتا خواندنا بلند و ڤەکۆلینێن زانستی
زانکۆیا زاخۆ
فەکولتییا زانستێن مرۆڤایەتی
پشکا زمانێ کوردی

# تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزاری کەلەکچی

نامەیەکە ژ لایێ قوتابی

ماهر عیسا حەجی

پێشکێشی جڤاتا فەکولتییا زانستێن مرۆڤایەتی- زانکۆیا زاخۆ کرییە.
وەکو پشکەک ژ پێدڤییێن وەرگرتنا پلا ماستەرێ د زمانێ کوردیدا/ زمان

ب سەرپەرشتییا

پ. هـ. د. سانیا جەبار عەبوزەید

٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زایینی ١٤٤٤ کۆچی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەرێما کوردستانێ- عێراق
وەزارەتا خواندنا بلند و ڤەکۆلینێن زانستی
زانکۆیا زاخۆ
فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی
پشکا زمانێ کوردی

# تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزاری کەلەکچی

**نامەیەکە ژ لایێ قوتابی**

**ماهر عیسا حەجی**

**پێشکێشی جڤاتا فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی- زانکۆیا زاخۆ کرییە،**
**وەکو پشکەک ژ پێدڤییێن وەرگرتنا پلا ماستەرێ د زمانێ کوردیدا/ زمان**

**ب سەرپەرشتییا**

**پ.هـ. د. سانیا جەبار عەبوزەید**

**٢٧٢٣ کوردی** **٢٠٢٣ زاینی** **١٤٤٤ کۆچی**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## پشتگیری و ڕەزامەندییا سەرپەرشتی

ئەڤ نامەیە ب ناڤونیشانێ (تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزاری کەلەکچی) یا قوتابی (ماهر عیسا حەجی). ب سەرپەرشتییا من ل پشکا زمانێ کوردی- فەکولتییا زانستێن مرۆڤایەتی ل زانکویا زاخۆ هاتییە بەرهەڤکرن، پشکەکە ژ پێدڤییێن وەرگرتنا پلەیا ماستەرێ د زمانێ کوردیدا.

واژوو

پ.هـ. د. سانیا جەبار عەبوزەید

سەرپەرشت

مێژوو: ٢٣/ ٧/ ٢٠٢٣

ل دویف پێشنیازا سەرپەرشتێ قوتابییێ، ئەڤێ نامەیێ پێشکێشی لێژنەیا گەنگەشە و هەلسەنگاندنێ دکەم.

د. ژیروان سعید حاجی بدری

سەرۆکا پشکا زمانێ کوردی

فەکولتییا زانستێن مرۆڤایەتی- زانکویا زاخۆ

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم ئەندامێن لێژنا گەنگەشـــە و هەلســـەنگاندنێ، نامەیا ب ناڤونیشـــانێ (تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزاری کەلەکچی) خواندییە، لێژنەیێ گەنگەشە لسەر ناڤەرۆک و لایەنێن دیێن ئەوێ لگەل قوتابی کر و بڕیار ب دانا باوەڕنامەیا ماســـتەرێ ب پلەیا (            ) ب بسپۆرییا زمانێ کوردی ب قوتابی بهێتە دان.

ناڤ: پ. د. بایز عمر احمد

سەرۆکێ لێژنێ

مێژوو ١٠/ ٦ / ٢٠٢٣

ناڤ: پ. هـ. د. دلێر صادق کانبی

ئەندام

مێژوو١٠/ ٦ / ٢٠٢٣

ناڤ: پ. هـ. د. دلبرین عبدالله علي

ئەندام

مێژوو  /  / ٢٠٢٣

ناڤ: پ. هـ. د. سانیا جبار عبوزید

ئەندام و سەرپەرشت

مێژوو٢٣/ ٧ / ٢٠٢٣

ل دویف بڕیارا لێژنەیا هەلسەنگاندن و گەنگەشەیێ، ئەڤ نامەیە ژلایێ جڤاتا فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتیڤە هاتییە پەسەندکرن.

پ. د. هوگر طاهر توفیق

ڕاگرێ فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی

٢٣/ ٧ / ٢٠٢٣

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## **دیاری**

دیارییە بۆ:

- گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان.
- گیانی هەر مرۆڤێک لە کار و پیشەی خۆیدا خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات.
- هەر کوردێک دلسۆزانە و ماندوونەناسانە خزمەتی گەلی خۆی و  زمانی کوردی دەکات.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## سوپاسنامە

سوپاس بۆ:

- خودای دلۆڤان کە توانا و هێزی پێ بەخشین، بەرهەمێک لە پەرتووکخانەی زمانی کوردی زیاد بکەین.
- مامۆستای بەڕێزم ( پ.هـ.د. سانیا جەبار عەبوزەید) کە جگە لە ئەرکی سەرپەرشتی کردنم، بەردەوام بە تێبینی و ڕێنماییەکانی توانیم ئەم بەرهەمە بگەیەنم بەم قۆناغە.
- تەواوی ئەندامانی خێزانی خۆشەویستم کە هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا ئاگەدار و ڕێنیشاندەرم بوون.
- هاوژینی خۆشەویستم (دایکی ژیار) کە سەرەڕای پیشەی خۆی و کاری ماڵەوە، بەردەوام هاوکار و پاڵدەرم بوو.
- هەموو مامۆستا بەڕێزەکان کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە وشەیەکیش ڕێنماییان کردووم.
- مامۆستایانی کەلەکچی لەوانە مامۆستا (رشید محمود) و (ڕزوان زرار) و هەموو ئەوانی تر کە بە تێبینی و ڕێنماییەکانیان هاوکارم بوون.


الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## پوختەی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندن و دەستنیشانکردن و شرۆڤەکردنی تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزاری کەلەکچی، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزاری کەلەکچی) ئەنجامدراوە، ئەم شێوەزارە سەر بە زاری گۆرانە لە زمانی کوردیدا، داتاکانی لێکۆڵینەوەکە لە ئاخاوتنی ئێستای ڕۆژانەی شێوەزارەکە وەرگیراوە، هەر یەک لە پێکهاتەی گرێ و ڕستە بوونەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە. گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە؛ بۆ یەکەمجارە بە شێوەیەکی زانستی تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزارەکە دەستنیشانکراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا داتاکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ناحیەی کەلەکچی وەرگیراوە، بە پێی ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە، تایبەتمەندی پێکهاتەی گرێ لە شێوەزاری کەلەکچی چۆنە؟ ئایا مۆرفیمی خستنەسەر ڕۆڵ دەگێڕێت لە بەیەکەوەبەستنی سەرە و دیارکەر؟ جێناوە لکاوەکان لەم شێوەزارەدا چەند دەستەن؟ ئایا پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار بە ڕێگای سینتاکسی یان مۆرفۆلۆجی دروست دەکرێت؟ یان بە هەردوو ڕێگا دروست دەکرێت؟

لەو ئەنجامانەی کە پێیگەیشتووین ئەوەیە کە شێوەزاری کەلەکچی خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە لەپێکهات و پێکهێنەکانی گرێ و ڕستەدا ڕۆڵ دەبینن، لە کاتی فراوانکردنی سەرەدا فۆنیمی کۆتایی سەرە لە دەرخستن و سفربوونی مۆرفیمی خستنەسەردا ڕۆڵ دەبینێت، هەردوو ڕێگای مۆرفۆسینتاکس و سینتاکسی لە گۆڕینی پێکهاتەی ڕستەی بکەردیار بۆ پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار ڕۆڵ دەبینن.



وشە سەرەکییەکان: پێکهاتەی گرێ، پێکهاتەی ڕستە، پێکهێن، بکەرنادیار، شێوەزاری کەلەکچی





الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**لیستی زاراوەی کوڕتکراوەکان و هێماکان**

| | |
|---|---|
| ئامرازی پەیوەندی | ئا. پە |
| ئاوەڵناو | ئاوەڵ |
| بکەر نادیار | بک. نا |
| بێ دەزگای چاپ | بێ. د. چ |
| بێ سال | بێ. س |
| بێ لاپەڕە | بێ. ل |
| بەشی یەکەم | بەشی. یەک |
| پێشگر | پێ |
| پێشناو | پش |
| داڕێژراو | دار |
| دانانی | دان |
| دیارکەر | دی |
| ڕابردووی ڕاگەیاندن | ڕا. گە |
| ڕانەبردوو | ڕانە |
| ڕەگی کار | ڕە. ک |
| سەرە | سە |
| فۆنیم | / / |
| قەدی کار | قەدی. ک |
| کاری ڕستەی بکەرنادیار | ک. ڕ. بک. نا |
| گرێی ناوی | گ.ن |
| گرێی کاری | گ.ک |
| لاڕستە | لا |
| لادان | —— |
| لێکدراو | لێک |
| مۆرفیمی تافی ڕابردوو | م. تا. ڕا |
| مۆرفیمی ڕابردووی بەردەوام | م. ڕا. بە |

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| مۆرفیمی  ڕابردووی تەواو | م. ڕا. تەو |
| مۆرفیمی  ڕابردووی دوور | م. ڕا. دوور |
| مۆرفیمی  ڕابردووی نێزیک | م. ڕا. نێز |
| مۆرفیمی  نادیاری | م. نا |
| مۆرفیمی  نەرێ | م. نە |
| مۆرفیمی ڕێککەوتن | م. ڕێکک |
| مۆرفی سفر | Ø |
| ناڕێزمانی بوون | * |
| هەمان لاپەڕە | هە. ل |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | ١ |
| **١.بەشی یەکەم: سینتاکسی شێوەزاری کەلەکچی** | ٣ |
| **١.١. بەندی یەکەم: پێکهاتە و پەیوەندی ئاستی سینتاکس بە ئاستەکانی تری زمانەوە** | ٣ |
| ١.١.١. پێناسە و چەمکی سینتاکس | ٣ |
| ١.١.٢. پێکهاتەی ئاستی سینتاکس | ٥ |
| ١.١.٣. پەیوەندی سینتاکس بە ئاستەکانی تری زمانەوە | ٧ |
| **١.٢. بەندی دووەم: شێوەزاری کەلەکچی و مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی** | ٨ |
| ١.٢.١. زار | ٨ |
| ١.٢.٢. زاری گۆران | ٨ |
| ١.٢.٣. شێوەزاری کەلەکچی | ٩ |
| ١.٢.٤. شوێنی جوگرافیا و فەلەکی ناحیەی کەلەکچی | ١١ |
| ١.٢.٥. مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە شێوەزاری کەلەکچیدا | ١١ |
| ١.٢.٥.١. ناو | ١٢ |
| ١.٢.٥.٢. ئاوەڵناو | ١٥ |
| ١.٢.٥.٣. کار | ١٦ |
| ١.٢.٥.٣.١. مۆڕفیمی تاف | ١٦ |
| ١.٢.٥.٣.٢. ڕێژە | ١٧ |
| ١.٢.٥.٣.٢.١. ڕێژەی دانانی | ١٧ |
| ١.٢.٥.٣.٢.٢. ڕێژەی فەرمانی | ١٨ |
| ١.٢.٥.٣.٣. ڕووکار | ١٩ |
| ١.٢.٥.٣.٤. نەرێ | ٢٠ |
| ١.٢.٥.٣.٥. مۆڕفیمی نادیاری | ٢١ |
| ١.٢.٥.٣.٦. مۆڕفیمی تێپەڕاندن | ٢١ |
| ١.٢.٥.٣.٧. مۆڕفیمی دووبارەکردن | ٢١ |
| ١.٢.٥.٣.٨. مۆڕفیمی ڕێککەوتن | ٢٢ |
| **٢. بەشی دووەم: پێکهاتە و پێکهێنەکانی گرێ لە شێوەزاری کەلەکچیدا** | ٢٤ |


الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| **بەندی یەکەم: تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنەکانی گرێ لە شێوەزاری کەلەکچیدا** | ٢٤ |
| ٢.١.١. گرێ لە ڕووی زاراوە و پێناسە و چەمک و تایبەتمەندییەکانییەوە | ٢٤ |
| ٢.١.٢. تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنەکانی گرێ | ٢٥ |
| ٢.١.٢.١. تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنی گرێی ناوی | ٢٦ |
| ٢.١.٢.١.١. گرێی ناوی سادەی ناوک | ٢٩ |
| ٢.١.٢.١.٢. گرێی ناوی سادەی فراوانکراو | ٢٩ |
| ٢.١.٢.٢.تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنی گرێی پێشناوی | ٣٨ |
| ٢.١.٢.٣. تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنی گرێی کاری | ٤٢ |
| **٣. بەشی سێیەم: تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی پێکهاتەی ڕستەی سادە لە شێوەزاری کەلەکچیدا** | ٤٥ |
| **٣.١. بەندی یەکەم:** تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی پێکهاتەی ڕستەی سادە لە ڕووی پێکهاتنەوە | ٤٥ |
| ٣.١.١. پێکهێنەکانی ڕستەی سادە لە شێوەزاری کەلەکچیدا | ٤٦ |
| ٣.١.١.١. تایبەتمەندیی پێکهێنە سەرەکییەکان | ٤٦ |
| ٣.١.١.١.١. کار | ٤٦ |
| ٣.١.١.١.٢. بکەر | ٤٧ |
| ٣.١.١.١.٢.١. جۆرەکانی بکەر لە شێوەزاری کەلەکچیدا | ٤٧ |
| ٣.١.١.١.٣. بەرکاری ڕاستەوخۆ | ٥٠ |
| ٣.١.١.١.٤. تەواوکەر | ٥٠ |
| ٣.١.١.٢. تایبەتمەندیی پێکهێنە ناسەرەکییەکان | ٥١ |
| ٣.١.٢. جۆرەکانی ڕستەی سادە | ٥٣ |
| ٣.١.٢.١ ڕستەی سادەی ناوک | ٥٣ |
| ٣.١.٢.٢. ڕستەی سادەی فراوانکراو | ٥٣ |
| **٣.٢. بەندی دووەم: پەیوەندی لە نێوان جێناو و ڕێککەوتنی ڕستە لە شێوەزاری کەلەکچیدا** | ٥٤ |
| ٣.٢.١. جێناو لە شێوەزاری کەلەکچیدا | ٥٤ |
| ٣.٢.٢. جۆرەکانی جێناو | ٥٥ |
| ٣.٢.٢.١. جێناوی کەسی سەربەخۆ | ٥٥ |
| ٣.٢.٢.٢. جێناوە لکاوەکان | ٥٥ |




الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| ٥٦ | ٣.٢.٣. دەستەی جێناوە لکاوەکان لە شێوەزاری کەلەکچیدا |
| ٦١ | ٤.٢.٣. جۆری ڕێککەوتن لە شێوەزاری کەلەکچیدا |
| ٦٥ | **٣.٣. بەندی سێیەم: لادانی پێکهێنەکان لە ڕستەی سادەدا** |
| ٦٨ | **٤. بەشی چوارەم: پێکهاتەی بکەرنادیار لە شێوەزاری کەلەکچیدا** |
| ٦٨ | ١.٤. چەمک و پێناسەی بکەرنادیار |
| ٦٩ | ٢.٤. هۆکارەکانی لادانی بکەر لە ڕستەی بکەر نادیاردا |
| ٧١ | ٣.٤. پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار لە شێوەزاری کەلەکچیدا |
| ٧٣ | ١.٣.٤. پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار بە ڕێگایی مۆرفۆلۆجی |
| ٧٤ | ١.١.٣.٤. ڕێژەی ڕاگەیاندن |
| ٧٤ | ١.١.١.٣.٤. تافی ڕابردوو |
| ٨٠ | ٢.١.١.٣.٤. تافی ڕانەبردوو |
| ٨١ | ٢.١.٣.٤. ڕێژەی دانانی |
| ٨١ | ١.٢.١.٣.٤. تافی ڕابردوو |
| ٨٤ | ٢.٢.١.٣.٤. تافی ڕانەبردوو |
| ٨٥ | ٢.٣.٤. پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار بە شێوەی سینتاکسی |
| ٨٥ | ١.٢.٣.٤. ڕێژەی ڕاگەیاندن |
| ٨٥ | ١.١.٢.٣.٤. تافی ڕابردوو |
| ٩٠ | ٢.١.٢.٣.٤. تافی ڕانەبردوو |
| ٩١ | ٢.٢.٣.٤. ڕێژەی دانانی |
| ٩١ | ١.٢.٢.٣.٤. تافی ڕابردوو |
| ٩٤ | ٢.٢.٢.٣.٤. تافی ڕانەبردوو |
| ٩٥ | **ئەنجام** |
| ٩٧ | **سەرچاوە** |
| ١٠٥ | **الملخص** |
| ١٠٦ | **Abstract** |


الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## پێشەکی:

### ناونیشانی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەکە لەژێر ناونیشانی (تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی شێوەزاری[1] کەلەکچی)یە، پێکهاتەی گریّ و ڕستە لەم شێوەزارەدا بە شێوەیەکی گشتی دیارکراوە، تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانیان شرۆڤە کراوە.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێی ڕێبازی وەسفی شێوەزارەکە وەسفکراوە.

### گرنگی لێکۆڵینەوە:

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە؛ هەولێکە بۆ دیارکردن و شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی گریّ و ڕستە لە شێوەزاری کەلەکچی( دەشتی ناوکوڕ)دا، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەم شێوەزارە ئەنجام نەدراوە.

### پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە:

گرنگترین پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ئەمانەن:

١. ئەو تایبەتمەندییە سینتاکسییانە چین کە بەشداری لە پێکهاتەی گریّ لە شێوەزاری کەلەکچیدا دەکەن؟
٢. مۆرفیمی خستنەسەر لە بەیەکەوەبەستنی سەرە و دیارکەر لە پێکهاتەی گرێدا چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟
٣. جێناوی لکاو لەم شێوەزارەدا چەند دەستەن؟ کامیان ڕۆڵی سەرە و تەواوکەر لە پێکهاتەی گرێدا دەبینێت و کامیان لە پێکهاتەی ڕستە دا ڕۆڵی مۆرفیمی ڕێککەوتن دەبینێت.
٤. ڕۆڵی مۆرفیمی ڕێککەوتن لە پێکهاتەی ڕستەدا چییە؟
٥. ڕۆڵی قەدی چاوگ لە پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاردا چییە؟ کەی بەکاردێت؟
٦. ئایا پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار بە ڕێگای سینتاکسی یان مۆرفۆلۆجی دروست دەکرێت؟ یان بە هەردوو ڕێگا دروستدەکرێت؟

### سنووری لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسییە، لە سنووری ڕستە و گرێدا ئەنجامدراوە، بەڵام وەکو پێویست باس لە مۆرفیمی ڕێزمانی کراوە، چونکە ئەم مۆرفیمە ڕۆڵی خۆی لە پێکهاتەی گریّ و ڕستەدا دەبینێت.

---

(١) لە بەرامبەر زاراوەی (شێوەزاری ناوچەیی)، زاراوەی (شێوەزار)مان بەکارهێناوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## کەرەستەی لێکۆڵینەوە:

کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی شێوەزاری کەلەکچی وەرگیراوە، کە شێوەزارێکە سەر بە زاری گۆرانی زمانی کوردییە.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوە:

نەبوونی دەقی نووسراو و سەرچاوەی زانستی لەسەر شێوەزاری کەلەکچیدا، گیروگرفتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوو، چونکە لە کاتی دەستنیشانکردنی پێکهاتەی گرێ و ڕستە لەم شێوەزارەدا دوو شێوە ئاخاوتنی سەرەکی بەدی دەکرێت، بە تایبەت لە پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاردا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پوختە بە هەرسێ زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، لە چوار بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باسی سینتاکس لە شێوەزاری کەلەکچیدا کراوە، لە بەندی یەکەم : باسی پێکهاتە و پەیوەندی ئاستی سینتاکس بە ئاستەکانی تری زمانەوە کراوە، هەروەها لە بەندی دووەمدا باسی شێوەزاری کەلەکچی و مۆرفیمە ڕیزمانییەکانی کراوە، لە بەندی یەکەم بەشی دووەمدا: پێکهاتەی گرێ و پێکهێنەکانی لە شێوەزاری کەلەکچی باس کراوە، بەشی سێیەمدا تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی پێکهاتەی ڕستەی سادە لە شێوەزاری کەلەکچی باس کراوە، لە بەندی یەکەمدا تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی پێکهاتەی ڕستەی سادە لە ڕووی پێکهاتنەوە باس کراوە،هەروەها لە بەندی دووەمدا پەیوەندی لە نێوان جێناو و ڕێککەوتنی ڕستە لە شێوەزاری کەلەکچی باس کراوە، لە بەندی سێیەمدا بە کورتی ئاماژە بە لادان لە ڕستەی سادەدا کراوە. لە بەشی چوارەمدا: باسی پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار لە شێوەزاری کەلەکچیدا کراوە و هەروەها بە شێوەی خشتە تافی ڕابردوو و ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و دانانی باس کراوە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ١.بەشی یەکەم: سینتاکسی شێوەزاری کەلەکچی:

### ١.١. بەندی یەکەم: پێکهاتە و پەیوەندی ئاستی سینتاکس بە ئاستەکانی تری زمانەوە:

### ١.١.١. پێناسە و چەمکی سینتاکس:

زاراوەی سینتاکس (syntax) لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە : (syn)(tax) کە (دەگەڕێتەوە بۆ کردارێکی یۆنانی، تا ڕادەیەک واتای (پێکەوە ڕێکخستن/ ڕێزکردن/ دانان) دەبەخشێت و دەتوانرێت لە زاراوەی (خستنەتەکیەک) دا کۆبکرێتەوە) (مەحویی، م. ٢٠١١: ٣٢). لە زمانی کوردیدا زاراوەی هەڤۆکسازی (ئامێدی، ص.ب. ١٩٧٦: ٤٤٥) و ڕستەسازی(مەحویی ،م . ٢٠٠١: ١)بەکاردێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی ڕستەسازی و سینتاکس لە هەموو زاراوەکانیتر زیاتر و فراوانتر بەکاردێت.

لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (علم النحو)، (علم النظم)، (نظام ترکیب الجمل) بەکاردێت (محمد،خ.م . ٢٠٠٣: ١١).

سینتاکس وەکو ئاستێک لە ئاستەکانی زمان دەتوانرێت بگوترێت (سینتاکس دەستوری ڕێزکردن و دانەپاڵ یەکتری کەرەستەکان و دیاریکردنی ئەو لێکدانانەیە، کە پەسەندن لە زمانێکدا)(فەتاح، م.م. ٢٠١١: ٢٨)، بە واتایەکی تر شێوەی ڕێزکردنی پێکهێنەکانە و لە ڕووی زمانییەوە ڕستەکە ڕێزمانییە یان ناڕێزمانییە، هەروەها (سینتاکس بریتییە لە بەدوایەکداهاتن و گونجانی وشەکان بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی گەورەتر وەکو گرێ و ڕستە، یان ئەو بەشەی ڕێزمانە، کە پەیوەندی بە لێکدانەوەی ئەم فۆرمانە هەیە)(یونس، س. ت. ٢٠١٣: ٤)، (زانستی ئەو یاسایانەیە کە پێوەندی وشەکان لە ڕستەدا لەگەڵ یەکتر ڕوون دەکاتەوە و ڕوونیدەکاتەوە کە کامەیان لە پێشدا دێت و کامەیان لەدواتر، پەیوەندی بەستراوەییان بە یەکترەوە چییە؟ ناو و زاراوەی هەر کامیان و ئەرکیان لە ڕستەدا چییە؟ جا لە شێوە و پێکهاتەکەیاندا گۆڕانێک ڕوویدابێت یان نا؟)(حەسەن، م. ق. ٢٠١٠: ١٤).

کەواتە سینتاکس واتای ڕێکخستن و خستنەپاڵ یەکتری پێکهێنەکانی ڕستەیە، بە پێی سیستەمێکی ڕێزمانی ڕێزدەکرێت، بە واتایەکی تر سینتاکس پێکهێنەکان بە سیستەمنەکراوی وەرناگرێت و جێیان لە سینتاکسدا نابێتەوە، بۆ نموونە کاتێک سەیری پێکهێنەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بکەین، دەبینین خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیەتی سەبارەت ڕیزبوونیان هەیە، کە لە بکەر و کار/ بکەر، بەرکار و کار و پێکهێنە ناسەرەکییەکانی تری پێکدێت. کە لە ڕێی ئەو پێکهێنە سەرەکی و ناسەرەکییانەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێ سنوور لە ڕستە بەرهەمبهێنرێت، بێ ئەوەی لە یاسا و سیستەمی سینتاکسی زمانەکە لابدرێت:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١. ئارام هات[١].

بکەر+ کار

٢. *هات بە جوانی ئارام.

*کار+ پێشناو+ ئاوەڵکار+ بکەر

٣. سەردار نانی[٢] خوارد. (سەرداری شیڤ خوار)

بکەر+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+ کار

لە ڕستەی (١) دا کارێکی تێنەپەڕە لە بکەر و کار پێکهاتووە، لە ڕستەی (٢)دا کارێکی تێنەپەڕە لە بکەر و کار و ئاوەڵکارێک پێکهاتووە، بەڵام ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، چونکە پێکهێنەکانی بە پێی یاسای زمانی کوردی ڕێزنەکراون، بۆیە واتای ڕستەکە ناڕوونە، لە ڕستەی (٣) دا کارێکی تێپەڕە لە بکەر و بەرکار و کار پێکهاتووە، کەواتە پێکهێنەکانی ڕستە بەپێی جۆری کار گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد. بەم شێوەیە دەتوانین ژمارەیەکی بێ سنوور لە ڕستە بەرهەم بهێنین، بەڵام کاتێک ڕستە دەخەینە پاڵ یەک و لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا ڕێکیان دەکەین، دەبێت لەگەڵ سیستەم و یاسای زمانەکەدا گونجاو و ڕێکوپێک بێت، بە واتایەکی تر ئەو ڕستانەی بەرهەم دەهێنین، زمان یەکلایی دەکاتەوە، کە ڕێزمانین یان ناڕێزمانی نین، ڕەنگە لە زۆربەی زمانەکاندا ڕێککەوتن لە نێوان کەرستەکانی ڕستەدا هەبێت، کاتێک پێکهێنەکان دەخەینە پالیەک پێویستە ڕێککەوتنی زمانی لە نێوان پێکهێنەکانی ڕستەدا تێکنەچێت.

سینتاکس لقێکە لە لقەکانی زمان کە هەموو ئاستەکان لە نێو ئەم ئاستەدا تواونەتەوە، سینتاکس گرنگی بەوە دەدات چۆن وشەکان کۆبکەینەوە و چۆن لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا ڕێکیان بخەین، بە شێوەیەک پەیوەندی و بەیەکەوە گرێدان لە نێوان وشەکاندا هەبێت و لەگەڵ ڕێکخستن و ڕێزکردنیاندا واتای ڕستەکە بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

**١.١.٢. پێکهاتەی ئاستی سینتاکس:**

سینتاکس وەکو ئاستێک لە ئاستەکانی زمان بریتییە لە زانستێک کە هەڵدەستێ بە ڕێزکردن و ڕێکخستنی پێکهێنەکانی ئەم ئاستە کە لە سێ یەکە پێکدێت، ئەویش (گرێ، لاڕستە و ڕستە)[١]یە، کە پەیوەندییەکی

---

(١) لە بەرامبەر هەر گرێ/ ڕستەیەکی شێوەزاری کەلەکچی گرێ/ ڕستەیەک بە شێوەزاری کرمانجی سەروو لە نێوان دوو کەوانە دانراوە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا گرێ/ ڕستەکە وەکویەک بووە دانەنراوە.

(٢) لێرەدا وشەی (نان) لە شێوەزاری کەلەکچیدا بە واتای (تێشت، فراڤین، شیڤ) بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە تەنها وشەی (شیڤ)مان بەکارهێناوە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەرەمی ئەم پێکهێنانە بەیەکەوە دەبەستێت.

**١- گرێ[١]:**

گرێ ئەو یەکەی سینتاکسییە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە پێکهێنێک یان چەند پێکهێنێک پێکدێت، کە بە پێی سیستەمێکی سینتاکسی پێکهێنەکانی لە گرێیەکەدا ڕیز دەکرێن و دەخرێنە تەکیەک، هەروەها لە پێناو بەشداری کردن لە دروستکردنی پێکهاتەیەکی گەورەتر لەخۆی، بە هۆی پەیوەندی سینتاکسییەوە ڕستەیەک پێکدێنن، گرێ لە لاڕستە و ڕستە بچووکترە.

٤. دانیار گ.ن

٥. دانیار برای زانا (دانیار برایێ زانایی). گ. ن

٦. لە تەنیشتم/ لە قەدم (ب ڕەخ منڤە). گ. پش

٧. هات. گ. ک

**٢- لاڕستە:**

((ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە بەلای کەمەوە لە بکەرو کارێک پێکدێت بە مەرجێک بکەرو کارەکە لەژمارەدا ڕێک دەکەون(فتاح، م. م. ٢٠١٠: ٢٢٢). لاڕستە لە ڕووی هەبوونەوە دابەشی دوو جۆر دەبێت، یەکەم لاڕستەی سیستەمی و دووەم لاڕستەی ناسیستەمی(عەبوزید، س.ج. ٢٠٢١: ١٦٤)..

**یەکەم: لاڕستەی سیستەمی:**

ئەو جۆرە لاڕستەیەیە کە بە شێوەیەکی سیستەمی بەشداری لە ڕۆنانی ڕستە دا دەکات، بە واتایەکی تر لە یاسای سینتاکسی زمانی کوردی لانادات، لاڕستەی سیستەمیش لە زمانی کوردیدا دەبێت (سەربەخۆ، بەند)(عەبوزید، س.ج. ٢٠٢١: ١٦٤).

٨. ئێمە هاتمان و ئێوە چیتان. (ئەم هاتین و هوین چوون).

لا. سەربەخۆ      لا. سەربەخۆ

٩. ئەیە ساڵێکە دەخوێنم، لەبەرئەیە دیار نیم. (ئەڤە سالەکە دخوینم، ژبەرهەندێک دیارنینم).

لا. سەربەخۆ      لا. بەند

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتانە سەیری، بەشی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوەکە بکە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**دووەم: لاڕستەی نا سیستەمی:**

ئەو جۆرە لاڕستەیە کە بەپێی یاسای سینتاکسی زمانی کوردی بەشداری لە پێکهاتەی ڕستەدا دەکات، ناتەواوی لە پێکهاتەکەیدا هەیە. ئەم جۆرە لاڕستەیە بە شێوەی (فۆنیم، مۆرفیم، وشە، گرێ، لاڕستە)

خۆیان دەنوێنن(عەبوزەید، س. ج. ٢٠٢١: ١٦٧)، بە واتایەکی تر لە ڕووی یاسای سینتاکسییەوە نارێزمانییە بەڵام لە ڕووی واتایەوە گونجاوە ، هەروەها ئەم جۆرە لاڕستە نا سیستەمییە دەتوانێت وەکو لاڕستەیەکی ناسیستەمی سادە بێت و دەتوانێت لەگەڵ لاڕستەیەکی سادەی سیستەمی، ڕستەیەکی لێکدراو یان ڕستەیەکی ئاڵۆز دروست بکات.

١٠. ا- ئازاد هات؟ (لا. سیستەمی)

١١. ب- ئم. (لا. نا سیستەمی)

١٢. ا- ئازاد چوی؟ (لا. سیستەمی)

١٣. ب- ناوەلا (لا. نا سیستەمی)

١٤. ا- چایەیەک ناخۆی؟ (لا، سیستەمی)

١٥. ب- زۆر سوپاس. (لا. نا سیستەمی)

**٣- ڕستە:**

ڕستە لە لاڕستەیەک یان چەند لاڕستەیەک پێکدێت، بەم شێوەیە ڕستە پێکهاتەیەکی بەناویەکداچووە، بە لادانی یەکە سەرەکییەکانی، ڕستەیەکی نارێزمانی بەرهەمدێت چونکە خودی پێکهاتەی سینتاکس دیاریکردنی پێڕەوی یاسا و پێکهێنەکانی ڕستەیە، لەگەڵ دۆزینەوەی پەیوەندیی پەیوەستبوونی پێکهێنەکانی (مۆرفیم، وشەو گرێ...).

بۆ نموونە ئەگەر لەم ڕستەیە بڕوانین:

١٦. ئێمە ئاشمان خواردگە. (مە شیڤ خوارییە).

١٧. خواردگم. (من خوارییە).

لە ڕستەی (١٦)دا هەموو پێکهاتەکانی وەکو، گرێ، لاڕستە دەرکەوتووە، بەڵام هەندێکجار پرۆسەی تێکچڕژان و چوونەناویەک ڕوودەدات، کە پێی دەوترێت مۆرفۆسینتاکس، ئەم تێکچڕژانەی پێکهێنەکانی ڕستە بە جۆرێکە، ناتوانرێت بە سادەیی سنووری پێکهێنەکانی لێکجیابکرێتەوە یان لابدرێت، وەکو لە ڕستەی (١٧)دا دەبینرێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣.١.١. پەیوەندی سینتاکس بە ئاستەکانی تری زمانەوە:

زمان جێی بایەخ و تێڕامان و لێ وردبوونەوەی کۆمەڵناسان و مێژوونووسان و فەیلەسوفان و دەروونزانەکان بە گشتی و زمانەوانەکان بەتایبەتی بووە، چونکە زمان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ لێکتێگەیشتن و لێکنێزیکبوونەوە و پەیوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتردا، هەروەها هەر لە سەردەمی (پانینی)یەوە هەتا ئێستا زمانەوانەکان بایەخیان بە زمان داوە، بەردەوام لێکۆڵینەوە لە نهێنییەکانی زمان کراوە(حەمید،هـ. ک. ٢٠٢١: ١٨)، (زمانەوانەکان ناچاربوون بۆ ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەکانیان زمان دابەشی چەند ئاستێکی جیاوازی وەکو دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ...هتد بکەن) (شوانی، ر. م. ٢٠١١: ١٣)، (هەر چەندە زمانەوانە نوێیەکان لەسەر دیاریکردنی ژمارەی ئاستەکانی زمان ڕێکنەکەوتوون) (برزۆ، ئـ. ب. ٢٠١٠: ١٥)، بەڵام هەر وەکو ئاماژەمان پێکرد، بە شێوەیەکی گشتی ئەوە باوترین سێ ئاستبوون، کە دیارمانکرد کە هەر یەک لەم ئاستانە بە ڕادەیەک تێکچڕژاون و تێکەڵی یەکتربوونە، وەکو زنجیرەکی بەستراون بەیەکترەوە ، بۆیە دەستنیشانکردنی سنووری نێوان ئاستەکان کارێکی ئاڵۆزە، زمانەوان بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئاستەکانی زمان ڕای جیاوازیان هەیە، هەر یەکە لە ڕوانگەی قوتابخانەکەی خۆیەوە دابەشیکردووە، بە شێوەیەک هەندێک لە زمانەوان ئاستەکانی زمانیان بۆ ئاستی سەرەکی و لاوەکی دابەشکردووە، (ئاستەکانی فۆنۆلۆجی، وشەسازی و سینتاکس) بە ئاستی سەرەکی دادەنێن و ئاستەکانی (فۆنەتیک و واتاسازی) بە لاوەکی دادەنێن (برزۆ، ئـ. ب. ٢٠١٠: ١٧) بەلام تیۆرەکەی چومسکی ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕێزمان لە سێ ئاست پێکهاتووە، ئەویش ئاستی فۆنۆلۆجی، سینتاکسی و سیمانتیکییە(حسەین، ش.ع. ٢٠١١: ١٠).

دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان بە یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی بواری زمانەوانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت، جیاکردنەوەی ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان لە پێناو ئاسانکردنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانە و ئاشنابوونە بە وردەکارییەکانی زمان، هەروەها زمانەوان لەسەر ئەوەش ڕێکنەکەوتوون کە لە بچووکترین ئاست(دەنگسازی) بۆ گەورەترین ئاست(سینتاکس) دەستپێ بکەن، یان لە گەورەترین ئاست(سینتاکس) بۆ بچوکترین ئاست(دەنگسازی) لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجامبدەن (ئەمین، و. ع. ٢٠١١: ١١).

قوتابخانەی بۆنیادگەری لە بچوکترین ئاستەوە بۆ گەورەترین ئاست لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدەدا (حەمید،هـ. ک. ٢٠٢١: ١٩). بەڵام قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە کە چومسکی ڕابەرایەتی دەکرد، ئاستەکانی زمان لە گەورەترین ئاست بۆ بچوکترین ئاست لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدەدا.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ٢.١. بەندی دووەم: شێوەزاری کەلەکچی و مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی:

### ١.٢.١. زار:

هەر زمانێک لە کۆمەڵێک زار(دیالێکت) پێکدێت، ئەو زارەش بۆ کۆمەڵێک گۆڤەر دابەش دەبێت و گۆڤەریش بۆ کۆمەڵێک شێوەزار (شێوەزاری ناوچەیی/ دەڤۆک) دابەش دەبێت. ناتوانین زار لە قەبارەیەکی جوگرافی دیارکراودا سنووربەند بکەین، چونکە هەندێک زار لەوانەیە هەرێمێکی تەواو لە خۆ بگرێت، هەشیانە لە دێیەک یان چەند دێیەک لە سنوورێکی دیاریکراو و نێزیک لە یەک بن یان لەوانەیە مامناوەند بێت پێکدێت (محەمەد، ڕ. ع. ٢٠١٥: ١٠)، هەر زارێک خاوەن هەندێک تایبەتمەندی ڕێزمانی ورد و جیاوازە، کە لە زارەکانی دی جیای دەکاتەوە.

هۆکاری پەیدابوونی زار و شێوەزار و... بە تایبەت لە نێو نەتەوەی کورددا بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانەیە هۆکاری سروشتی بێت، وەک گۆڕینی کەش و هەوا، گۆڕینی وەرزەکان بەتایبەت لە سەردەمی کۆندا لە نێو نەتەوەی کوردا گرنگی زیاتر بە بەخێوکردنی ئاژەل دەدرا، ئەمەش هۆکارێک بوو کە بەردەوام بەدوای ئەو شوێنانە بگەڕێن کە بۆ ئاژەل و مەڕومالاتەکانیان گونجاوە، لەوانەشە هۆکاری گشتی بێت، وەکو شەڕ، ئینجا شەڕی ناوخۆیی بێت، یان لەگەڵ ولاتێکی تر بێت، هەروەها دەمارگیری نەتەوەیی، چونکە سروشتی جوگرافیای نەتەوەی کورد کەوتووەتە نێوان چوار نەتەوە کە لە ڕووی دەسەلاتەوە لە کورد بەهێزتربوون، ئەمەش وایکردبوو لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە بەردەوام بچەوسێنرێنەوە، ئارەزووی کۆچکردن لەلایەن پەیدا ببێت، هەندێکجاریش ناچارکراون کۆچ بکەن، لەوانەشە هۆکاری ئاینی بێت، بەتایبەت لەگەڵ نەتەوەی ئیران، چونکە کورد زۆرینەیان سوننە مەزهەب و ئیرانییەکان شیعە مەزهەب بوون، ئەمانە هەموو ئەگەر بوون کە نەتەوەی کورد بەردەوام کۆچ بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دورتر لە پێناو پاراستن و مانەوە و بەردەوامیدان بە ژیان.

### ٢.٢.١. زاری گۆران:

ئاشکرایە زمانی کوردی لە چەند زارێک و هەر زارێک بەسەر چەند شێوەزار و هەر شێوەزارێک بەسەر چەند شێوەزارێکی ناوچەییدا دابەش دەبێت. ڕەنگە لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردن و دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی کارێکی قورس بێت، چونکە سەدان لێکۆڵینەوە لەسەر زارەکانی زمانی کوردی کراون، بۆیە بیروڕای جیاواز لەسەر ژمارەی زارەکانی زمانی کوردی بەرچاودەکەوێت، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم دابەشکردنەی لێکۆلەر (خورشید، ف. ح. ٢٠٠٨: ٣٨-٣٩) لە هەموو

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دابەشکردنەکانی تر گونجاوترە، ((کە لەگەڵ هەموو ڕاستییەکی زمانەوانی دا ڕێک دەکەوێو، لە ڕووی هەلومەرجی جوگرافیاییشەوە تەواو گونجاوە:

١. دیالێکتی کرمانجی باکوڕ.

٢. دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست.

٣. دیالێکتی کرمانجی باشور.

٤. زاری گۆران)) (خورشید، ف. ح. ٢٠٠٨: ٣٨-٣٩).

زاری گۆران یەکێکە لە زارەکانی زمانی کوردی کە بەسەر جوگرافیای کوردستاندا پەرش و بلاو بۆتەوە و بەیەکەوە گرێ نەدراون، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە لەسەر سینتاکسی شێوەزاری کەلەکچییە، بەکورتی ئاماژە بە شێوەزارەکانی زاری گۆران دەکەین: زاری گۆرانیش وەکو زارەکانی تری زمانی کوردی ڕاو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەڵام لە نێو هەموویان ئەم دابەشکردنەی لێکۆلەر (عەبدولمەناف) کە دەربارەی شێوەزاری گۆرانە لە هەموو دابەشکردنەکانی تر و تا ڕادەیەک نوێترە کە ئاماژە بە (دەشتی ناوکوڕ) دەکا.

ئەو زاری گۆران بە (گروپی دیالێکتی کوردی باشور) ناودەبات، بەم شێوەیە دابەشی دەکات:

((- بەشە دیالێکتەکانی کوردی ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتی، بریتین: لە لوڕستانی بچوک، لوڕستانی گەورە، بەختیاری، لەکی، کۆلیای، کرمانشان و ئیلام.

- بەشی دیالێکتی کوردی باشوری ڕۆژئاوایی، بریتین لە: هەورامی، فەیلی، باجەلانی و شەبەک، زەنگەنە، شوانی کیشک و ناوکوڕی)) (ئەحمەد، ع. ڕ. ٢٠١١: ٧٧).

(ناوکوڕی) زاراوەیەکە لێکۆلەر (عەبدولمەناف) بۆ ئەو کوردانە بەکاری هێناوە، بە گشتی سەر بە پارێزگای دهۆکن، کە لە ڕووی کارگێرییەوە دەکەونە سنووری هەردووی قەزای ئاکرێ و شێخان و گۆرانەکان زۆرینەیان بە چڕی لە قەزای بەردەڕەش و لە ناحیەکانی دارەتوو، زێلکان و کەلەکچی نیشتەجێن.

### ٣.٢.١. شێوەزاری کەلەکچی:

ئەم شێوەزارە بەشێکە لە گۆرانەکانی (دەشتی ناوکوڕ) کە سەر بە زاری گۆرانە، مێژووی هاتنیان بۆ سەدان سال دەگەڕێتەوە، کە لە شوێنی ڕەسەنی خۆیانەوە کۆچیان کردووە و لە سنووری پارێزگای دهۆکدا نیشتەجێبوونە، دانیشتوانی ناحیەکە و دەوروبەری گۆرانن، خەلکی دەشتی ناوکوڕ بە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

خۆیان دەڵێن (ناوچەی گۆرانەتی)، لە ڕاستیدا زۆرینەی نیشتەجێی دەشتی ناوکوڕ خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نین، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار وەکو (ناسەقامگیری ناوچەکەیان، ڕوودانی شەڕ، مەزهەبگەری...هتد)، هەندێکیان لە خانەقین و کەلار و گەرمیان وەک (داودی، گێژ...) و هەندێکیشیان لە باکوری کوردستانەوە وەک (ئۆمەربل) هاتوون و ڕوویان لەم ناوچە ئارامە سوننەنشینە کردووە، چیرۆکی هاتنی گۆرانەکان بۆ ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی، کە لە پێشتردا یەزیدییەکان لە بناری مەقلویب و دەشتەکانی ناوکوڕ و باعەدر و ... دەسەلاتداربوونە، دوای ئەوەی ناکۆکی لە نێوان (میر عەلی مزیری) میری بادینان و (میر عەلی یەزیدی) ڕوودەدات، بە پلانێک (میر عەلی یەزیدی) (میر عەلی مزیری) و هاورێکانی دەکوژێت، لە کۆتاییدا (مەلا یەحیای بالەتەیی) هانا بۆ (میری سۆران) دەبات و ئەویش بەڵێن دەدات بە سوپایەکی بەهێزەوە بەرەو ناوچەکە بێت، لە ئەنجامدا شەڕێکی گەورە لە نێوان (میر عەلی یەزیدی) و (میر محەمەدی سۆران) ڕوودەدات و لە ئەنجامدا کۆتایی بە دەسەلاتی یەزیدییەکان دێنێت، ئەم ناوچانە چۆڵ دەبن، دواتر چ بە بانگەوازی (میر محەمەد) بێت یان بە ئارەزووی خۆیان بێت، گۆرانەکان ڕوویان لە بناری مەقلویب و دەشتی ناوکوڕ و بەردەڕەش و کەلەک و ئەم ناوچانە کردووە، بناری مەقلویب لە عەشیرەکانی (ئۆمەری، داودی، گێژ، ڕۆژبەیانی، خدری، موسەوی، دەربازی...) پێکهاتوون(محمود، ر. ٢٠٢٢: بێ. لا)، لە دوای (١٨٠٠ز) لە بناری چیای مەقلویب نیشتەجێبوونە، بێگومان لە یەک کاتدا نەهاتوون، پەیتا پەیتا ڕوویان لە بناری مەقلویب کردووە، ئەم ناوچەیە تا سالانی (١٩٧٠ز) ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە بینیوە، دواتر لە سەرەتای مانگی حەوتی (١٩٧٠ز) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە گوندەکانی بناری مەقلویب وەدەرنراون لە شوێنیان عەرەب نیشتەجێکران و لە کۆمەڵگایەکی زۆرەملێدا بەناوی (کەلەکچی) نیشتەجێکران.

کەلەکچی لە سەرەتادا دوو گوندبوون بە ناوی (کەلەکچی سەرەوە) و (کەلەکچیانی خوارێ) بەڵام دواتر کرا بە کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ، لە ئێستادا کەلەکچی لە کۆمەڵێک عەشیرەت پێکدێت، ئەوانیش ئۆمەری کە لە گوندەکانی (مویسەکان، بەرازی گەورە، بەرازی بویچکە، باباو، نێچەیی، گلەشین)ەوە گواستراونەتەوە، هەروەها داودییەکانیش لەم گوندانەوە (تاق، هنجیرۆک، گرفەقیر) ، ڕۆژبەیانییەکانیش لە گوندەکانی (خاتیناوا، چەمەڕەش، زیلکان، کانی ساردک)، دەربازیش وەکو لقێک لە عەشیرەتی گێژ لە گوندی (مەحمەڕەشان)ن و هەندێکیشیان بەسەر (ئاڤدەلی، قایماوە، گلەشین) دابەشبوونە، عەشیرەتی گێژیش بە گشتی بەسەر گوندەکانی (قایماوە، گەرمک)، هەروەها سەبارەت بە (کەلەکچیانی خوارێ)ش (بەبەن) واتا(بابانییەکان)ن، (کەلەچیانی سەرەوە)ش تێکەلە لە عەشیرەتی (گێژ و باجەلانی)، هەروەها کەمینەی تریش وەکو (خدری) کە ئەسلیان (هەرکی)ن و و هەروەها (مزیری) و (زێباری) و

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(سورچی)یش لە کەلەکچی نیشتەجێن، بەڵام شێوازی ئاخاوتنیان گۆڕاوە و بە شێوەزاری کەلەکچی قسەدەکەن. (محمود، ر. ٢٠٢٢: بێ. لا).

کەواتە دوای سالی (١٩٧٠ز) پەیوەندییەکان چڕتر و بەردەوامترن، ئەمەش وایکردووە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیان زیاتر لە یەکتر نێزیک ببێتەوە و یەکگرتووتر بێت، ڕەنگە بتوانرێت بوترێت ئەم شێوەزارە تێکەڵەیەکە لە شێوە ئاخاوتنی عەشیرەتەکانی (ئۆمەری و داودی، گێژ، ڕۆژبەیانی، دەربازی..هتد) بە پێی تێپەڕبوونی کات، شێوەزاری ئاخاوتنی کەلەکچی وەکو شێوەزارێکی یەکگرتووی ناوچەکە بەرهەمهاتووە، کە ئێستا زۆربەی خەڵکی ناوچەکە قسەی پێی دەکەن .

سەبارەت بە ناوی کەلەکچی لەسەرەتادا گوندێک وتراوە کە لە (کەلەک)ەوە هاتووە بە واتای (بەلەم) و (چی) کە وەکو پاشگرێکە بۆ ئەو کەسەی ئەم ئیشە دەکات. واتە ئەو کەسەی ئیشی بەلەم دەکات بۆیە شوێنەکە بە (کەلەکچی) ناسراوە(محمود، ر. ٢٠٢٢. بێ. ل).

## ١.٢.٤. شوێنی جوگرافیای ناحیەی کەلەکچی:

لە ڕووی جوگرافیاوە شوێنێکی ستراتیژییە، دەکەوێتە نێوان سێ پارێزگا ئەویش(دهۆک، موسل، هەولێر)، لە لای باشور و باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای موسل، لە لای باکوری ڕۆژئاوایەوە پارێزگای دهۆکە، هەروەها هەولێر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کەلەکچی. قەزای بەردەرەش دەکەوێتە ڕۆژهەلات و باشوری ڕۆژهەلاتییەوە، هەروەها چیای مەقلویب لەلای باشوریەوەیە، لە باکوریەوەش کۆمەڵگای چرەیە و لەلای باشوری ڕۆژئاوایەوە ناحیەی زیلکانە، قەزای شێخانیش دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای. هەروەها ڕووباری گۆمر دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناحیەکە و ڕووباری خازر دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی. هەروەها لە ڕووی کارگێرییەوە سەر بە قەزای شێخانە، هەروەها ناحیەی کەلەکچی (٢١کم) لە قەزای شێخانەوە دوورە، (٧٠کم) لە باژێری موسل دوورە، (٦٠کم) لە باژێری دهۆک دوورە. (صلاح الدين، خ. ی. ٢٠٢٣، بێ.ل).

## ١.٢.٥. مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

کاتێک باس لە سینتاکس و پێکهێنەکانی دەکەین، زۆر جار دەبێت باس لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی بکرێت، چونکە ئەم مۆرفیمانە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی گرێ و لاڕستە و ڕستەدا دەبینن، سینتاکسی شێوەزاری کەلەکچیش لەم تایبەتمەندییە بەدەر نییە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

مۆرفیمی ڕێزمانی ئەو مۆرفیمە بەندەیە، کە ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێت، کەواتە ئەم مۆرفیمە کاتێک لەگەڵ وشەیەک دێت، شێوەکەی دەگۆڕێت، بەڵام نابێتە ئەگەری گۆڕینی واتاکەی، بەڵکو تەنها ئەرکی ڕێزمانی لەسەر زیاد دەکات، بۆیە بە مۆرفیمی بەندی ئەرکیش ناودەبرێت. ئەم شێوەزارە تایبەتمەندی ڕێزمانی بە خۆی هەیە، کە لە شێوەزارەکانی تری جیادەکاتەوە، لەم بەندەدا ئەماژە بە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی بەشەکانی ئاخاوتن لەم شێوەزارەدا دەکەین:

**١.٢.٥.١. ناو:**

ناو ئەو کەتیگۆریی فەرهەنگییە، کە مەودایەکی بەرفراوانی لە فەرهەنگی زماندا بەخۆیەوە دەگرێت، هەروەها چەندین مۆرفیمی ڕێزمانی هەن، کە لەگەڵ ناو دێن و هەر یەکیان ئاماژە بە بارێکی ڕێزمانی ناو دەکەن:

**١- مۆرفیمی ناسراوی:**

ناسراوی دیارکردنی ناوێکی گشتییە، کە پێشتر قسەکەر و گوێگر دەزانن، (قادر، ا . ع. ٢٠٠٣: ٢٨)، بە شێوەیەکی گشتی لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی(ەکە) کە دەکەوێتە دوای ناوەکە، ئەو ناوە دەخاتە باری ناسراوی:

١٨. بەچکەکە (ئەو زارۆک)

١٩. هوڕەبایەکە (ئەو هوڕەبا)

٢٠. بەچکەکان (ئەوان زاڕۆکان)

٢١. کوڕەکان (ئەوان کوڕان)

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت مۆرفەکانی مۆرفیمی ناسراوی بەشێوەی جیاجیا دەردەکەون و بە پێی فۆنیمی کۆتایی وشەکان گۆڕینیانبەسەردا دێت(ەکە، یەکە، کە، ەک).

**٢- مۆرفیمی نەناسراوی:**

چەمکی نەناسراوی لە زماندا ئاماژە بەوە دەکات، کە ناوێک یان شتێک توانایی ناسراویان تێدا نییە، مۆرفیمی نەناسراوی بە شێوەیەکی گشتی لەم شێوەزارەدا (ێک/ ێ)ە، بەڵام بۆ ئاسانی دەربڕین هەندێکجار (ێ) وەکو مۆرفیمی نەناسراوی بەکاردێت:

٢٢. ژنێ/ ژنێک (ژنەک)

٢٣. کچێ/ کچێک (کچەک)

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەگەر کوتای ئەو ناوەی مۆرفیمەکە وەردگرێت، کۆنسنانت (نەبزوێن) بوو، مۆرفی (ێک) وەردەگرێت، وەکو نموونەکانی(٢٢، ٢٣)، بەڵام ئەگەر بە ڤاوڵ(بزوێن) کوتایی بێت، مۆرفی (یێک/یێ)وەردەگرێت:

٢٤. برایێک (برایەک)

٢٥. ماسییێ (ماسییەک)

٢٦. بایێک (بایەک)

کەواتە مۆرفەکانی مۆرفیمی نەناسراوی لەم شێوەزارەدا ئەمانەن (ێک، ێ، یێک، یێ).

**٣- مۆڕفیمی کۆ:**

یەکێک لە بارە ڕێزمانییەکانی ناو کۆکردنە، ئەم بارە ڕێزمانییە لە زمانی کوردیدا بە چەندین **ڕێگا** بەرهەمدێت، لە شێوەزاری کەلەکچیدا بە دوو مۆرف ناوەکان کۆدەکرێن:

**ا- مۆڕفیمی(گەل):**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەلەکچی مۆڕفیمی (گەل) بۆ کۆکردنەوەی ناوەکان لە شێوەزاری کەلەکچیدا بەکاردێت، کە ئەم مۆرفیم دەچێتە دوای ناوەکان:

٢٧. خانووگەل (خانییان)

٢٨. قوتابیگەل (قوتابییان)

**ب- مۆڕفیمی (ان):**

مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی(ان) بۆ کۆکردنی ناوەکان بەکاردێت، بە هەمان شێوەیی (گەل) دەچێتە دوای ناوەکان:

٢٩. قەلەمەکان (ئەو قەلەم)

هەرچەندە بۆ کۆکردنەوە لەم شێوەزارەدا (گەل) زاڵتر و تایبەتترە ، بەڵام مۆڕفیمی کۆ(ان)ش وەکو زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی جێی خۆی کردۆتەوە.

کاتێک ناوێک کۆی ناسراو بێت، زۆرجار هەردوو مۆڕفیمی کۆ پێکەوە دێن وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

ناو+مۆڕفیمی کۆ(گەل)+ نیشانەی ناسراوی (ەک)+ مۆڕفیمی کۆ(ان)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٣٠. مندالگەلەکان (ئەو زارۆک)

٣١. کیژگەلەکان (ئەو کچ)

٣٢. زلامگەلەکان (ئەوان زارۆکان)

لە نموونەکانی (٣٠، ٣١، ٣٢) دەردەکەوێت، ئەگەر ناوێک بە مۆرفیمی (گەل) بکرێتە کۆ لە کاتی بە ناسراوکردنی (ەک) ناوەکە، دووبارە مۆرفیمی کۆ بە شێوەی (ان) وەردەگرێت.

**٤- مۆرفیمی جەختکردنەوە:**

لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی(یش) دەچێتە دوای ناوەکان، ئەرکی ئەم مۆرفیمە دیارکردنی باری ڕێزمانی ناوەکانە لە حالەتی جەختکردن بەدووبارەکردنەوەیان:

ئەم مۆرفیمە بە شێوەی فۆڕمی(یش) یش لەگەڵ ناوەکان دێت ئەگەر ناوەکە بە پیتی کۆنسنانت کۆتایی بێت:

٣٣. مندالیش (زارۆک ژی)

بەڵام ئەگەر ناوەکە بە فۆنیمی ڤاول کۆتایی بێت، مۆرفیمەکە بە شێوەی فۆڕمی(ش) دەردەکەوێت:

٣٤. لە قوتابخانەش. (ل قوتابخانە یێ ژی)

**٥- مۆرفیمی خستنەسەر:**

خستنەسەر یەکێکە لە بارەکانی ڕێزمانی، کاتێک ناوێک یان ئاوەڵناوێک وەکو دیارکەر دەچێتە سەر ناوێکی تر، ((لە زمانی کوردیدا ناو ناوە بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەک هاریکاری بکا، دیارخەر بەدوای دیارخراوێکدا دێ کە ناوبێ و حالەتی ئیزافە سازدەبێ))(حاجی مارف، ئـ. ٢٠١٤: ٢٤٩) ئەم پرۆسەی ڕێزمانییە لە شێوەزاری کەلەکچیدا بە یارمەتی مۆرفیمی(ی، ێ)[١] بەرهەمدێت:

٣٥. چیای کوردستان (چیایێ کوردستانێ)

٣٦. شیشەی جوان (شیشەیا جوان)

---

(١) مۆرفیمی خستنەسەر لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوک و شێوەزاری خانەقینیشدا دەبێتە سفر (ێ) ئەگەر ناوەکە بە فۆنیمی کۆنسنانت کۆتایی بێت، وەکو:

- غەزوور ئاسۆ پێرن. (خەزیرێ ئاسۆ پیرە).
- خوێشک باوەم مەزانێ نان بکێ. (خیشکا بابێ من نزانیت نانی پێژت) (عەزیز، س. ب. ٢٠١٧ :١٠٢).
- دالگ ئێمە خەفتییە (دەیکا مە نڤستییە) (برزۆ، ئـ. ب. ٢٠١٠: ٤٠).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٣٧. کوڕە باش (کوڕێ باش)

٣٨. باوکە من (بابێ من)

ئەگەر ناوەکە بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، مۆڕفیمی خستنەسەر (ی) وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ناوەکە بە کۆنسنانت کۆتایی هاتبێت، مۆڕفیمی خستنەسەر (ە) وەردەگرێت.

**٦- مۆڕفیمی بانگکردن:**

کاریگەری ڕەگەز(نێر، مێ) و ژمارە(تاک، کۆ) لە دۆخی بانگکردندا لەسەر کەتیگۆری ناو هەیە، بۆیە هەر کاتێک ناوی کەسێک بانگبکرێت، بە ڕێگای ئەم مۆڕفیمانە دەردەبڕدرێن:

٣٩. کچێ وەرە. (کچێ وەرە). تاکی مێ

٤٠. کوڕە وەرە. (کوڕۆ وەرە). تاکی نێر

٤١. کوڕگەل/ کچگەل وەرن (کورینۆ/ کچکینۆ)

مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی دۆخی بانگکردن بۆ تاکی مێ (ێ) و بۆ تاکی نێر (ە)یە، هەروەها بۆ کۆی نێر و مێ (گەل)ە.

**١.٢.٥.٢. ئاوەڵناو:**

کەتیگۆری ئاوەڵناو بە شێوەیەکی گشتی مۆڕفیمە ڕێزمانییەکانی پلەی بەراورد(تر) و بالا(ترین) وەردەگرێت:

**١- مۆڕفیمی پلەی بەراورد:**

مۆڕفیمی(تر) لە زمانی کوردیدا دەچێتە دوایی ئەو ئاوەڵناوانەی کە لە کاتی بەراورددا پلەی بەرزتر بەدەستدەهێنن (ئیبو،ڤ. ئـ. ع. ٢٠٠٨: ٩٨) باری ڕێزمانییان لە پلەی چەسپاو بۆ بەراورد دەگۆڕێت :

٤٢. ڕێگەیێک باشیان هەلبژاردگە. (ئەوان ڕێکەکا باش هەلبژارتییە).

٤٣. ڕێگاییێک باشتریان هەلبژاردگە. (ئەوان ڕێکەکا باشتر هەلبژارتییە).

لە هەندێک حالەتدا مۆڕفیمی پلەی بەراورد بۆ تەواوکردنی واتاکەی پێویستی بە پێشناوێک دەبێت، وەکو نموونەی(٤٤):

٤٤. ئەی قوتابییە لە هەندێکتر تێگەشتگترە. (ئەڤ قوتابییە ژ هندەکادیتر تێگەهشتیترە).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٢- مۆرفیمی پلەی باڵا:**

ئەرکی مۆرفیمی (ترین) لەگەڵ ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو ئەوەیە، کە باری ڕێزمانییان بۆ پلەی بالا دەگۆڕێت و دەچێتە دوایی ئاوەڵناو، کاتێک کەسێک یان شتێک لەگەڵ چەند کەسێک یان شتێک بەراورد بکرێت، ئەوەی لە هەموویان پلەی بەرزتر بەدەستدەهێنێت، ئەم مۆرفیمە وەردەگرێت:

٤٥. جوانترین گوڵ

**١.٢.٥.٣. کار:**

کار ئەو کەتیگۆری فەرهەنگییە، کە لە زمانی کوردیدا بێجگە لە مۆرفیمێکی تەوەری(ڕەگی کار) لە چەندین مۆرفیمی ڕێزمانی پێکدێت:

**١.٢.٥.٣.١. مۆرفیمی تاف:**

مۆرفیمی تاف لە زماندا دەربڕین لە کاتی ڕوودان یان ڕوونەدانی کار دەکات، لەم شێوەزارەدا دوو تاف(ڕابردوو، ڕانەبردوو) هەیە و شوێنی هاتنی ئەم مۆرفیمە بەپێی جۆری تافەکە دەگۆڕێت ، کەواتە ئەگەر تاف ڕابردوو بێت، لە دوای ڕەگی کار دێت، ئەگەر ڕانەبردوو بێت، لە پێش ڕەگی کار دێت:

**١- تافی ڕابردوو:**

ا- تافی ڕابردوو لەم شێوەزارەدا بە شێوەی مۆرفیمی(ا، ت، د، وی) لە ڕستەکانی بکەردیاردا دەردەکەوێت:

٤٦. سوزیا (سۆت)

٤٧. دڕیا (قەتا)

٤٨. هات.

٤٩. کوشت.

٥٠. گرت.

٥١. قڕپاند.

٥٢. چاند.

٥٣. سەند.(کڕی)

٥٤. فڕی، کڕی، بڕی،...

ب- مۆرفیمی تافی ڕابردوو لە ڕستەکانی بکەر نادیاردا(یا) یە، بۆیە بە مۆرفیمی تافی ڕابردووی نەدیاری دەناسرێت :

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٥٥. نووسریا[١] (هاتە نڤیسین)

٥٦. کوشتریا (هاتە کوشتن)

٥٧. برژاندریا (هاتە برژاندن)

**٢- تافی ڕانەبردوو:**

١- مۆڕفیمی ڕێزمانی(دە) وەکو بەشێک لە پێکهێنی تافی ڕانەبردوو لە ڕستەکانی بکەر دیار/ نادیاردا دەردەکەوێت:

٥٨. دەشۆم (دشۆم)

٥٩. دەچێنم (دچینم)

٦٠. دەخوێنم (دخوینم)

٢- لە ڕستەکانی بکەرنادیاردا دوو مۆڕفیمی تافی ڕانەبردوو( دە، دێ) لەم شێوەزارەدا پێکەوە دێن، کەواتە جگە لە مۆڕفیمی(دە) مۆڕفیمی(دێ)یش دێت، کە تایبەتە بە تافی ڕانەبردووی نادیارییەوە، کەواتە مۆڕفیمی تافی ڕانەبردووی نادیاری (دێ) لە ڕستەکانی بکەردیاردا دەرناکەوێت:

٦١. دەکوژرێت (دهێتە کوشتن/ دێ هێتە کوشتن)

٦٢. دەنوسرێن (دهێنە نڤیسین/ دێ هێنە مڤیسین)

٦٣. دەبردرێت (دهێتە برن/ دێ هێتە برن)

**١.٢.٥.٣.٢. ڕێژە:**

ڕێژە هەر وەکو تاف و ڕووکار بەشداری لە پێکهاتەی کاردا دەکات، هەڵویستی قسەکەر بە شێوەی ڕاستەقینە یان دوودلی یان فەرمانی و داخوازی لە ڕووی ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کار دیاردەکات(عەبوزەید،٢٠١٢: ٢٩)، ئەم ڕێژانە مۆڕفیمی ڕێزمانیان هەیە.

**١.٢.٥.٣.٢.١. ڕێژەی دانانی:**

مۆڕفیمی ڕێژەی دانانی بەپێی جۆری تاف دەگۆڕێت :

**١- تافی ڕابردوو:**

مۆڕفیمی ڕێژەی دانانی (ب...ایە، بێت، بی...ایە):

---

[١] پێکهاتەی بکەرنادیار بەم شێوەیەش لە شێوەزای کەلەکچی بەکاردەهێنرێت (هاتە کوشتن) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوەکانی پێکهاتەی بکەرنادیار بگەڕێرەوە بۆ بەشی چوارەم.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١- نێزیک:  ب...ایە:

٦٤. بهاتمایە (هاتبام)

٦٥. بهاتمانایە

٦٦. بهاتتایە

٦٧. بهاتتانایە

٦٨. بهاتایە

٦٩. بهاتنایە

٢-تەواو: ب:

٧٠. هاتبێتم (هاتبم)

٧١. هاتبێتمان

٧٢. هاتبێتت

٧٣. هاتبێتتان

٧٤. هاتبێت

٧٥. هاتبێتن

٣- دوور:  بیایە:

٧٦. هاتبیمایە

٧٧. هاتبیمانایە

٧٨. هاتبیتایە

٧٩. هاتبیتانایە

٨٠. هاتبیایە

٨١. هاتبینایە

**٢- تافی ڕانەبردوو:**

لەم تافەدا مۆرفیمی ڕێژەی دانانی(ب) لە پێش ڕەگی کار دێت:

٨٢. بخوێنم (بخوینم)

٨٣. بگوشم (بگڤێشم)

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ١.٢.٥.٣.٢.٢. ڕێژەی فەرمانی:

ڕێژەی فەرمانی وەکو دانانی نییە، کە لە دوو تافدا دەربکەوێت، بەڵکو تایبەتە بە تافی ڕانەبردوو، هەروەها مۆرفیمی ڕێژەی فەرمانی(ب) لە پێش ڕەگی کار دێت:

٨٤. بخوێنە.

٨٥. بهێڵن.

### ١.٢.٥.٣.٣. ڕووکار:

ڕووکار یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کارە، کە (( دشیان دایە بهێتە پیڤان و ژلایێ دەمیڤە بهێتە سالوخدان کا دۆمدارە یان نەدۆمدارە)) (عەبوزەید، س. ج. ٢٠١٢:٢٨)، لەسەر سێ جۆر دابەش دەبێت:

**١- ڕووکاری بەردەوامی لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا:**

ڕووکاری بەردەوامی تایبەتە بە تافی ڕابردووی ڕێژەی ڕاگەیاندن و مۆرفیمی ئەم ڕووکارە(دە) یە، کە لە پێشەوەی ڕەگی کار و مۆرفیمی تافی ڕابردووی ڕاگەیاندن دادەنرێت، وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونتر دەبێتەوە:

٨٦. دەهات. (دهات)

٨٧. دەچوی. (دچوو).

٨٨. دەنۆست. (دنڤت).

**٢- ڕووکاری تەواوی**:

ڕووکاری تەواوی لەم شێوەزارەدا بە پێی ڕێژەکانی کار (ڕاگەیاندن، دانانی) دەگۆڕێت :

**آ- لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا:**

لەم ڕێژەیەدا بۆ تافی ڕابردوو مۆرفیمی ڕووکاری تەواوی بە دوو شێوە (گ/ی) دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی گشتی ڕووکاری تەواوی (گ) زاڵترە بەسەر جوگرافیای شێوەزارەکەدا و مۆرکی ڕێزمانی ئەم شێوەزارەی زیاتر پێوە دیارە. ڕووکاری تەواوی لە تافی ڕابردوودا لەدوای ڕەگی کار و مۆرفیمی تافی ڕابردوو دێت ، بۆ نموونە:

٨٩. هاتگە/هاتییە.(هاتییە).

---

(١) لەبەرئەوەی لە کرمانجی سەروودا ڕابردووی دووری دانانی نییە، بە پێویست زانرا لە بەرانبەری ڕابردووی نێزیکی دانانی دابنرێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٩٠. مردگە/ مردییە.(مرييە).

**ب - لە ڕێژەی دانانیدا:**

لە ڕێژەی دانانیدا مۆرفیمی ڕووکاری تەواوی تەنیا بە شێوە ( بێت) دیار دەبێت، لە تافی ڕابردوودا هەیە، کە بەتواوەیی لە ناو مۆرفیمی ڕێژەی دانانیدا هەردووکیان (مۆرفیمی دانانی و تەواوی) بە شێوەی (بێت) لە دوای قەدی کار دەردەکەون:

٩١. هاتبێت (هاتبيت)

٩٢. نۆستبێت (نڤستيبيت)

**٣- ڕووکاری دووری:**

مۆرفیمی ڕووکاری دووری هەر وەکو تەواوی بەپێی ڕێژەکانی کار (ڕاگەیاندن، دانانی) شێوە و شوێنی دەرکەوتنی جیاوازە:

١- لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا ڕووکاری دووری بە شێوەی(بی)یە، ئەم ڕووکارە لە دوای قەدی کار دەردەکەوێت:

١٢٩. هاتبی (هاتبوو)

١٣٠. مردبی (مربوو)

١٣١. سوزیابی (سووتبوو)

٢- لە ڕێژەی دانانیدا شێوەی دەرکەوتنی ڕووکاری دووری لە ڕاگەیاندن ئاڵۆزترە، چونکە لە لێکدانی مۆرفیمی ڕێژەی دانانی ڕابردووی نێزیک (ب...ایە) و مۆرفیمی ڕووکاری دووری(بی) پێکدێت:

١٣٢. بهاتبیایە (هاتبا)[١]

١٣٣. بخواردبیایە (خواردبا)

**٤.٣.٥.٢.١. نەرێ:**

نەرێ بارێکی تری ڕێزمانی کارە، چەمکی نەرێکردنی کار لە ئەنجامنەدان و ڕوونەدانی کار دەگەیێنێت، هەموو جار لە پێشەوەی ڕەگی کار دێت:

١- بۆ نەرێکردنی تافی ڕابردوو ی ڕێژەی ڕاگەیاندن و دانانی مۆرفیمی(نە) دێت :

١٣٤. نەهات، نەدەهات، نەهاتگە، نەهاتبی.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٣٥. نەهاتایە. نەهاتبێتم

٢- لە تافی ڕانەبردوودا مۆرفیمی نەرێ بەپێی ڕێژە دەگۆڕێت :

آ- ڕێژەی ڕاگەیاندن:

١٣٦. ناهێم، ناگرێت،...

ب- ڕێژەی دانانی:

١٣٧. نەهێم، نەگرێت، نەبڕێت...

ج- ڕێژەی فەرمانی:

١٣٨. نەگرە، نەچۆ، نەخۆ، ...

**١.٢.٥.٣.٥. مۆرفیمی نادیاری:**

تەکنیکی ڕستەیە، کە بۆ دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار، بکەری ڕستە لادەدرێت و کاری ڕستەکە مۆرفیمی نادیاری(ر) وەردەگرێت (خۆشناو، ش. ح. ٢٠١٦: ٢٨٤) :

١٣٩. پارەکان دزیریان.

١٤٠. گولەکە چاندریا.

**١.٢.٥.٣.٦. مۆرفیمی تێپەڕاندن:**

هەندێک کاری تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا هەیە، کە بە ڕێگای زیادکردنی مۆرفیمی تێپەڕاندن(اند) لەسەر کۆتای ڕەگی ئەم کارانە هێزەکەی لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ دەگۆڕێت و پەیوەندییەکی ڕێزمانی بەهێز بە کارەوە هەیە، چونکە جگە لە بکەر پێکهێنێکی تر (بەرکار) بەم کارانە دەبەخشێت (فەتاح، م. م. ٢٠١٠: ٢٤٠) .

١٤١. دڕاند

١٤٢. برژاند

**١.٢.٥.٣.٧. مۆرفیمی دووبارەکردن:**

مۆرفیمی(ەوە....) بۆ دیارکردنی دووبارە ئەنجامدان یان ڕوودانی کار دێت و دەچێتە کۆتایی کار:

١٤٣. خواردبوویەوە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٤٤. هاتەوە (هاتەڤە)

**٨.٣.٥.٢.١. مۆرفیمی ڕێککەوتن:**

مۆرفیمی ڕێککەوتن بەم شێوەیەی خوارەوە لەم شێوەزارەدا ڕۆڵی خۆی هەیە. لە ڕابردووی تێنەپەڕدا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا هەیە (م، مان، ی/ ت، تان، ø، ن):

١٤٥. من هاتم.

١٤٦. ئێمە هاتمان.

١٤٧. تو هاتی/ هاتت.

١٤٨. ئێوە هاتتان.

١٤٩. ئەو هاتø.

١٥٠. ئەوان هاتن.

لە ڕابردووی تێپەڕدا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا هەیە (م، مان، ت، تان، ی، یان)

١٥١. من ئەوم گێژکرد. (من ئەو گێژکر).

١٥٢. ئێمە ئەومان گێژکرد.

١٥٣. ئەتو/ تو ئەوت گێژکرد.

١٥٤. ئێوە ئەوتان گێژکرد.

١٥٥. ئەو منی گێژکرد.

١٥٦. ئەوان منیان گێژکرد.

لە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا هەیە (م، ین، ی ، ن، ە/ ێت/ ات، ن)

١٥٧. من خێر دەکەم. (ئەز خێرێ دکەم).

١٥٨. ئێمە خێر دەکەین. (ئەم خێرێ دکەین).

١٥٩. تو خێر دەکەی. (تو خێرێ دکەی).

١٦٠. ئێوە خێر دەکەن. (هوین خێرێ دکەن).

١٦١. ئەو خێر دەکات. (ئەو خێرێ دکەت).

١٦٢. ئەوان خێر دەکەن. (ئەو خێرێ دکەن).

مۆرفیمی ڕێککەوتن لەگەڵ کاری داخوازیش دەردەکەوێت، بۆ تاک(ە) بۆ کۆ (ن).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٦٣. تو دار نەچێنە. (تو دارێ نەچینە).

١٦٤. ئێوە دار بچێنن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ٢. بەشی دووەم: پێکهاتە و پێکهێنەکانی گرێ لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

### ١.٢.بەندی یەکەم: تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنەکانی گرێ لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

### ١.١.٢. گرێ لە ڕووی زاراوە و پێناسە و چەمک و تایبەتمەندییەکانییەوە:

گرێ وەکو هەر یەکەیەکی زمانی لە زمانی کوردیدا کومەڵە زاراوەیەک بەرامبەری بەکارهێنراون، وەکو زاراوەکانی : گرێ (ئەحمەد، ح. ڕ.٢٠١٠: ٨١)، فرێز(ئەمین، ش. ن. ٢٠١٠: ٥٣)، دەستەواژە (ئەمین، ن. ع. ٢٠١٣ :٤٠).

**١. گرێ لە ڕێزمانی کۆندا:**

زۆر پێناسە بۆ گرێ کراوە، ئاماژە بە چەند پێناسەیەک دەکەین:

١-(برێتییە لە کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەندیدار، کاری تێدا نییە، هەر کۆمەڵە وشەیەک کاری تێدابوو ڕستەیە)(وەهبی، ت. ١٩٢٠ :٢٨).

٢- ((بریتییە لە کۆمەڵە واژەیەکی لە یەکتر دانەبڕاو، کە نەمەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، وە نەفرمانێکیان لەتەکدا ئەبێ، وە پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەک لە پارچەکانی ئاخاوتن دەبینێ))(ئەمین، ن، ع. ٢٠١٣ :٤٠).

ئەم چەند پێناسەیە لە چەند ڕوویەکەوە کەم و کوڕتی تێدایە:

١-گرێ لە کۆمەڵە وشەیەکی لە یەکتر دانەبڕاو پێکهاتووە.

بەڵام لە زمانی کوردیدا هەندێکجار گرێ تەنها لە یەک وشە پێکدێت:

ئارام، نەسرین، نەشمین،...

هەندێکجار گرێ لە ناوێک( کوڕ) و مۆرفیمێکی ناسراوی(ەکە)پێکدێت، وەکو:

کوڕەکە

٢-گرێ نابێ کاری تێدابێت، ئەمەش دەتوانرێ هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە گرێ دەبنە چەند جۆرێک و یەک لە جۆرەکانی گرێ؛ گرێی کارییە. هەروەها گرێی کاری پێکهێنێکی بەخورتی ڕستەیە وەکو:

دەهات، خوارد، نوست، هتد

بۆیە ناکرێت بڵێین گرێ نابێت کاری تێدا بێت، چونکە گرێی کاری خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی گرێ.

**٢. گرێ لە ڕێزمانی نوێدا:**

لە وشە گەورەترە لە ڕستە بچووکترە، بەمەش دەکرێت بڵێین گرێ پێکهێنێکی ناوەندییە لە سنووری ڕستە دا (کریم، د. ع. ک. ٢٠٠٢: ٣٩).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١- گرێ پێکهاتووە لە ((وشەیەک یان زنجیرە وشەیەک، کە وەکو یەکەیەکی سینتاکسیی گۆکردنێکی سینتاکسی هەبێت و لە جێکەوتەی تری ڕستە دا وەکو ئەو یەکەیە بەکاربهێنرێتەوە))(مەعروف، ع. م. ٢٠١٠: ١٣).

٢- ((لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ یان زیاتر پێکدێت. بە مەرجەکێک پەیوەندییەکی سینتاکسی بەهێز لە نێوانیان هەبێت. وەکو پێکهێنەرێکی گەیەنەر دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستە، واتە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچووکترە و لە وشەش گەورەترە))(کەریم، ئـ. ع. ٢٠١٤: ٢٥).

هەروەها ناتوانرێت پێناسەیەکی تەواو و بێ کەم و کورتی بۆ گرێ بکرێت، چونکە هەر قوتابخانەیەکی زمانەوانی بە شێوەیەک لە گرێ دەڕوانێت و بە پێی تیۆری قوتابخانەکە پێناسەی دەکرێت. دەتوانین ئاماژە بە هەندێک تایبەتمەندی گرێ لە ڕێزمانی نوێدا بکەین، لەوانە:

٣- سەرە کرۆکی گرێیە، بۆیە سەرە جۆری گرێ دەستنیشان دەکات، ئەگەر سەرە ناو بوو؛ دەبێتە گرێیەکی ناوی، ئەگەر سەرە کاربوو؛ دەبێتە گرێیەکی کاری، ...

٤- (دەکرێ جگە لە سەرە، گرێ چەند کەرەستەیەکیتر وەربگرێت، کە دەبنە کەرەستەی لاوەکی گرێیەکە و پێی دەوترێ دیارکەر) (کەریم، ئـ. ع. ٢٠١٤: ٢٥).

٥- لە نێوان کەرەستەکانی گرێدا، مۆرفیمە سینتاکسییەکان پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کەرەستە سەرەکی و لاوەکییەکان دروست دەکەن.

٦- کەرەستەکان لە پێکهاتەی گرێیەکاندا بە پێی یاسا بنەڕەتییەکانی سینتاکسی زمانەکە ڕێکدەخرێن، بۆیە سینتاکسی هەر زمانێک لە ڕێزکردنی کەرەستە پێکهێنەکانی گرێدا تایبەتمەندی خۆی هەیە (ئەحمەد، ح. ڕ. ٢٠١٠: ٨٢).

٧- گرێ یەکەیەکی سەربەخۆیە لە سنووری ڕستە دا ، دەتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ پێشەوە یان دواوە، چونکە ناتوانرێت پێکهێنەکانی گرێ لێکجیابکرێنەوە، بە شێوەیەک پێکەوە دەجولێنەوە لە ڕستەدا و واتایان تێکناچێت(فەرهادی، س. ع. ٢٠١٣: ١١).

### ٢.١.٢. تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنەکانی گرێ:

بە شێوەیەکی گشتی ئەو پێکهێنانەی بەشداری لە پێکهاتەی گرێدا دەکەن، پەیوەندییەکی سینتاکسی لە نێوانیان پێکهاتەکانی گرێدا پەیدادەبێت، ئەم پەیوەندییە سینتاکسییە لە ئەنجامی ڕێزکردن و ڕێکخستنی جۆرەکانی پێکهێنەکان لە پێکهاتەی گرێدا پەیدادەبێت، بۆیە پێکهاتەی گرێ وەکو دانەیەکی یەکگرتوو دەمێنێتەوە.

پێکهێنەکانی گرێ بریتینە لە سەرە و دیارکەر و تەواوکەر. بەشداربوونی ئەم پێکهێنانە لە پێکهاتەی هەموو جۆرەکانی گرێدا وەکو یەک نییە، کەواتە پێکهاتەی جۆراجۆر لە ئەنجامی هاتنی پێکهێنە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

جیاوازەکان بەرهەمدێت، هەروەها نرخ و بەهای هەموو پێکهێنەکان لە یەکتر جیاوازە، هەندێک لەو پێکهێنانە سەرەکین وەکو سەرە و تەواوکەر، هەندێکیتریشیان ئارەزووینە وەکو دیارکەر (ئەمین، ش. ن ٢٠١٨: ٥٤).

پێکهێنەکانی گرێ بە گوێرەی پێداویستی جۆری گرێیەکە لە گەڵ یەکتر ڕێزدەکرێن، دەبێت ئەم ڕێزبوونە بە پێی ئەو یاسا سینتاکسییە ڕێپێدراوانەی زمانی کوردی بێت، تاکو پێکهاتەی گرێیەکی ڕێزمانی بەرهەمبێنن ، یانیش دەکرێت یەک پێکهێن بەشداری لە پێکهاتەی گرێدا بکات، بە شێوەیەکی گشتی پێکهێنەکانی گرێ بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- سەرە:**

سەرە پێکهێنێکی سەرەکی گرێیە، کە چەمکی گرێی لە تێدا پاراستووە، هەموو گرێیەکان لەسەر بنەمای سەرەکان بنیات دەنرێن، چونکە ئەو کەرەستانەی ئەرکی سەرە دەبینن، ڕۆڵی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی جۆری گرێدا دەگێڕن، کە سەر بە کەتیگۆری فەرهەنگی(ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کار)ن.

**٢- دیارکەر:**

دیارکەر پێکهێنی ناسەرەکی گرێیە، بەشداری لە پێکهاتەی هەموو گرێیەکاندا ناکات، هاتنی پێکهێنی دیارکەر تەنها بۆ دیارکردن و ڕوونکردنەوەی سەرەیە و وەکو سەرە ڕۆڵ لە دەستنیشانکردنی جۆری گرێدا نابینێت، (دیارکەر مەرج نییە هاوبەشیی ڕۆنانی هەموو گرێیەک بێت، بەڵکو بوونیان بە پێی جۆری گرێیەکە و تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دیاریکراوەوە بەندە) (حسەین، ئـ. ئـ. ٢٠٠٨: ٣٢).

**٣- تەواوکەر:**

تەواوکەر پێکهێنێکە، هەندێکجار کەرەستەیەکی بەخورتییە، بەشداری لە تەواوکردنی گرێدا دەکات(ئەمین، ش. ن. ٢٠١٥: ٣٢)، بەڵام بەشداری لە ڕۆنانی هەموو گرێیەکاندا ناکات، هەروەها وەکو سەرە بڕیار لەسەر جۆری گرێیەکاندا نادەت ، بۆیە لە دەستنیشانکردنی سیمای ڕێزمانی گرێدا ڕۆڵی ناگێڕێت.

**١.٢.١.٢. تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنی گرێی ناوی:**

گرێی ناوی ئەو پێکهاتەیە، کە پێکهێنێک یان زیاتر بەشداری لە پێکهێنانیدا دەکات، بۆیە پێکهێنەکانی گرێی ناوی دابەش دەبێت، بۆ پێکهێنی سەرەکی و لاوەکی، پێکهێنی سەرەکی بەشداری لە هەموو پێکهاتەکانی گرێی ناویدا دەکات، بەڵام پێکهێنی لاوەکی بە پێی پێویستی بەشداری لە پێکهاتەی گرێی ناویدا دەکات، هەروەها ژمارەی هەندێک پێکهێن کاریگەری لەسەر پێکهاتەی گرێی ناوی لە ڕووی پێکهاتنەوە دەکات، بۆیە ئەم گرێیە دەبێتە دوو جۆر(سادە، نادە).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- **پێکهێنی سەرە و تایبەتمەندییەکانی:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی لە گرێی ناویدا هەموو کەرەستەکان لەژێر دەسەلاتی ناودایە(فەرهادی، س. ع. ٢٠١٣: ١٢)، هەروەها سەرە لە کەس و ژمارەدا، لەگەڵ دیارکەرەکانی خۆی ڕێکدەکەوێت و پەیوەندییەکی سینتاکسی لەنێوانیان هەیە(ئەحمەد، ح. ڕ. ٢٠١٠ :٨٣).

ژمارەی پێکهێنی سەرە کاریگەری لەسەر جۆری پێکهاتەی گرێی ناوی لە ڕووی پێکهاتنەوە(سادە، ناسادە ) هەیە، چونکە ژمارەی سەرەی گرێی ناوی سادە یەکە، بەڵام سەرەی گرێی ناوی ناسادە لە دوو سەرە یان زیاترە :

١. کوڕە باش (کوڕێ باش) گ.ن.سادە

سەرە

٢. کوڕە باش و کچە زیرەک (کوڕێ باش و کچا زیرەک) گ.ن.ناسادە

سەرە١ سەرە٢

ڕێزبەندی سەرە لە پێکهاتەی گرێی سادەدا بە پێی هاتن و نەهاتنی دیارکەر لە پێکهاتەی گرێدا دەگۆڕێت ، لە گرێی (١) دا یەک سەرە بەشداری لە گرێیەکی سادە کردووە، لە گرێی (٢) دا دوو سەرە بەشداری لە پێکهاتنی گرێ دا دەکەن، گرێیەکی ناوی ناسادە بەرهەمدەهێنن.

٣. مامۆستا

٤. سێ مامۆستا

٥. سێ مامۆستای زیرەک

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێکهێنی سەرە لە گرێی ناوی سادەدا ئەوەیە، لە هەندێک باردا لە ڕووی پێکهاتەی سەرەوەدا دەرناکەوێت، ئەوە لە ڕێگەی واتا و سەلیقەی زمانییەوە هەست بە هەبوونی دەکرێت، پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان پێکهێنەکانی گرێ هەبوونی سەرە لە پێکهاتەی ژێرەوە دیاردەکات:

٦. ئەی قەلەمە پێکهاتەی ژێرەوە

سەرە

٧. ئەیە پێکهاتەی سەرەوە

پێکهاتەی گرێی ناوی لە نموونەی(٧)دا لە یەک پێکهێن پێکنایەت، بەلکو لە بنەڕەتدا لە پێکهاتەی ژێرەوە لە دوو پێکهێن سەرە(قەلەم) و دیارکەر (ئەیە) پێکدێت، سەرەی گرێیەکە لادراوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لادانی سەرە لە پێکهاتەی گرێی ناوی نا‌سادەدا کاتێک دەکرێت کە سەرەی گرێیەکانی سادە وەکو یەک بێت و هاوبەش بێت، دەکرێت سەرەی گرێی دووەم لابدرێت:

٨. ئاواز خوشکم و ئاواز خوشکت (ئاوازا خوشکا من و ئاوازا خوشکا تە).

٩. ئاواز خوشک من و تو (ئاواز خوشکامن و تە).

**٢,١,٢,١,٢. پێکهێنی دیارکەر و تایبەتمەندییەکانی:**

دیارکەر لە گرێی ناویدا کەرەستەیەکی ناسەرەکییە، لە پێناو فراوانکردنی گرێ بەکاردێت، کەواتە دیارکەر پێکهێنێکی سەرەکی و بەخورتی نییە، چونکە دەکرێت بەشداری لە پێکهاتەی گرێی ناویدا نەکات، وەکو نموونەی (١٠) یان بکات وەکو (١١) و ئەو کەرەستانەی کە لە پێکهاتەی گرێی ناویدا ئەرکی دیارکەر دەبینن، کەتیگۆرییەکانی بریتین لە (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی ناو)، وەکو:

١٠. قوتابی

١١. دوو قوتابی

دی. (ئاوەڵ. ژمارە)

بە شێوەیەکی گشتی جۆری کەتیگۆری دیارکەر وەکو جۆری سەرە کاریگەری لەسەر جۆری گرێ ناکات، بۆ نموونە کاتێک جۆری کەتیگۆری دیارکەری نموونەی (١١) ئاوەڵناوی ژمارەی بنجی بۆ مۆرفیمی ڕێزمانی (ناسراوی) بگۆڕێت وەکو (١٢) جۆری گرێیەکە ناگۆڕێت:

١٢. قوتابییەکە

دی. (م. ناسراوی)

ژمارەی دیارکەر لە گرێی ناویدا دەستنیشانکراو نییە، بۆیە بەشداری لە پێکهاتەی هەموو گرێی ناوییەکاندا ناکات، ئەگەر بەشداری بکات، دەکرێت دیارکەرێک یان چەند دیارکەرێکی بۆ زیاد بکرێت:

١٣. هەر دوو مندال باش

دی١ دی٢ دی٣

کەواتە ژمارەی دیارکەر نابێتە هۆی جیاوازیکردنی گرێی ناوی سادە و نا‌سادە ، چونکە ژمارەی دیارکەر ناتوانێت سادەبوونی گرێی ناوی وەکو سەرە بگۆڕێت، بەڵام لە گرێی ناوی سادەدا ژمارەی دیارکەر کاریگەری لەسەر جۆری گرێی سادە لە ڕووی پێکهاتنەوە(ناوک، فراوانکراو) هەیە:

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٢.١.٢.١.١. گرێی ناوی سادەی ناوک:**

گرێی ناوی لە زمانی کوردیدا لە سادەترین شێوەدا وەکو تاکە ناوێک دەردەکەوێت، ئینجا ئەو ناوە لە

ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سادە بێت، داڕێژراو یان لێکدراو یانیش ئاڵۆز بێت (ئەحمەد، ب. ع. ٢٠٢٠: ٧٠)، کەواتە لەم جۆرە گرێیەدا سەرە بەتەنها ڕۆڵ دەبینێت، بە واتایەکی تر دیارکەر و تەواوکەری نییە، بە زۆری ناوی تایبەتی بەخۆیەوە دەگرێت(محمود، ط. ص. ٢٠١٤: ٦١):

١٤. زانیار بە جوانی قسەی دەکرد. (زانیار ب جوانی دئاخفت).

١٥. ژیار لە خەو هەستیا. ( ژیار ژ خەو ڕابوو).

١٦. زانا و گۆران هاتن. (زانا و گۆران هاتن).

لە ڕستەی (١٤)دا (زانیار) گرێیەکی ناوی سادەیە و لە ڕستەی (١٥)دا (ژیار) بە هەمان شێوە، لە ڕستەی (١٦)دا(زانا و گۆران) گرێیەکی ناوی لێکدراوە کە لە دوو گرێی ناوی سادەی ناوک پێکهاتووە.

**٢.١.٢.١.٢. گرێی ناوی سادەی فراوانکراو:**

سەرەش بە دیارکەرێک، یان چەند دیارکەرێک فراوان دەکرێت، دیارکەریش دەکەوێتە پێش سەرە یان دوای سەرە (فەرهادی، س. ع. ٢٠١٣: ١٢)، کەواتە لە پێکهاتەی ئەم جۆرە گریەدا سەرەیەک و دیارکەرێک یان چەند دیارکەرێک بەشداری دەکەن.

هەروەها لە کردەی فراونکردنیشدا کەرەستەکان بە پێی سەرە ڕێزدەکرێن(کریم، د. ع. ک. ٢٠٠٢: ٤٢-٤٣)، ڕیزبەندی دیارکەرەکان لە سنووری گرێی ناویدا هەندێکیان دەکەونە پێش سەرە و هەندێکیشیان دەکەونە دوای سەرەوە.

- **دیارکەری پێش سەرە:**

ئەو کەرەستانەی کە ئەرکی دیارکەری پێش سەرە دەبینن، هەموویان مۆرفیمی سەربەخۆنە، زۆربەت سەر بە کەتیگۆریی فەرهەنگی (ئاوەڵناو)ن، کەواتە ئەو گرێ ناوییانەی کە ئەم جۆرە دیارکەرە بەشداری لە پێکهاتەکەیدا دەکەن، تەنها لە ڕووی دەرەوە فراواندەکرێن، هەروەها لەم پێکهاتەی گرێدا لە نێوان سەرە و دیارکەردا پێویستی بە مۆرفیمی خستنەسەر نییە، ئەو کەرەستانەش بریتین لە:

**١- ئاوەڵناوی ژمارەیی:**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

آ- بنجی:

١٧. سەت زلام

١٨. دوو بنەمال

١٩. سی و سێ قوتابی

**ب- ڕێکخستن:**

٢٠. دووەم قوتابی

٢١. سێیەم دزە

٢٢. یەکەم کەس

**ج- کەرتی:**

٢٣. سێ پشک لە کوڕگەل (سێ پشک ژ کوڕان)

٢٤. سێ چارەک لە خەلک (سێ چارێک ژ خەلکی)

٢٥. نیم نان (نیڤ نان)

**٢- ئاوەڵناوی پلەی بالا:**

٢٦. قشتترین جاحێل (جوانترین گەنج)

٢٧. عاقلترین قوتابی

**٣- ئاوەڵناوی چەندی(رادە):**

٢٨. هەندێک[١] کوڕ (هندەک کوڕ)

٢٩. هند[٢]خەلک (هند خەلک)

٣٠. یەکسەلا مندال (کۆمەک زارۆکان)

**٤- ئاوەڵناوی دەستنیشانکردن:**

٣١. بەس من (تنێ ئەز)

٣٢. هەر من (هەر ئەز)

**٥- ئاوەڵناوی ئاماژە:**

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە بە پێی ژمارە و دووری و نێزیکی ئەو کەرەستانەی ئاماژەیان بۆ دەکرێت ڕۆڵ لە پێکهاتەی گرێدا دەبینێت(ئەحمەد، ح. ڕ. ٢٠١٠: ٩١).

---

(١) (هەندێک) بە واتای بەشێک لە گشت.

(٢) (هند) بە واتای (کۆ/ زۆرترین) دێت، بە واتایەکی تر کۆمەلە خەلکێکی لە ڕادە بەدەر .

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| کەس | نێزیک | دوور |
| --- | --- | --- |
| تاک | ئەی...ە | ئەو...ە |
| کۆ | ئەی....انە / گەلە | ئەو...انە/ گەلە |

خشتەی ژمارە (١)

٣٣. ئەی کوڕە (ئەڤ کوڕە) ئاوەڵناوی ئاماژەی نێزیکی تاک

٣٤. ئەی کوڕگەلە/ کوڕانە (ئەڤان کوڕان) ئاوەڵناوی ئاماژەی نێزیکی کۆ

٣٥. ئەو کەنیشکە (ئەو کچا هە) ئاوەڵناوی ئاماژەی دووری تاک

٣٦. ئەو کەنیشکگەلە/ کیژانە (ئەو کچێن هە) ئاوەڵناوی ئاماژەی دووری کۆ

**٦- ئاوەڵناوی نادیاری:**

٣٧. فلان کەس

**٧- نازناوی ڕێزگرتن:**

٣٨. مامۆستا مەجید

٣٩. سەید کەمال

٤٠. کاک ئەحمەد

هەمیشە لەگەڵ ناوێکی تایبەتی دەردەکەوێت و ئەرکی دیارکەر دەبینێت. کاتێک نازناوی ڕێزگرتن بە تاکێک لە کۆمەلگا دەدرێت، دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە دابەشبکرێن:

- بەپێی دەسەلاتی ئاینی: شێخ، مەلا، سەید، سۆفی، حەجی...
- بەپێی پیشە: دکتۆر، مامۆستا، وەستا...
- بەپێی دەسەلاتی سیاسی: سەرۆک، پاشا...
- بە پێی پلەی خزمەیاتی و نێزیکی: خالۆ، باب، دادێ، مامۆ، برازا(ئەحمەد، ح. ڕ. ٢٠١٠: ٩٥-٩٦).

**٨- ئاوەڵناوی نەفی:**

(هیچ، چ)

٤١. هیچ کەس نەیوێرا بێت. (هیچ کەس نەوێریا بهێت).

٤٢. چ مندال لێرە نەمێنێت. (چ زارۆک ل ڤێرێ نەمینیت).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٩- ئاولکاری شوێنی:**

٤٣. قەت مال ئێمە (ڕەخ مالا مەڤە)

٤٤. بان خانی ئێمە (سەر خانیێ مە)

**١٠- ئاوەڵناوی پرسیاری:**

٤٥. کاهین/ کاین پیرەمێرد؟(کیژ پیرەمێر)؟

٤٦. چەند کەس خویان دیارکرد نەچن؟ (چەند کەس)؟

هەروەها جێی ئاماژە پێکردنە، کە دیارکەرەکانی پێش سەرە دەتوانن زیاتر لە دیارکەرێک لە یەک گرێی ناوی سادەی فراوانکراودا لە دوای یەک بێن (ئەحمەد، ب. ع. ٢٠٢٠: ٧٢) هەر وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە:

٤٧. ئەو هەر دوو جاحێلە (ئەو هەر دوو جحێلێن هە)

٤٨. ئەی هەمی زلامگەلە (ئەڤ هەمی زەلامە)

٤٩. سێ چوار کەس

لە نموونەی (٤٧)دا چەند ئاوەڵناوێک وەکو ئاوەڵناوی دەستنیشانکردن (هەر) و ئاوەڵناوی ئاماژەکردن بۆ دووری تاک (ئەو... ە) و ئاوەڵناوی ژمارەیی (دوو) هەرسێکیان بوونەتە دیارکەری سەرەیەکە(جاحێل). لە نمووی (٤٨) ئاوەڵناوی ئاماژەکردن بۆ نێزیکی تاک (ئەی ... ە) و ئاوەڵناوی چەندی (هەمی) پێکەوە بوونەتە دیارکەری ناوێک (زلام). هەروەها دەکرێت یەک دیارکەر دووبارە ببێتەوە وەک نموونەی (٤٩).

- **دیارکەری دوای سەرە:**

دیارکەری دوای سەرە دەبنە دوو جۆر، یەکێکیان مۆرفیمە بەندەکانی ڕێزمانی ناوی و جێناوی لکاون، ئەویتر مۆرفیمەکانی سەربەخۆن و سەر بە کەتیگۆری فەرهەنگی(ناو، ئاوەڵناو، جێناو)ن، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو گرێ ناوییەی کە پێکهێنی دیارکەری دوای سەرە بەشداری لە پێکهاتەکەیدا دەکات، بە دوو ڕووەوە(ناوەوە، دەرەوە) فراواندەکات، نەک وەکو دیاکەری پێش سەرە کە تەنها لە ڕووی دەرەوە پێکهاتەی گرێیەکە فراواندەکات:

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- **فراوانکردنی گرێ لە ڕووی ناوەوە:**

ئەو دیارکەرانەی لە دوای سەرەوە دێن، لە ڕووی ناوەوە گرێ فراواندەکەن، هەر وەکو دیارکەری پێش سەرە پێویستییان بە مۆرفیمی خستنەسەر لە نێوان سەرە و دیارکەردا نییە، هەروەها ئەو دیارکەرانە بریتین لە مۆرفیمە بەندەکانی ڕێزمانی کە پێویستیان بە مۆرفیمی خستنەسەر نییە، هەروەها بەسەرەوە نووساون و بەتەنها واتایان نییە:

١- مۆرفیمی ناسراوی:

مۆرفەکانی مۆرفیمی ناسراوی، دەکرێت سەرەی گرێی ناوی پێ فراوانبکرێت:

٥٠. منداڵەکە (ئەو زاڕۆک)

٥١. فرۆکەکە

٥٢. چیایەکە

٥٣. چیاکان

لە نموونەی (٥٠) (منداڵ) سەرەیە بە فۆنیمی کۆنسنانت کۆتایی هاتووە (ەکە)ی وەرگرتووە، لە نموونەی (٥١) (فرۆکە) سەرەیە بە فۆنیمی ڤاوڵ کۆتایی هاتووە، مۆرفی (کە)ی وەرگرتووە، نموونەی (٥٢) (چیا) پێویستی بە نیمچە بزوێن (ی) هەیە چونکە لە زمانی کوردیدا دوو ڤاوڵ پێکەوە نایەن. نیشانەی ناسراوی بە شێوەی (ک) دەردەچێت کاتێک مۆرفیمی کۆ (ان) دەچێتە سەر و وەکو نموونەی (٥٣)(چیاکان) دەردەکەوێت، و چونکە لە شێوەزاری کەلەکچیدا ئەمانە مۆرفی مۆرفیمی ناسراوین. (کە، ەکە، یەکە، ەک، ک).

**٢- مۆرفیمی نەناسراوی:**

کاتێک مۆرفیمی نەناسراوی دەبنە دیارکەری پاش سەرە بە چەند مۆرفێک خۆی نیشان دەدات، ئەویش(ێک، یێک،یێ، ێ).

ئەگەر فۆنیمی کۆتایی سەرە کۆنسنانت(نەبزوێن)بوو، سەرە مۆرفی (ێک) وەکو دیارکەری پاش خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ڤاوڵ(بزوێن) بوو، مۆرفی (یێک/یێ) وەردەگرێت و دەبێتە دیارکەری پاش سەرە.

٥٤. ژنێک/ژنێ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٥٥. دەرگەیێک/ دەرگەیێ

لە نموونەی (٥٤)دا (ژنێک/ ژنێ) گرێی ناوییە ، (ژن) سەرەیە و بەدیارکەرێک (ێ/ ێک) فراوانکراوە، دەتوانرێت سەرە بە دیارکەرێک یان چەند دیارکەرێک دیاربکرێت:

**٣- مۆرفیمی کۆ:**

دەتوانرێت گرێی ناوی لە ڕووی ناوەوەدا بە هۆی مۆرفیمی کۆیەوە فراوان بکرێت، هەر وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە:

٥٦. کوڕگەل (کوڕان)

٥٧. کیژگەل (کچان)

هەرچەندە مۆرفیمی کۆ (گەل) زالتر و تایبەتترە بەسەر شێوەزارەکەدا، بەڵام بە هۆی کاریگەربوون و لێک نێزیکی شێوەزارەکە لەگەڵ زاری کرمانجی ناوەڕاست مۆرفیمی کۆ(ان) لە نێو شێوەزاری کەلەکچیدا جێی خۆی کردبێتەوە. ئەم مۆرفیمە تایبەتمەندییەکی تری سینتاکسی دەدات بە شێوەزارەکە.

لە کاتی ناسراوکردنی (سەرە)یەکدا مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) دەکەوێتە دوای مۆرفیمی (گەل)ەوە:

٥٨. سێنیگەلەکە (ئەوان سێنییان)

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی گرێی ناوی ئەم شێوەزارە ئەوەیە، کە دەکرێت مۆرفیمی کۆ بە شێوەی (ان)یش وەربگرێت:

٥٩. سێنیگەلەکان (ئەوان سێنییان)

وەک لە نموونەی(٥٨)دا لەم شێوەزارەدا مورفیی ناسراوی(ەک) کەوتووەتە نێوان دوو مۆرفیمی کۆ(گەل) و (ان).

بەڵام کاتێک سەرەی گرێی ناوی بە مۆرفیمی کۆ (ان) کۆدەکرێت، مۆرفیمی ناسراوی(ەک) لە پێش مۆرفیمی کۆ(ان) دێت و زۆر بە ئاسایی مۆرفیمی ناسراوی و کۆ پێکەوە دەردەکەون:

٦٠. سێنییەکان (ئەوان سێنییان)

٦١. زلامەکان (ئەوان زەلامان)

کەواتە لە شێوەزاری کەلەکچیدا مۆرفەکانی کۆ ئەمانەن: (گەل، ان).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەگەر سەرەی گرێی ناوی بە مۆرفی کۆ(گەل) و  مۆرفیمی نەناسراوی دیاربکرێت، ، شوێنی مۆرفیمی نەناسراوی دەکەوێتە دوای مۆرفیمی کۆیەوە:

٦٢. مندالگەلێک زۆر

لەم نموونەی سەرەوەدا لەبەرئەوەی سەرە بە مۆرفیمی کۆ(گەل) دیارکراوە و دواتر مۆرفیمی نەناسراوی بۆ زیادکراوە، مۆرفیمی کۆ دەکەوێتە پاش سەرە و دەکەوێتە پێش مۆرفیمی نەناسراوییەوە، بەڵام مۆرفیمی نەناسراوی لەگەڵ مۆرفیمی کۆ(ان) لە پێکهاتەی گرێی ناویدا نایەن.

**٤- مۆرفیمی جەختکردن(یش):**

مۆرفیمی جەختکردن دەبێتە دیارکەری دوای سەرە، بە سەرەوە دەلکێت:

٦٣. مندالیش  (زارۆکژی)

٦٤. چیاش (چیاژی)

کەواتە مۆرفەکانی مۆرفیمی جەختکردن ئەمانەن (یش، ش) ئەگەر سەیری نموونەی (٦٢) بکەین سەرە بە فۆنیمی کۆنسنانت کۆتایی هاتووە و مۆرفیمی جەختکردن (یش) وەردەگرێت، بەڵام لە نموونەی (٦٣)دا سەرە بە فۆنیمی ڤاوڵ کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە مۆرفیمی جەختکردن (ش) وەردەگرێت.

**٧. جێناوی لکاو:**

یەک لە تایبەتمەندییەکانی جێناوی لکاو ئەوەیە، کاتێک ببێتە دیارکەری گرێیەکی ناوی، ناتوانرێت هیچ پاش سەرەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، بە واتایەکی تر جێناوی لکاو لە ڕووی بە دیارخستنەوە گرێ دادەخات (کریم، د. ع. ک. ٢٠٠٢: ٤٧)، لەم شێوەزارەدا ئەم جێناوە لکاوانەی کە ئەرکی دیارکەر دەبینن، ئەمانەن (م، مان، ت، تان، ی، یان):

٦٥. کوڕم (کوڕێ من)

٦٦. کوڕمان (کوڕێ مە)

٦٧. کوڕتان (کوڕێ هەوە)

- **فراوانکردنی گرێ لە ڕووی دەرەوە:**

ئەو دیارکەرانەی کە لە دوای سەرەوە دێن، کە بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ دەردەکەون، پێکهاتەی گرێی ناوی لە ڕووی دەرەوە فراواندەکەن و مۆرفیمی خستنەسەر لە نێوان سەرە و دیارکەر دێت و پێوە دەلکێت (سدیق، ف. ع. ٢٠١٧: ٢٩٥-٢٩٦)، ئەو دیارکەرانە بریتین لە:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**١- ناو:** دەتوانرێت  بە چەند ناوێک گرێ فراوانبکرێت ، کاتێک سەرە بە فونیمێکی کۆنسنانت کۆتایی هاتبێت، مۆرفیمی خستنەسەر دەبێتە (ە):

٦٨. دایک ە سەربەست

٦٩. شەو ە هاوین ە کوردستان

٧٠. خەو ە نیوەڕۆیان

بەڵام ئەگەر لەم نموونانەی خوارەوە بڕوانین، لەبەرئەوەی سەرە بە فۆنیمێکی ڤاوڵ (بزوێن) کۆتایی هاتووە، مۆرفیمی خستنەسەر(ی) دەرکەوتووە:

٧١. بەچکەی سەعید (زارۆکێ/ا سەعیدی)

٧٢. مامۆی باوکم (مامێ مە)

٧٣. خالۆی مندالم (خالێ تە)

ئەگەر سەیری نموونەکان بکەین، دەبینین کە ناو دەتوانێت ببێتە دیارکەری ناو و دەتوانرێت بە دیارکەرێک یان چەند دیارکەرێک گرێیەکە فراوانبکرێت، هەروەها مۆرفیمی خستنەسەر دوو مۆرفی(ە، ی) هەیە.

**٢- ئاوەڵناوی چۆنیەتی:**

ئاوەڵناوی چۆنیەتی دەتوانێت ببێتە دیارکەری ناو و لە دوای سەرەوە دێت، مۆرفیمی خستنەسەر بە مۆرفی (ە، ی) لە نێوان سەرە و ئەم دیارکەرە لە پێکهاتەی گرێی ناویدا دێت:

٧٤. کوڕێک ە زیرەک.(کوڕەکێ زیرەک).

٧٥. موبایل ە باش.( موبایلەکا باش).

٧٦. شیشەی جوان. (شیشەیا جوان).

**٣- جێناو:**

لە شێوەزاری  کەلەکچیدا ئەم دەستە جێناوانە دەتوانن پاش سەرە لە گرێی ناویدا فراوان بکەن، ئەوانیش (جێناوی سەربەخۆ، جێناوی خۆیی):

**أ- جێناوی سەربەخۆ:**

**(من/ ئێمە، تو/ ئێوە، ئەو/ئەوان):**

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٧٧. کیژەی من (کچا من)

٧٨. کیژەی ئێوە (کچا هەوە)

٧٩. کیژەی ئەوان (کچا ئەوان)

**ب- جێناوی خۆیی:**

جێناوی خۆیی لە شێوەزاری کەلەکچیدا بە دوو فۆڕم(خۆ، خوە) دەردەکەوێت و لەگەڵ جێناوە لکاوەکان دەبنە دیارکەر لە پێکهاتەی گرێی سادەی فراوانکراودا وەک لە نموونەکانی خوارەوەدا دیارە:

٨٠. من کوڕەی خوم دیت. (من کوڕێ خۆ دیت).

٨١. تو کوڕەی خوەت دیت. (تە کوڕێ خۆ دیت).

٨٢. ئەو کوڕەی خوەی دیت. (ئەوی/ ێ کوڕێ خۆ دیت).

پێکهێنی دیارکەر لە پێکهاتەی گرێی ناوی سادەدا دەکرێت بوونی هەبێت یان نەبێت، لە گرێی ناوی ناسادەدا ئەگەر دیارکەرێک یان چەند دیارکەرێک هاوبەش و وەکو یەک بێت:

دیارکەری گرێی دووەم لادەدرێت:

٨٣. نێچیرەی هاوڕێم و نزارەی هاوڕێم (نێچیرێ هەڤالێ من و نزارێ هەڤالێ من)

٨٤. نێچیر و نزارەی هاوڕێم (نێچیر و نزارێ هەڤالێ من)

لە پێکهاتەی گرێی ناوی زمانی کوردیدا مۆرفیمی خستنەسەر چالاکە و سەرە و دیارکەر بەیەکەوە گرێدەدات، لە شێوەزاری کەلەکچیدا بە دوو شێوە دەردەکەوێت، ئەمەش دەمانگەیەنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە دوو بۆچوونمان بۆی هەبێت:

١- ڕەنگە مۆرفیمی خستنەسەر بوونی نەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەی کە دەڵێت: گرێی ناوی فراوانکراو لە ڕووی دەرەوە لە دوای سەرەوە بەبێ مۆرفیمی خستنەسەر دورست نابێت، کاتێک سەرە بە فۆنیمێکی کۆنسنانت کۆتایی دێت، مۆرفیمی خستنەسەر دەرناکەوێت.

٢- پێویستە مۆرفیمی خستنەسەر بوونی هەبێت، بەڵگەش بۆ ئەم بڕوایە بەهێزترە، چونکە لە هەندێک نموونەی تردا وەکو پیشاندرا (ی) ییەک بەدیدەکرێت لە کۆتایی سەرەدا، ئەگەر بە وردی لێیان بڕوانین، دەبینین کاتێک سەرە بە فۆنیمێکی ڤاوڵ کۆتایی دێت، مۆرفیمی خستنەسەر



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەردەکەوێت، بەڵام هەر کاتێک سەرە بە کۆنسنانت کۆتایی هات، مۆرفی مۆرفیمی خستنەسەر دەبێتە سفر(ø).

**٢.٢.١.٢.تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنی گرێی پێشناوی:**

پێکهاتەی ئەم گرێیە بە کەمی لە دوو پیکهێن پێکدێت، کە پێکهێنێک سەرەکی(سەرە) و ئەویتر بە خۆرتییە (تەواوکەر)، هەروەها یەک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە گرێیە ئەوەیە؛ کە هەردوو پێکهاتەی گرێیەکە سەرە و تەواوکەر بوونیان لە گرێیەکەدا ناچارییە، واتە گرێی پێشناوی دورست نابێت، ئەگەر سەرە و تەواوکەر لە گرێیەکەدا نەبن، هەروەها هەندێک پێکهێنی ناسەرەکی(دیارکەر) بەشداری لە پێکهاتەی گرێی پێشناویدا دەکەن.

ئەو تایبەتمەندییەی کە ئەم گرێیە لەگەڵ گرێی ناوی جودادەکات، جگە لە جۆری پیکهێن ژمارە و تا ڕێزبەندی و لادانی پێکهێنەکانن.

- **پێکهێنی سەرە و تایبەتمەندییەکانی:**

سەرەی ئەم جۆرە گرێیە پێشناوییە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییە و سەرە لە دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە گرێیەدا ئەرکی سەرەکی دەبینێت، چونکە بە زیادکردنی پێشناوییەکان لەسەر گرێیە ناوییەکان بۆ گرێیە پێشناویەکان دەگۆڕێن:

٨٥.ژیار گ.ن

٨٦.بۆ ژیار گ.پش

سەرەی گرێی پێشناوی لە شێوەزاری کەلەکچیدا ئەمانەن: (بە، بۆ، لە، ە). هەروەها هەندێک لەم پێشناوانە لە دوو پارچە پێکدێن وەکو: (بە...ەوە/ بە... یەوە، لە... دا، لە...ەوە/ ...):

٨٧.بە پێیەوە (ژ پێرڤە)

٨٨.لە هاویندا (د هاڤینێدا)

سەرەی ئەم گرێیە (٨٨) لە دوو پارچە پێکدێت (لە...دا) ، هەر دوو پارچەکان پێکەوە دەبنە یەک سەرە نەک دوو سەرە.

هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە پێشناوانە ئەوەیە، ئەگەر تەواوکەرەکەی وەکو نموونەی(٨٩) کە بە (ئەی ساڵە) فراوانتر کراوە، دەبێت لە سنووری پارچەی دووەمدا دەرنەچێت، تاکو ببێتە گرێیەکی پێشناویی، ئەگەر لە سنووری پارچەی دووەمدا دەرچوو، دەبێتە گرێیەکی ناڕێزمانی وەکو(٩٠):

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٨٩.له هاوین ئەی سالەدا

٩٠.* له هاویندا ئەی سال

هەروەها جیاوازی سەرەی گرێی پێشناوی لەگەڵ جۆرەکانی تری گرێ ئەوەیە، سەرەی گرێی پێشناوی بەتەنها ناتوانێت واتای ڕستە تەواوبکات، چونکە بنەماکانی پێکهاتەی گرێی تێدا هەڵدەوەشێتەوە، وەکو گرێی(٩١)، هەروەها له ڕووی واتاییەوەش گرێیەکی لێڵە و بێ واتایە، بەڵام له ڕووی فۆڕمەوە سەربەخۆیە و قالبێکی فیزیکی هەیە، بۆیە بەردەوام پێویستی بە تەواوکەر هەیە، وەکو(٩٢)،تاکو بتوانێت ئەرکە سینتاکسییەکانی بەجێ بگەیەنێت:

٩٢.*له

٩٢.له مال

ژمارەی سەرە کاریگەری له ڕووی پێکهاتنەوە لەسەر پێکهاتەی گرێی پێشناوی هەیە، ئەگەر ژمارەی سەرە له گرێدا یەک بێت، ئەو گرێیە پێشناوی سادەیە، وەکو نموونەی(٩٣)، بەڵام ئەگەر ژمارەی له یەک زیاتر بێت، ئەو گرێیە پێشناوییە نادەیە وەکو گرێی(٩٤):

٩٣.به دل ‏ ‏ ‏ ‏ ‏ ‏ ‏ گ.پش.سادە

سە

٩٤.به دل و به گیان ‏ ‏ ‏ گ.پش.نادە

سە١ ‏ ‏ سە٢

ڕێزبەندی سەرەی گرێی پێشناوی وەکو گرێی ناوی نییە، کە بگۆڕێت، بەڵکو جێگیرە، له سەرەتای گرێی سادە دێت، ئینجا ئەم گرێیانە بەتەنها بێن یانیش ببنە پێکهێنی گرێیە نادەکان .

٩٥.له مال( ل مالێ)

٩٦. له قوتابخانە (ل قوتابخانێ)

له گرێی پێشناوی نادەدا له حالەتی هەبوونی سەرەی هاوبەش(بۆ) له نێوان گرێیەکانی سادەدا کە دەبنە پێکهێن بۆ گرێی نادە ، دەتوانرێت پێشناو له گرێی دووەمدا لابربێت، نەک دووەم:

٩٧. بۆ بازار و بۆ مال ‏ ‏ ‏ گ.پش.نادە

٩٨. بۆ بازار و مال

گرێی پێشناوی له سەرەیێک و تەواوکەرێک پێکدێت ، هەروەها سەرە و تەواوکەر پێکەوە دێن و گۆکردنێکی سینتاکسییان هەیە و وەکو گرێیەکی پێشناوی دەردەکەون(مستەفا، ڕ. م. ٢٠٢١: ١١١).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- **پێکهێنی تەواوکەر و تایبەتمەندییەکانی:**

هەبوونی تەواوکەر لەگەڵ سەرەی گرێی پێشناویدا، پێکهێنەکی بەخورتییە، پێشناو گرێیەکی ناوی وەکو تەواوکەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت(عەبوزەید(٢)، س. ج. ٢٠١٩: ٣٦)، ئەمەش بۆ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گرێی پێشناوی دەگەڕێتەوە، کە سەرە بەتەنها ناتوانێت گرێیەکی پێشناوی بەرهەم بهێنێت، چونکە سەرەی گرێی پێشناوی لە مۆرفیمێکی نیمچە سەربەست پێکدێت و بەتەنها ناتوانێت واتای گرێیەکەی تەواوبکات، بۆیە پێویستی بە تەواوکەرێکە بۆ تەواوکردنی واتا و ئەرکەکەی، بۆیە پێچەوانەی گرێی ناوییە کە سەرە بەتەنها دەتوانێت واتای گرێیەکەی تەواوبکات. وەکو:

٩٩. بە

١٠٠. بە دل

١٠١. بە چاو

لە ڕستەی (٩٩)دا هەبوونی سەرە (بە) لە گرێدا ناتوانێت واتای گرێیەکە تەواوبکات، بۆیە بۆ تەواوکردنی واتاکەی پێویستی بە تەواوکەرێکە، وەک (دل) لێرەدا تەواوکەرەکە واتای گرێیە پێشناوییەکەی تەواوکردووە.

لە پێکهاتەی گرێی پێشناویدا ژمارەی تەواوکەر وەکو سەرە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری گرێ لە ڕووی پێکهاتنەوە گرنگە، ئەگەر ژمارەی تەواوکەر یەک بێت، ئاماژە بە جۆری گرێی پێشناوی سادە دەکات، بەڵام ئەگەر لە یەک زیاتر بێت، ئەوە گرێی پێشناوی ناسادەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەبوونی تەواوکەر لە پێکهاتەی گرێی پێشناویدا بە خۆرتییە، بۆیە دەتوانێن بلێین ژمارەی سەرە و تەواکەر لە گرێی پێشناویدا یەکسانە:

١٠٢. بە دل و بە گیان

١٠٣. بە دەست و بە چاو و بە برۆ

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تەواوکەری گرێی پێشناوی ئەوەیە، کە لە پێکهاتەی گرێدا ڕێزبەندی جێگری هەیە، هەمیشە لە دوای سەرە دێت و وەکو دیارکەری گرێی ناوی ڕێزبەندی نییە، کە ڕێزبەندییەکە بگۆڕێت. هەروەها بە لادانی تەواوکەر بنەمایی پێکهاتەی سینتاکسی گرێی پێشناوی سادە هەڵدەوەشێتەوە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە سەرە و تەواوکەر لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان بۆ پێکهێنانی گرێیەکی سینتاکسی، هەروەها لە گرێی ناسادە شدا ناتوانرێت تەواکەر لاببرێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- **پێکهێنی دیارکەر و تایبەتمەندییەکانی:**

بەشداریکردنی دیارکەر لە پێکهاتەی گرێی پێشناویدا هاوشانی سەرە و تەواوکەر نییە، چونکە پێکهێنێکی سەرەکی و بە خۆرتی نییە، دەکرێت بەشدار بێت، یان بەشدار نەبێت، هەروەها جۆر و ژمارەی دیارکەرەکان لە گرێی پێشناویدا بە بەراورد لەگەڵ گرێی ناویدا زۆر کەمترە، بە بەشداری پێکهێنی دیارکەر،

پێکهاتەی گرێی پێشناوی سادەی ناوک (١٠٤) بۆ فراوانکراو(١٠٥) دەگۆڕێت :

١٠٤. بە قورئان

١٠٥. بە ئەی [١] قورئانە (ب ئەڤێ قورئانێ)

١٠٦. هەر بەئەی شکلە (هەر ب ئەڤی شێوەی)

گرێی پێشناوی تەنها لە ڕووی دەرەوە فراوان دەکرێت، چونکە گرێی(١٠٦) دەکرێت بە ئاوەڵناوێکی دەستنیشانکردن فراوان بکرێت، وەک گرێی ناوی سادەی فراوانکراو نییە، کە بتوانێت هەم لە ڕووی ناوەوە هەم لە ڕووی دەرەوە فراوان بکرێت، ئەم جیاوازییە بۆ جۆری دیارکەرەکان لە پێکهاتەی گرێیەکاندا دەگەڕێتەوە.

هەروەها گرێی پێشناوی لێکدراو لە دوو گرێی پێشناوی پێکدێت، وەکو:

١٠٧. بە دل و بە گیان ( ب دل و ب گیان)

گرێی پێشناوی ئاڵۆز ئەویش لە دوو گرێ پێکهاتووە، بەڵام پێشناوی گرێی دووەمی بۆ ئاسانی دەربڕین لادەدرێت وەک نموونەی (١٠٨):

١٠٨. بە دل و ـــــ گیان ( ب دل و ـــــ گیان)

ڕێزبەندی دیارکەری گرێی پێشناوی نەگۆڕە، هەمیشە لە سەرەتای گرێدا دێت وەکو نموونەی(١٠٦)، چونکە تەنها دیارکەری پێش سەرە وەردەگرێت، وەکو گرێی ناوی نییە کە بتوانێت هەم لە پێش هەم لە دوای سەرە بێت.

لە ڕووی لادانەوە، دیارکەری گرێی پێشناوی هەمان تایبەتمەندی دیارکەری پێش سەرەی گرێی ناوی هەیە کە دەتوانێت لە پێکهاتەی گرێدا لابدرێت، چ گرێ سادە یان ناسادە (١٠٩) بێت:

١٠٩. هەر لە ئەی بابەتەوە و هەر لە ئەی کتێبەوە

١١٠. هەر لە ئەی بابەتەوە و ـــــ لە ئەی کتێبەوە

لە ڕستەی (١١٠)دا دیارکەری گرێی دووەم (هەر) لادراوە.

---

[١] لە ئاخاوتندا بە زۆری دەگوترێت (بەی قورئانە). نموونەی تریش زۆرە وەکو (بەی خودایە، بەی شکلە...).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣.٢.١.٢. تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و پێکهێنی گرێی کاری:

پێکهاتەی گرێی کاری لە گرێی ناوی و پێشناوی جیاوازە، بە شێوەیەکی گشتی تەنها لە یەک پێکهێن پێکدێت، پێکهێنی دیارکەر زۆر کەم بەشداری لە گرێی کاریدا دەکات، هەروەها هەندێکجار تەواوکەر بەشداری لە پێکهاتەی ڕستەدا دەکات و وەکو پێویستییەکی ڕێزمانی و واتایی گرێی کارییەکە تەواو دەکات.

گرێی کاری لە ڕووی پێکهاتنەوە تەنها سادەیە (ناوک، فراوانکراو)، گرێی کاری ناسادە نییە، چونکە هەبوونی دوو گرێی کاری ئاماژەیە بە هەبوونی دوو ڕستە، نەک گرێی ناسادە .

- **پێکهێنی سەرە و تایبەتمەندییەکانی:**

کار سەرەی گرێی کارییە، (پێکهێنێکی بەخورتی و کەتیگۆرییەکی ئاڵۆزە، وەکو ناو و پێشناوییەکان نییە، بەڵکو پێکهێنی کار لە بنەڕەتدا لە چەند مۆرفیمێکی بەند پێکهاتووە. مۆڕفیمی ڕەگ، مۆرفیمێکی سەرەکییە، چونکە ڕەگی کار ئەو مۆرفیمەیە کە چەمکی ڕووداوێک دەبەخشێت) (ڕەسول، خ. ئـ. ٢٠١٢ :٣٣)، کەواتە بۆ بەرهەمهێنانی گرێی کاری پێویستمان بە ڕەگ و مۆڕفیمی کات هەیە، تاکو واتا و یاسا سینتاکسییەکەی تێکنەچێت) (حەسەن، م. ق. ٢٠١٠: ٣٤). کە بە لایەنی کەمەوە گرێی کاری لە مۆڕفیمی بەندی ڕەگی (چ) و مۆڕفیمی بەندی تافی (وی) ، جێناوی لکاو مۆرفی سفر (ø)پێکدێت :

١١١. چوی (چوو) گ.ک

جگە لەم دوو مۆرفیمە بەندانە، مۆڕفیمی بەندی ڕێژە (ب...ایە) و ڕووکار (بی) و نەرێکردن (نە) وەردەگرێت:

١١٢. نەچوبیبایە گ.ک

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرەی گرێی کاری ئەوەیە، کە نەک تەنها دەبێتە سەرەی گرێی کاری، بەڵکو دەبێتە سەرەی ڕستەش.

ژمارەی سەرە بە شێوەیەکی گشتی لە پێکهاتەی گرێی کاریدا هەمیشە یەکە ، بۆیە تەنها گرێ سادە هەیە، چونکە هەبوونی دوو سەرە ئاماژە بە هەبوونی دوو گرێی کاری دەکات، دەرئەنجام هەبوونی دوو گرێی کاری ئاماژە بە دوو ڕستەدا دەکات یان ڕستەیەکی ناسادە:

١١٣. هات گ.ک.سادە

سە

١١٤. هات و چوی ڕستەی ناسادە

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

سە        سە

١١٥. کردبووەوە

سە

١١٦. هاتەوە

سە

سەرەی گرێی کاری وەکو ناوی و پێشناوی نییە، کە بتوانێت لە هەندێک حاڵەتدا لابدرێت، چونکە لە پێکهاتەی گرێی کاریدا، پێویستە سەرە هەردەم ئامادەبێت، تەنانەت ئەگەر هەندێکجار دەرنەکەوێتیش، بەڵام هەر وەک کەرەستەیەکی ڕێزمانی گرنگ دەمێنێتەوە(ئەمین، ش. ن. ٢٠١٥: ٢٨)، کەواتە تەنها لە ڕستەی ناسادەدا دەکرێت لاببرێت:

١١٧. ئازاد بە پێ هات و دلدار بە سەیارە.

هەرچەندە کاری (هات) لە ڕستەی دووەمدا لادراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە پێکهاتەی ناوەوەدا لادراوە، چونکە زۆرجار بە هۆی دووبارەبوونەوە یان لەبەر هەندێک هۆکاری پراگماتیکی سەرە لە پێکهاتەی سەرەوەدا لادەدرێت، بەڵام لە ڕێی پەیوەندی واتایی و سینتاکسی هەست بە هەبوونی دەکرێت(ئەمین، ش. ن. ٢٠١٥: ٢٨).

- **پێکهێنی دیارکەر و تایبەتمەندییەکانی:**

جۆری پێکهێنی دیارکەری گرێی کاری لە ناوی و پێشناوی جیاوازە، بە تایبەت گرێی ناوی کە لە چەند جۆر( ناو، ئاوەڵناو، جێناو، مۆرفیمی ڕێزمانی) پێکدێت، بەڵام پێکهێنی دیارکەر لە پێکهاتەی گرێی کاریدا تەنها مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دووبارەکردنەوەیە (ەوە):

١١٨. خواردەوە

دی.

هەروەها دیارکەر لە ڕووی ژمارەوە وەکو گرێی ناوی و پێشناوی نییە، هەمیشە پێکهێنی دیارکەر لە پێکهاتەی گرێی کاریدا یەکە. بەشداری‌نەکردنی دیارکەر لە پێکهاتەکەیدا، گرێی کاری ناوک بەرهەمدێنێت، وەکو نموونەی (١١٩) و ئەگەر بەشداری لە پێکهاتەکەیدا بکات، دەبێتە گرێی کاری سادەی بەرفراوانکراو، وەکو نموونەی (١٢٠):

١١٩. خەفت (نقست)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٢٠. خەفتەوە(نشستەڤە)

دی.

کەواتە پێچەوانەی گرێی پێشناوی سادەی فراوانکراوە، کە ئەم فراوانکردنە لە ڕووی ناوەوەیە، چونکە بە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کار فراواندەکرێت.

لە ڕووی ڕێزبەندیشەوە دیارکەری گرێی کاری پێچەوانەی گرێی پێشناوییە، کە هەمیشە لە دوای سەرە دێت، وەک نموونەی(١١٨) نەک لە سەرەتای گرێ، هەروەها وەکو دیارکەری گرێی ناوی نییە، کە هەم لە سەرەتا هەم لە کۆتایی گرێ بێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ٣. بەشی سێیەم: تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی پێکهاتەی ڕستەی سادە لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

### ١.٣. بەندی یەکەم: تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی پێکهاتەی ڕستەی سادە لە ڕووی پێکهاتنەوە:

**أ- ڕستە لە ڕووی چەمک و پێناسە و پێکهاتنەوە:**

ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە بە هەر سێ جۆری خۆیەوە (سادە، لێکدراو، ئاڵۆز)، لە چەندین بەشدار پێکدێت، کە ئەم بەشدارانە دەبنە پێکهێنی ڕستە و بەشداری لە بنیادنان و دروستکردنی پێکهاتەی ڕستەکان دەکەن، ئەم پێکهێنانەی ڕستەکان بە گوێرەی جۆر و ئەرک و ژمارە و ڕێزبەندی پێکهێنەکان، دەگۆڕێن. زمانناسە کوردەکان هەریەک بە شێوەیەک لە شێوەکان پێناسەی ڕستەیان کردووە (ڕستە دەتوانێت لە شێوەی یەک وشەدا دەربکەوێت ئەویش کاری ڕستەکەیە ئەگەر بە تەنیا دەربکەوێت، چونکە ڕستە بریتییە لە کار و پێویستییەکانی، کەواتە دەشێت ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا لە تاکە وشەیەکدا پێکبێت، کە ڕەنگە سادەترین ڕستەی کوردی بێت، واتە سادەترین ڕستەی کوردی لە کارێکی گەردانکراو پێکدێت، کە چەمکی بکەر و کار و هەندێکجار بەرکاریشی تێدابێت)(ئەمین، ش. ن. ٢٠١٥: ٥٤). دەتوانرێت ڕستە پێناسە بکرێت بەوەی کە ((بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی))(ڕەسول، ع. ح. ٢٠١٤: ٦). (ڕستە کەرەستەیەکی زمانی تەواو دەگرێتەوە کە کەرەستەکانی لەگەڵ یەکتر پەیوەندییەکی تەواویان هەبێت، ڕستە دانەیەکە بەخۆی و توانای خۆیەوە بێ یارمەتی کەرەستەی تر بەڕێوە دەچێت. هەروەها ڕستە ئەو ئاخاوتنەیە کە کاری تێدایە و واتای تەواو دەبەخشێت)(دزەیی، ع. م. ٢٠١٣: ٢٥). بۆیە دەتوانین بڵێین (ڕستە گەورەترین دانەی زمانییە[1] کە لە ڕووی پێکهاتەوە سەربەخۆبێت) (کەریم، ئـ. ع. ٢٠١٤: ١١٣).

کەواتە ڕستە بریتییە لە کۆکردنەوەی وشەکان بە پێی یاسای سینتاکسی ئەو زمانە و ڕێزکردنیان لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا بە شێوەیەک بیرێک یان بیرۆکەیەکی تەواو بەرهەمبهێت.

**ب- پێناسەی ڕستەی سادە:**

چەمکی ڕستەی سادە ئەوە دەگەیەنێت، کە تەنها کارێک یان هەواڵیک بەشدارە لە بەرهەمهێنانی ڕستەکە، بە واتایەکی تر ڕستەی سادە یەک بیرۆکە بەرهەمدەهێنێت.

- ((ڕستەی سادە ئەو ڕستەیە، کە تەنها کارێک بەشداری لە ڕۆنانی دەکات، ڕستەی سادە لە یەک یان دوو گرێی ناوی و گرێیەکی کاری پێکدێت، هەروەها گرێی کاری لە ڕووی کاریگەرییەوە تێپەڕ/تێنەپەڕ بێت، ڕۆڵ لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کەرەستەکانی ڕستەکە دەبینێت))(ڕەسول، خ.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئـ. ٢٠١٢: ١٦٥). هەروەها دەکرێ بڵێین: ((ڕستەیەکە لە فەرمانێک یا هەواڵێک(پریدیکەیت)ێک پێکهاتووە)) (شوانی، ڕ. م. ٢٠٠٩: ٦٧).

١. ئەو مرد. (ئەو مر).

٢. دلزار دارێکی چاند. (دلزاری دارەک چاند).

٣. ئەو قشتە. (ئەویَ/ ا جوانە).

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، دەبینین پێکهێنەکانی ڕستەی سادە بەتەنها بەشداری لە بەرهەمهێنانی ڕستەی سادەدا دەکەن، لە ڕستەی (١)دا پێکهێنی ڕستە لە بکەرێک (ئەو) و کارێک (مرد) پێکهاتووە، لە ڕستەی (٢)دا ژمارەی پێکهێنەکانی زیاد دەکات کە لە بکەر (دلزار) و بەرکار (دارێک) و کارێک (چاند) پێکدێت، چونکە کارەکە تێپەڕە، لە ڕستەی (٣)دابکەر(ئەو) و هەواڵێک(قشتە/ جوانە) ڕستەیەکی سادەیان پێکهێناوە.

به شێوەیەکی گشتی پێکهێنەکانی ڕستەی سادە لەم شێوەزارەدا دەبنە دوو جۆر، ئەویش پکهێنی سەرەکی و پێکهێنی ناسەرەکین:

**٣.١.١. پێکهێنەکانی ڕستەی سادە لە شێوەزاری کەلەکچیدا:**

**٣.١.١.١. تایبەتمەندیی پێکهێنە سەرەکییەکان:**

مەبەست لە پێکهێنە سەرەکییەکان ئەوەیە، کە پێویستە لە ڕستەدا بێن، چونکە ئەرک لە بناغە و بنیادنانی ڕستەکاندا دەبینن، بە شێوەیەکی گشتی ئەم پێکهێنانە دەبنە سێ جۆر (بکەر، بەرکاریَ ڕاستەوخۆ و کار)، یان لە هەندێک باردا تەواکەریش بە پێکهێنە سەرەکییەکان دەژمێردرێت، کەواتە کاریگەری جۆری کاری ڕستەکە ڕۆڵ لە دەستنیشانکردنی پێکهێنە سەرەکییەکان و ڕیزبەندی ڕستەکە دەگێڕێت:

**٣.١.١.١.١. کار[١] :**

کار پێکهێنێکی سەرەکییە لە ڕستەدا ، چونکە جۆری کاری ڕستەی سادە هەم لە ڕووی هێزەوە (تێپەڕ، تێنەپەڕ) و هەم لە ڕووی هەبوونەوە (بەهێز، بێهێز) کاریگەری لەسەر پێکهێنەکانی تری ڕستەکە هەیە، واتە کار بەرپرسە لە هەڵبژاردنی جۆر و ژمارەی پێکهێنەکانی ڕستەکان، ئەگەر کاری ڕستەکە لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕبێت، تەنها بکەر وەکو پێکهێن بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەگەر تێپەڕ بێت،

---

(١) سادەترین ڕستەی زمانی کوردی پێکدێت لە (بکەر، کار یان بکەر، بەرکار، کار) بەم شێوەیە دەبوایە لە سەرەتادا باسی بکەر بکرایە. بەڵام بە پێویستمان زانی لە سەرەتادا ئاماژە بە کار بدەین، لە پێناو ئەوەی کار لەگەڵ لە هەردوو جۆری کاری (تێپەڕ، تێنەپەڕ) دووبارە نەبێتەوە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

جگە لە بکەر بەرکاریش وەکو پێکهێن هەڵدەبژێرێت:

٤. تو چویت. (تو چووی).
٥. من ئاوم ڕژاند. (من ئاڤ ڕژت).

لە ڕستەی (٤) دا کاری (چویت) وەکو دەبینرێت ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، هەروەها لەبەرئەوەی کارەکە تێنەپەڕە، بەرکاری وەرنەگرتووە و تەنها بکەری (تو) لەگەڵی هاتووە، بەڵام لە ڕستەی (٥)داکارەکە تێپەڕە، ڕستەکە جگە لە بکەر(من) بەرکاریش(ئاو) وەکو پێکهێنێکی بەخورتی وەرگرتووە.

٦. *ئەو بەردەکەی خوارد. (*ئەوی ئەو بەر خوار).

کاری ڕستە ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردن و هەلبژاردنی جۆری ئەو کەرەستانەی کە دەبنە پێکهێنی ڕستەکان دەبینێت ، بۆ نموونە لە ڕستەی (٦) دا کارەکە بەرکارێکی وەکو (بەردەکە)ی وەرگرتووە، کە لەلایەن بکەرەکە (ئەو) ناتوانێت بخۆرێت، چونکە تەنێکی ڕەقە و لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت، بۆیە ڕستەکە لە ڕووی سینتاکسەوە کێشەی نییە و ڕێزمانییە، بەڵام لە ڕووی واتاوە ناڕێزمانییە:
٧. ئەو منداڵە. (ئەو زارۆکە).

٨. کچەکە جوانە. (ئەو کچک یا جوانە).
بەهەمان شێوە کاری بێهێزیش ڕۆڵ لە دیارکردن و هەلبژاردنی پێکهێنەکانی دەبینێت، بۆ نموونە لە ڕستەی (٧)داکاری ڕستەکە کارێکی بێهێزە، ناوێک(منداڵ) بووەتە تەواوکەری ڕستەکە، هەروەها لە ڕستەی (٨)دائاوەڵناوێک(جوان) بووەتە تەواوکەری کاری بێهێز.

سادەبوونی پێکهاتەی ڕستەکە بە ژمارەی گرێی کارییەوە بەندە، کەواتە لە هەر ڕستەیەکی سادەدا تەنها گرێیەکی کاری هەیە، چ کارەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕ، بەهێز یان بێهێز بێت.

بە شێوەیەکی گشتی ڕێزبەندی کار لە ڕستەی سادەی زمانی کوردیدا لە کوتایی ڕستەدا دێت، هەروەها دەستەلات لەسەر ڕێزبەندی هەموو ئەو پێکێنانەدا هەیە، کە لەگەڵی بەشداری لە پێکهاتەی ڕستەکەدا دەکەن.

**٢.١.١.١.٣. بکەر:**

بکەر ئەو پێکهێنی سەرەکی ڕستەیە، کە بە ئەنجامدان و ڕوودانی کاری ڕستەکە هەڵدەستێت یان هەڵناسێت و بکەر هەموو کات گرێی ناوییە، لەگەڵ هەموو جۆری کاردا دێت و بە ڕێگای(کێ، چ)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پرسیار لێدەکرێت، کەواتە بکەر دەبێت گیاندار یان بێگیان بێت.

### ١.٢.١.١.١.٣. جۆرەکانی بکەر لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

**١.بکەری ڕاستەقینە:**

ئەم جۆرە بکەرە بەحەز و ئارەزووی خۆی کارێک ئەنجام دەدات/نادات، واتە خۆی بڕیاری کارەکە دەدات نەک پێی دەکرێت، بێ ئەوەی شوێن و ئەرکی بەشێکی تری ڕستە بگرێتەوە(خەلیل، ک. ئـ. ٢٠١٣: ١٨)، ئەم جۆرە بکەرە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێت، هەروەها لە ڕووی شوێنیشەوە لە سەرەتادا دێت. بە واتایەکی تر دەتوانرێت بوترێت کە: ((بکەر ئەو کەرەستەیە کە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کاری ڕستە دا ڕێکدەکەوێت))(فەرهادی، س. ع. ٢٠١٣: ٢٢)

٩. من کۆترم فڕاند. (من کۆتر فڕاند).

١٠. ئەتو/ تو کەوەکەت نەگرت. (تە ئەوکەو نەگرت).

١١. ئەو سێڤێکی خوارد.

ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین، دەبینین لە ڕستەی (٩) دا (من) بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکەیە، کارەکەی بە حەز و ئارەزووی خۆی ئەنجامداوە، ئەرکی بکەری بینیوە و لە شوێنی خۆیدا هاتووە. هەروەها لە ڕستەی (١٠)دا(ئەتو/ تو) بکەری ڕاستەقینە ڕستەکەیە کارەکەی بە حەز و ئارەزووی خۆی ئەنجامنەداوە، ئەرکی بکەری بینیوە، لە ڕستەی (١١)یش بە هەمان شێوەیە.

**٢- بکەری ڕێزمانی:**

ئەو جۆرە بکەرەیە کە بە ئارەزووی خۆی کارەکە ئەنجام نادات، چونکە لە ڕاستیدا بکەرە ڕاستەقینەکە لادراوە، بکەری ڕێزمانی شوێنی بکەری ڕاستەقینە دەگرێت، بۆیە ئەم بکەرە لوجیکی نییە، تەنها ڕێزمانییە (محو، س. ئـ. ٢٠١٢: ٤٥)، هەروەها بکەری ڕێزمانی لەگەڵ ڕستەی بکەرنادیار دێت و لەگەڵ هەندێک کاری تێنەپەڕدا دێت (ئیسلام، ن. ع. ٢٠١٧: ٥١):

- کاری تێنەپەڕ:

١٢. شویشە شکیا.(شویشە شکەست).

١٣. گەڵا ڕزیا. (بەلگ ڕزی).

١٤. ئاو گەرم بوی. (ئاف گەرم بوو).

CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

له ڕستەی (١٢) دا کاری(شکیا) تێنەپەڕە، بکەرەکەی(شویشە) ڕێزمانییە، چونکە دەبێت کەسێک (شویشە)کەی شکاندبێ، ئەگینا شووشە بە خۆی ناشکێت، نموونەکانی تریش(١٣،١٤)ش بەهەمان شێوەیە.

- بکەرنادیار

١٥. مالەکە ڕوخاندریاگە. (ئەو مال هاتییە هەڕفاندن).

١٦. جلکگەلم هاتە شویشتن. (جلکێن من هاتنە شویشتن).

ئەگەر سەیری نموونەکان بکەین، لە ڕستەی (١٥)دا بکەری ڕێزمانی (مالەکە) و لە ڕستەی (١٦) بکەری ڕێزمانی (جلکگەلم) بەرکاری ڕستەن لە بنەڕەتدا، بەڵام لەبەرئەوەی ڕستە بەبێ بکەر نابێت، بۆیە بەرکاری ڕستەکان چوونەتە شوێنی بکەرەوە و ئەرکی بکەریان بینیوە.

**٣- بکەری هۆیی:**

ئەو بکەرەیە، کە بە توانا و حەزو ئارەزووی خۆی کارێک دەکات یان نایکات، بەڵام کارەکە بە کەسێکی تر دەکات، ئەم جۆرە بکەرە بە زۆری لەگەڵ کاری (دان) دێت، ئەویش بە مەرجێک ناوی کارێکی تێپەڕ لەگەڵیدا بێت(محو، س. ئـ. ٢٠١٢: ٤٥). ئەم جۆرە بکەرە لە شێوەزاری کەلەکچیشدا بەدیدەکرێت و هەروەها لە پاڵ کاری (دان):

١٧. من دزەکەم دا گرتن. (من ئەو دزیکەر دا گرتن).

١٨. ئەو باخی دا ئاودان. (ئەوی باخ دا ئاڤدان).

لە ڕستەکانی (١٧، ١٨) هەردوو (من، ئەو) بکەری هۆیین، چونکە خۆیان کارەکەیان ئەنجامنەداوە، بەڵام بە هەندێکی تر کارەکەیان ئەنجامداوە. کەواتە ئەمانە بکەری هۆیین و بکەری ڕاستەقینە لادراوە.

١٩. من دزەکەم بە پۆلیس دا گرتن. (من ئەو دزیکەر ب پۆلیسی دا گرتن).

کەواتە لە بنەڕەتدا (پولیس) بکەری ڕاستەقینە، بەڵام ناکرێ دوو بکەر و یەک کار لە ڕستەدا هەبێت، بۆیە ئەرکی لە ڕستەدا بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەگۆڕێت.

ڕێزبەندی بکەر لە سەرەتای ڕستەدا دێت، بەڵام هەندێکجار دەگۆڕێت ، ئەویش لە پێناو جەختکردنەوەی زیاترە، یان دلنیابوونە لە ڕوودان/ ڕوونەدانی کارێک. وەکو

٢٠. قەلپۆبی ترومبێل؟ (قولپی ترومبێل)؟

٢١. کەوەکە نەهرۆ بردی؟ (ئەو کەو نەهرۆیێ بر)؟

ڕێزبەندی ڕستەی (٢٠) بە پێی یاسای زمانی کوردی نییە، چونکە کار لە پێش بکەر هاتووە، ئەمەش لە پێناو دلنیابوونەوەیە لە ڕوودانەکە، چونکە کارەکە (قەلپۆبی) لە بکەری کارەکە (ترومبێل)ەکە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

گرنگترە، بۆیە هەندێکجار لەبەر گرنگی و جەختکردنەوە/ دلنیابوون لە ڕوودانەکە ڕیزبەندییەکە دەشێوێنێت، لە نموونەی (٢١) دا بەرکار (کەوەکە) لە پێش بکەر (نەهرۆ) دەرکەوتووە، چونکە بەرکارە ڕاستەوخۆیەکە بۆ ئاخاوتنکەرەکە گرنگترە لە بکەرەکە.

**٣.١.١.١.٣. بەرکاری ڕاستەوخۆ:**

بەرکار ڕاستەوخۆ یەکێکە لە پێکهێنەکانی ڕستە ، یان (ئەو کەرەستەیەیە، کە لەژێر کاریگەری گرێی کاری ڕستەدایە و فراوانی دەکات و کاری بکەرەکەی دەکەوێتە سەر)(خۆشناو، خ. ئـ. ٢٠٠٨: ٦٣). هەبوونی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە لە ڕستەی تێپەڕدا بە خورتییە، چونکە ڕستە لە ڕووی سینتاکسی و واتاییەوە تەواودەکات.

(پێکهێنی دووەمی بە خورتی کاری تێپەڕە لەژێر کاریگەری کاردایە، هەروەها بەرکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکاردێت)(محو، س. ئـ. ٢٠١٢: ٤٨) یەک لە تایبەتمەندییەکانی بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەوەیە تەنها لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەکاردێت و بەرکار لە ڕستەدا وەلامی (کێ، چ) دەداتەوە.:

٢٢. ئەو چێلەکە/ مانگا سەردەبڕێت. (ئەوێ چێلێ سەرژێدکەت).

٢٣. ئەو گۆڤار دەخوێنێتەوە. (ئەو گۆڤارێ دخوینت).

٢٤. ئەتو/ تو چیرۆک دەنوسی. (تو چیرۆکێ دنڤیسی).

ئەگەر لە ڕستەی (٢٢) بڕوانین دەبینین بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕستە (مانگا/ چێلەکە) لای خوێنەر ئاشکرایە، لە ڕستەی (٢٣)یش بەرکاری ڕستەکە لای ئاخاوتنکەر و گوێگر ڕوونە ڕستەی (٢٤) بە هەمان شێوەیە .

لە ڕووی ڕیزبەندییەوە شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا دەکەوێتە دوای بکەر، مەگەر لە هەندێک حالەتدا شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕووی ڕیزبەندییەوە بگۆڕێت کە وەک پێشتر باسمان کرد.

**٤.١.١.١.٣. تەواوکەر:**

کارەکە لە ڕێگەی ڕووداوێکی دیارکراوەوە هەلیدەبژێرێت، ئەمەش تایبەتمەندێتی کارەکەیە کە چ کەتیگۆرێک هەلبژێرێت. بۆ نموونە کار (کرد) گرێیەکی ناوی وەکو (فێر) وەکو تەواوکەر وەردەگرێت (قادر، س. ڕ. ٢٠٠٩: ٣٤-٣٥) :

٢٥. مامۆستا قوتابی <u>فێر</u> کرد. (مامۆستا قوتابی فێر کر).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لە ڕستەی (٢٥) دا (فێر) تەواوکەری کاری (کرد)ە، ئەگەر تەواوکەرەکە لابدرێت؛ ڕستەکە لە ڕووی واتاییەوە نە گونجاو و لە ڕووی سینتاکسییەوە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دروست دەبێت، تەواوکەر لە ڕووی واتاییەوە هەڵدەبژێرێت و ڕێگا پێ دەدات، کە لە پێکهاتەی ڕستەدا بوونی هەبێت، (کار و تەواوکەرەکانی پێکەوە دەروازەی فەرهەنگی کار دیاری دەکەن) (حسەین، ئـ. ئـ. ٢٠٢١: ١٤).

لە ڕستەی بکەر دیاردا بەردەوام تەواوکەر دەکەوێتە پێش کارەوە، بۆ نموونە:

٢٦. ئەو توی فێر کرد. (ئەوێ تویێ/ یا فێر کری).

٢٧. ئێمە دەرگەی خانگمان سوبغ کرد(مە دەرگەهێ خانی سوبغ کر).

٢٨. زۆر قشت بی. (زۆر جوان بوو).

٢٩. هاوڕێم منی سەربلند کرد. (هەڤالا من/هەڤالێ من ئەز سەربلند کرم).

دەتوانین بڵێین تەواوکەر لە ڕستەکانی سەرەوەدا واتای کارەکە تەواودەکات وەکو (فێر، سوبغ، قشت، سەربلند).

**٢.١.١.٣. تایبەتمەندیی پێکهێنە ناسەرەکییەکان:**

ئەو پێکهێنانەن کە بەشداری لە ڕستەدا دەکەن، ئەم پێکهێنانە ناسەرەکیین و مەرج نییە لە هەموو ڕستەیەکدا بەشداری بکەن، کەواتە سادەبوونی ڕستەی سادە بە هاتن و نەهاتنی ئەم پێکهێنانە ناگۆڕێت، بەڵام ئەرک لە بەرفراونکردنی ڕستەی سادەدا دەبینن و لەم پێکێنانە پێکدێت:

**١- بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

پێکهێنێکی ناسەرەکی ڕستەیە و لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دێت (کە بە هۆی ئامرازی پەیوەندییەوە دروست دەبێت، پێی دەوترێ گرێی پێشناوی، لەژێر گرێی کاری ڕستە دایە و فراوانی دەکات)(خۆشناو، خ. ئـ. ٢٠٠٨: ٩٢) دەبێتە وەلام بۆ پرسیارێک کە بە [بە، بۆ، لە، لەگەڵ+ کێ] یان [بە، لە، گەل+چ/چی] بکرێ).

٣٠. چنار کۆترەکەی <u>بەدەست</u> گرت. ( چنارێ ئەو کۆتر ب دەستی گرت).

٣١. من پسکێت <u>بە شەربەتەوە</u> دەخوم. (ئەز پسکێتان ب شەربەتێ دخۆم).

٣٢. تو <u>بەچ/چێ</u> هاتییەوە؟ (تو ب چ هاتیەڤە؟)

لە ڕووی ڕێزبەندییەوەش شوێنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا دەکەوێتە دوای بکەر، ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بێت، وەکو ڕستەی (٣٢) ، هەروەها شوێنی لە ڕستەدا دەکەوێتە دوای بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت، وەکو ڕستەکانی (٣٠، ٣١).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٢- ئاوەڵکاری کات:**

((کاتی ڕوودانی فرمان دیاری دەکەن، واتە دەبنە تەواوکەری فرمان لە ڕووی دیاریکردنی کاتی ڕوودانی فرمانەکەوە))(شوانی، ڕ. م. ٢٠٠٩: ٥٤). وەکو(ئیستەوە، دوێنێیەوە، ئیمڕوە، سوبەهی، پشت عەشا، بێنێکە، ئێواران، سوبەیان زوی، پاشێو، گاڤێکە، بێن نە بێن، ...).

٣٣. زانا <u>زوی</u> لە خەو هەلدەستێت. (زانا زوی ژ خەو ڕادبیت).

٣٤. کامیران <u>بە شەو</u> نانۆت/ ناخەفێت. (کامیران ب شەڤ نانڤیت).

٣٥. <u>دوێنێ</u> تۆ لە زانکۆ بووی. (دوهی تو ل زانکۆیی بووی).

ڕستەی (٣٣) (زوی) وەکو گرێیەکی ناوی ئەرکی ئاوەڵکاری کاتی بینیوە، پێکهێنێکی ناسەرەکییە لە ڕستەدا و بەلادانی واتای ڕستەکە تێکناچێت، بەڵکو تەنها ڕستەی فراوانکردووە و کاتی ڕوودانی کارەکەی دیارکردووە، لە ڕستەی (٣٤) (بە شەو) وەکو گرێیەکی بەند ئەرکی ئاوەڵکاری کاتی بینیوە. لە ڕستەی(٣٥) (دوێنێ) وەکو گرێیەکی ناوی ئەرکی ئاوەڵکاری کاتی بینیوە.

**٣- ئاوەڵکاری شوێن:**

ئەو جۆرە ئاوەڵکارەیە کە شوێنی ڕوودان یان ڕوونەدانی کارەکە لە ڕستەدا دەستنیشاندەکەن، ((هەڤالکارێ جهێ هەمی دەما دبیتە بەرسڤا پرسیارا (ل کیرێ؟) )) (عومەر، د. ع. ٢٠٠٩: ٥٥)،وەکو (لە بان، لە بن، لە تەنیشت، لە ڕەخ، لە ناوەدا، لە لای، لە عەوەلەوە، لە حەواوە، لە پشتەوە، لە پێشەوە، ئەی بەر، ئەوبەر، لەوپەر،...هتد).

٣٦. ئەو <u>لە بان</u> خانگ قسەی دەکرد. (ئەوی ل سەر بانی دئاخڤت).

٣٧. من <u>بە ڕەخ</u> ئەنوەرەوە دانیشتم. (ئەز ب ڕەخ ئەنوەریڤە ڕوینشتم).

ڕستەی (٣٦) (لە بان خانگ)، وەکو گرێیەکی پێشناوی ئەرکی ئاوەڵکاری شوێنی بینیوە، پێکهێنێکی ناسەرەکییە لە ڕستەدا و بەلادانی واتای ڕستەکە تێکناچێت، بەڵکو تەنها ڕستەی فراوانکردووە و بووەتە تەواوکەری کار، شوێنی ڕوودانی کارەکەی دەستنیشانکردووە، لە ڕستەی (٣٧) (بە ڕەخ ئەنوەرەوە) وەکو گرێیەکی پێشناوی ئەرکی ئاوەڵکاری شوێنی بینیووە.

**٤- ئاوەڵکاری چۆنیەتی:** ئەو جۆرە ئاوەڵکارەیە کە لە ڕستەدا وەسفی چۆنیەتی ڕوودانێک دەکات، وەکو: (بە جوانی، بە کرێتی، بە خۆشی، بە پێ، بە دل، بە توندی، بە ڕەقی، بە گەرمی، بە ئاسانی، بە زەحمەتی، ...هتد).

٣٨. ئەو <u>بەجوان</u> نامەی نویسی. (ئەو ب جوانی نامە نڤیسی).

٣٩. شێروان <u>بە پێ</u> نەهات. (شێروان ب پێیان نەهات).

٤٠. سەمیرە <u>بە ئاسانی</u> ڕازی نابێت. (سەمیرە ب ساناهی ڕازی نابیت).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئاوەڵکاری چۆنیەتی، وەکو (بە جوانی، بە پێ، بە ئاسانی) لە ڕستەکانی (٣٨، ٣٩، ٤٠) دا دەبنە وەلامی پرسیاری (چاوا) لە ڕستەدا .

**٢.١.٣. جۆرەکانی ڕستەی سادە:**

بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ڕستەی سادە، پشت بە جۆری پێکهێنە سەرەکییەکان و ناسەرەکییەکان دەبەستین، بە تایبەت هاتن و نەهاتنی پێکهێنە ناسەرکییەکان، چونکە پێکهێنە سەرەکییەکان لە هەر دوو جۆری ڕستەی سادەدا بەشدارن:

**١.٢.١.٣ ڕستەی سادەی ناوک:**

ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە تەنها پێکهێنە سەرەکییەکانی ڕستە لە خۆ دەگرێت، کەواتە لە کار و پێداویستەکانی کار پێکدێت، لە ڕووی پێکهێن و واتاوە سەربەخۆیە و بۆ تەواوکردنی واتا و پێکهاتەکەی پێویستی بەپێکهێنەکی تر نییە:

٤١. ئەمن/من نۆستم . (ئەز نڤستم).

٤٢. ئەو نانی خوارد. (ئەوی تێشت/فراڤین/شیڤ خوار).

٤٣. ئەو قوتابی بوو.

ئەگەر ڕستە تەنها لە پێکهێنە سەرەکییەکان پێکهاتبێت، وەکو ڕستەی (٤١) کە تەنها (بکەر، کار)، هەروەها لە ڕستەی (٤٢) (بکەر و بەرکار، کار) ، یان ڕستەی (٤٣) کە لە سێ پێکهێنی سەرەکی پێکهاتووە کە ئەویش(بکەر، تەواوکەر، کار)ن، پێیان دەڵێن ڕستەی سادەی ناوک.

**٢.٢.١.٣. ڕستەی سادەی فراوانکراو:**

ئەو جۆری ڕستەی سادەیە، کە هەم پێکهێنە سەرەکییەکان هەم ناسەرەکییەکانیش بەشداری لە پێکهاتەی ڕستەکەدا دەکەن، وەکو ( بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵکاری کات و شوێن و چۆنیەتی.. هتد). هەروەها بەهۆی ئەم پێکهێنە ناسەرەکییانەوە دەتوانین ڕستەی سادە فراوان بکەین(ئەمین، ش. ن. ٢٠١٥: ٥٥):

٤٤. ئازاد هات. (ئازاد هات).

٤٥. ئازاد دوێنێ هات. (ئازاد دوهی هات).

٤٦. ئەو ئازاد کوڕمی دیت. (ئەوی ئازادێ کوڕێ من دیت).

٤٧. ئەو ئازاد کوڕمی لەگەڵ نەوزاد دیت. (ئەوی ئازادێ کوڕێ من لگەل نەوزادی دیت).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لە ڕستەی (٤٤) دا ڕستەکە ڕستەیەکی سادەی ناوکە، کە تەنها لە دوو پێکهاتەی سەرەکی (بکەر و کار) پێکهاتووە ، بەڵام لە ڕستەی (٤٥) دا ڕستەی سادەی ناوک بە هۆی زیادکردنی پێکهێنی ناسەرەکی ئاوەڵکاری کاتی(دوێنێ) فراوانکراوە. ڕستەی (٤٦) لە سێ پێکهێنی سەرەکی (بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار) پێکدێت، لە ڕستەی (٤٧)دا بە زیادکردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (لەگەڵ نەوزاد) فراوانکراوە.

## ٢.٣. بەندی دووەم: پەیوەندی لە نێوان جێناو و ڕێککەوتنی ڕستە لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

### ١.٢.٣. جێناو لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

**ا- زاراوەی جێناو:**

ڕێزماننووسەکانی کورد زۆر زاراوەیان بۆ جێناو بەکارهێناوە, لەوانە:

١. مامۆستا سعید سدقی (زەمیر) (لێژنەی زمان و زانستەکان ..٢٠١١ : ٢٦،٢٥) .

٢. مامۆستا تەوفیق وەهبی(بۆناو) (وەهبی، ت. ١٩٢٠).

٤. (بەرناف) (کورد، ڕ. ٢٠٠٨ :٧١).

٥. (جێناو) (حاجی مارف، ئـ. ١٩٨٧: ٣).

٦. (ڕاناو) (ئەمین، ن. ع. ٢٠١٢: ٨٤).

**ب - پێناسەی جێناو:**

١. ((ئەوە کو شوونا ناڤ دگرە –ژبەر ناف ڤە تێ گۆتن)) (جگەرخوێن،١٩٦١:١٧).
٢. (دهێتە ژمارتن ئێك ژ پشکێن ئاخافتنێ و هەلگرێ چەمکێ کەس و ژمارەیی و تاك و کۆیە، پێکهاتییە ژ مۆرفیمەکێ یان چەند مۆرفیمەکان کو جهێ ناڤەکی یان ژێ گۆتنەکێ دگریت وێ ژ دووبارەکرنێ دپارێزیت) (عەبدوڵلا، ع. ن. ٢٠٠٨: ٣٠).

کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین جێناو : بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، مۆرفیمێك یان چەند مۆرفیمێکی دیاریکراون، جێگەی ناوێك یان گرێیەکی ناوی دەگرێتەوە و دەتوانێت ئەرك و تایبەتمەندییەکانی ناو یان گرێی ناوی وەربگرێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٣.٢.٢. جۆرەکانی جێناو:**

**٣.٢.٢.١. جێناوی کەسی سەربەخۆ:**

لە شێوەزاری کەڵەکچیدا یەک دەستە جێناوی سەربەخۆ(من، ئێمە، تو، ئێوە، ئەو، ئەوان) هەیە، ئەم دەستە جێناوە دەتوانێت ئەرکی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و لە ڕووی لە پێکهاتەی ڕستە دا ببینێت:

٤٨. من توم لەگەڵ ئەو بینی.

لە ڕستەی سەرەوەدا جێناوی سەربەخۆی(من) ئەرکی بکەر (تو) بەرکاری ڕاستەوخۆ و (ئەو) بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت، هەروەها لە پێکهاتەی گرێدا ئەرکی سەرە یان دیارکەر، یان تەواوکەر دەبینێت.

**٣.٢.٢.٢. جێناوە لکاوەکان**

- **زاراوە و پێناسەی جێناوی لکاو:**
- **لە ڕووی زاراوەوە:**

لە سەرەتای نووسینی زمانی کوردیدا زۆر زاراوە لە بەرامبەر (جێناوی لکاو) بەکارهێنراوە، وەکو:

١. ڕاناوی بەسراو (عەزیز، ح. م. ٢٠٠٥: ٤٩٨).

٢. جیناڤا نویسەك (گوهەرزی، م. ت. ١٩٩٩: ٧٧).

٣. بەرناڤێن دوومدار (کورد، ڕ. ٢٠٠٨: ٧٣).

٤. ڕاناوی چالاك (محەمەد، م. ٢٠١١ : ١٣٩).

٥. جێناوی لکاو(موکریانی، ک. ١٩٨٠: ٢٤٠).

بەڵام ئێمە زاراوەی (جێناوی لکاو)مان بەکارهێناوە.

- **پێناسەی جێناوی لکاو :**

ڕێزماننووسەکان زۆر لە بارەی پێناسەی جێناوی لکاوەوە نووسیویانە و هەر یەکێك بەشێوازێك پێناسەی کردووە و زۆریشیان تا ڕادەیەك لەیەك دەچن، بۆیە ئێمە هەندێکك لە پێناسەکان دەخەینە ڕوو:

١. ((جێناوی لکاو بۆ دەربڕینی دەوری کەسی و پێوەندی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێت ، هەمیشە بە وشەیەکی دی یەوە دەلکینرێ، بەواتای سەربەخۆ بەکارنایەت)) (موکریانی، ک. ١٩٨٠: ٢٤٠).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٢. ((بریتین لەو جێناوانەی، کە لە جیاتی جێناوی سەربەخۆ و ناوی کەس بەکاردێن، وەکو وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لە ناو ڕستەدا بەکارنایەن، بەڵکو بە وشەیەکی ترەوە دەلکێنرێن، بۆ دەربرینی دەوری کەسی و پەیوەندی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێت و ناکرێت ئاخاوتنی دەست پێ بکرێت))(قادر، ت. م. ٢٠٠٤: ٥-٦).

لەوانەیە زۆربەیان لە ژێر کاریگەری یەکتر پێناسەیان بۆ جێناوی لکاو کردبێت، بەڵام شێوازی نووسینیان جیاوازە، ئەوەی گرنگە بڵێین کە (جێناوی لکاو کە لە شوێنی ناوی کەس بەکاردێت)، چونکە وەکو  دیارە ناوی کەسی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە:

٤٩. چنار گول دەچێنێت. (چنار گولان دچینیت).

٥٠. شێر غەزالێک دەخوات. (شێر خەزالەکێ دخوت)

٥١. گول وەریاۋ. (گول لوەریاۋ).

لێرەدا دیارە کە فۆرمی (ێت)ی ڕستەی (٤٩) جێناوی لکاوە بۆ چنار دەگەڕێتەوە کە مرۆڤە، بەڵام فۆرمی(ات)ی ڕستەی (٥٠) بۆ شێر دەگەڕێتەوە کە گیانەوەرە، فۆرمی(ۋ) مۆرفیمی ڕێککەوتنە بۆ ناوی گول  لە ڕستەی (٥١)دا دەگەڕێتەوە، کەواتە فۆرمی (ات/ ۋ/ ێت) تەنیا وەک جێناوی لکاو بۆ ناوی کەس نییە ، بەلکو جێناوی لکاو ڕۆڵی ناو دەگێڕیت، بۆیە  گونجاوترە بوترێت (جێناوی لکاوە بۆ ناو دەگەڕێتەوە)، چونکە جێناوی لکاو نەك  تەنیا بۆ مرۆڤ بەکاردێت، بەلکو بۆ مرۆڤ و گیانەوەر و ڕووەك و بێگیانەکانیش بەکاردێت. بۆیە ئێمە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین:

جێناوی لکاو: ئەو جێناوە لکاوانەن کە بە گرێی ناوی یان گرێی کارییەوە دەلکێن، لەگەڵ  جێناوی سەربەخۆ و ناو لە کەس و ژمارە و ڕەگەز ڕێکدەکەون، هەروەها ناتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆ ڕۆڵی خۆیان ببینن و واتا ببەخشن لە ناو ڕستەدا، بەلکو بە کەرەستەیەکی تری ناو ڕستەکەوە دەلکێن، بۆ دەربڕینی دەوری ناو و پەیوەندی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێن.

### ٣.٢.٣. دەستەی جێناوە لکاوەکان لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

**دەستەی یەکەم:**

| بەپێی کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مان |
| دووەم | ت | تان |
| سێیەم | ی | یان |

خشتەی ژمارە (٢)

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا( برد) بەکاردێت:

٥٢. بردمە دەم ئاو. (من ئەو برە سەر لێڤا ئاڤێ).

٥٣. بردگتە ئۆرە. (تە ئەوێ برییە ئەوێرێ).

(بردم ، بردمان ، بردت ، بردتان ، بردی ، بردیان).

هەروەها بە زۆر بەشە ئاخاوتنی تریشەوە دەلکێن(حاجی مارف، ئـ. ١٩٨٧: ١١٠):

**١. لەگەڵ ناو:**

دەمم ، چاومان ، ددانت ، نیشتیمانتان ، گوڵی ، ماڵیان

٥٤. من دەستم کردە بان دەمم. (من دەستێ خۆ دانا سەر دەڤێ خۆ).

٥٥. ددانت باش باش بشۆ. (ددانێن خۆ باش باش بشۆ).

**٢. لەگەڵ ئاوڵناو:**

جلك جوانم ، سپیم، چاو ڕەشم،...

٥٦. جلک جوانم کردە بەر. (من جلکێن جوان کرنە بەر خۆ).

٥٧. من ترومبێلێک سپیم سەند/کڕی. (من ترومبێلەکا سپی کڕی).

**٣. لەگەڵ جێناوی کەسی جودا:**

٥٨. ئەتو/ تو منت گرت. (تە ئەز گرتم).

٥٩. ئێمە تومان نەبرد. (مە تو نەبری).

٦٠. ئەوان منیان گەرەکە. (ئەوان ئەز دڤێم).

**٤. لەگەڵ جێناوی نیشانە:**

٦١. ئەیەم سەند. (من ئەڤە کڕی).

٦٢. ئەیانەمان دا شۆل. (من ئەڤە دان شولی).

ڕستەی (٦١)دا جێناوی نیشانە(ئەیە) بۆ تاکی نێر و مێی نێزیک بەکاردێت، لە ڕستەی (٦٢)دا جێناوی نیشانە (ئەیانە) بۆ کۆی نێر و مێی نێزیک بەکاردێت.

**٥. لەگەڵ جێناوی پرسیار:**

٦٣. چ تان هاورد؟ (هەوە چ ئینا)؟

**٦. لەگەڵ جێناوی نەفی:**

٦٤. هیچم بۆی نەکرد. (من چ بۆ ئەوی/ ئەوێ نەکر).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٦٥. هیچت لێ نەزانی. (تە چ ژێ نەزانی).

**٧- لەگەڵ ئاوڵکاری شوێن:**

٦٦. ئێرەم شویشت. (من ڤێرێ شویشت).

٦٧. سەرەوەتان بینی؟ (هەوە سەری دیت)؟

**٨- لەگەڵ ئاوڵکاری کات:**

٦٨. دوێنێشمان بەخۆشی بەسەربرد. (مە دوهی ژی ب خۆشی بووراند).

٦٩. نیمەڕۆتیش لێ کردە ژەحر. (تە نیڤرۆ ژی لێ کرە ژەهر).

**٩- لەگەڵ ئاوڵکاری ڕادە :**

٧٠. زۆرمان لێیان برد. (مە گەلەک ژ ئەوان بر).

٧١. زۆرت خوارد. (تە گەلەک خوار).

**١٠- لەگەڵ ژمارە:**

٧٢.دووانم فرۆشت. (من دوو فرۆشتن).

٧٣.چوارت کڕی/سەند. (تە چوار کڕین).

**١١- لەگەڵ پێشناوییکان:**

٧٤. بۆم بینە/بێرە. (بۆ من بی نە).

٧٥. لێمان بکڕە/بستێنە. (ژ مە بکڕە).

٧٦. کێتان عەردی تۆم دا؟ (کێ ژ هەوە زەڤی تۆڤ دا)؟

٧٧. کاینمان لە گەڵت تێینە دهۆک؟ (کی ژ مە دێ لگەل تە دێ هێتە دهۆکێ)؟

لە ڕستەی (٧٤) دا (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک و ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیوە، لە ڕستەی (٧٥) دا (مان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆیە و ئەرکی بەرکاری بینیوە

**دەستەی دووەم:**

| بەپێی کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مان |
| دووەم | ت/ ی | تان |
| سێیەم | Ø | ن |

خشتەی ژمارە (٣)

لەگەڵ ڕستەی کاری ڕابردووی تێنەپەڕ بەکاردێت:

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٧٨. ئەمن/ من هاتم . (ئەز هاتم).

٧٩. ئێمە هاتمان. (ئەم هاتین).

٨٠. ئەتو/ تو هاتی. (تو هاتی).

٨١. ئێوە هاتتان (هوین هاتن).

٨٢. ئەو هات Ø. (ئەو هات Ø).

٨٣. ئەوان هاتن . (ئەو هاتن).

ئەگەر سەیری جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم بکەین تایبەتمەندییەکی تری سینتاکسی شێوەزاری کەلەکچیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەویش لەیەکچوونی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم دووەمن، مۆرفیمی ڕێککەوتن بۆ کەسی یەکەم و دووەمی تاك و کۆ (م، مان، ت، تان) هاوبەشن لە هەر دوو دەستەی یەکەم و دووەم، بۆیە ئەوەی دەستەی دووەمی مۆرفیمی ڕێککەوتن لە دەستەی یەکەمی مۆرفیمی ڕێککەوتنی جیادەکاتەوە، مۆرفیمی ڕێککەوتنە بۆ کەسی سێیەمی تاک و کۆنە (Ø/ ن)

بە شێوەیەکی گشتی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک (ی) بەکاردێت، بەڵام لە زۆر حالەتدا جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک (ت) بەکاردێت وەک نموونەی( ٨٤، ٨٥).:

٨٤. تو چویت. (تو چووی).

٨٥. تو هاتت.

بەم شێوەیە لە پێناو جیاکردنەوەی هەر دوو دەستە جێناوە لکاوەکان لە یەکتری بە هۆی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک و کۆ لەیەکتر جیادەکرێنەوە،

- **دەستەی سێیەم:**

لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت.

| بەپێی کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دووەم | ی | ن |
| سێیەم | ات(ا)/ ێت (ێ)، ە | ن |

خشتەی ژمارە (٤)

مۆرفیمی ڕێککەوتن بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی سێیەمدا خۆی بە (ات، ێت، ە) دەردەخات، ئەگەر بنیاتی کارەکە کۆتایی بە(ۆ/ە) هاتبوو، ئەوا جێناوە لکاوەکان وەکو فۆڕمی (ات) دەگرێتە خۆی،



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دوای ئەوە (ۆ) دەبێتە(و)ی کۆنسنانت و (ە) لادەدرێت و نامێنێت) (ئەمین، و. ع. ٢٠٠٩: ١٠٣): وەکو ڕستەی (٨٨،٨٧).

(دەخوات، دەبات، دەکات،...)، بەڵام ئەگەر ڕەگی کارەکە بە (ۆ،ە) کۆتایی نەهاتبوو، ئەوا (ێت) وەردەگرێت، وەکو ڕستەی (٨٨) هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە هەندێکجار بۆ سووکردنەوە لە کاتی ئاخاوتندا جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەم بە شێوی (دەخوا) و (دەدا) یان (دەچێ) دەردەکەوێت، وەکو لە ڕستەکانی (٨٦، ٨٧، ٨٨) ئاماژەمان پێ کردووە:

٨٦. ئەو کالەک دەخوات/ دەخوا. (ئەو گندۆران دخوت). ڕەگی کارەکە (خۆ)

٨٧. ئەو ئاو گڕ دەدات/ دەدا. (ئەو ئاڤێ دابەش دکەت). ڕەگی کارەکە (دە)

٨٨. ئەو دەچێت/ دەچێ (ئەو دچیت). ڕەگی کارەکە (چ).

ئەم دەستە جێناوە لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ بەم شێوەیە دەبێت:

٨٩. ئەمن/ من دەکەفم. (ئەز دکەڤم).

٩٠. ئێمە دەکەفین. (ئەم دکەڤین).

٩١. ئەتو/ تو دەکەفی. (تو دکەڤی).

٩٢. ئێوە دەکەفن. (هوین دکەڤن).

٩٣. ئەو دەکەفێت. (ئەو دکەڤیت).

٩٤. ئەوان دەکەفن. (ئەو دکەڤن).

هەروەها ئەم دەستە جێناوە لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕیش بەم شێوەیە دەبێت:

٩٥. ئەمن/ من قاپی/ دەرگە دەکەمەوە. (ئەز دەرگەهی ڤەدکەم).

٩٦. ئێمە قاپی/ دەرگە دەکەینەوە. (ئەم دەرگەهی ڤەدکەین).

٩٧. ئەتو/ تو قاپی/ دەرگە دەکەیەوە. (تو دەرگەهی ڤەدکەی).

٩٨. ئێوە قاپی/ دەرگە دەکەنەوە. (هوین دەرگەهی ڤەدکەن).

٩٩. ئەو قاپی/ دەرگە دەکاتەوە. (ئەو دەرگەهی ڤەدکەت).

١٠٠. ئەوان قاپی/ دەرگە دەکەنەوە. (ئەو دەرگەهی ڤەدکەن).

جێناوی لکاوی(ە) بۆ کەسی سێیەمی تاك کاتێک بەکاردێت، ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی بێهێز بێت:

١٠١. ئەمن/ من سەربلندم. (ئەز سەربلندم).

١٠٢. ئێمە سەربلندین. (ئەم سەربلندین).

---

(١). لە کرمانجی سەرووداد کاری ڕانەبردووی ئێستا و داهاتوو هەیە (د، دێ) بەڵام زۆربەی نموونەکانی کرمانجی سەروو تەنها کاری ڕانەبردوو تافی ئێستامان بەکارهێناوە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٠٣. ئەتو/ تو سەربلندی. (تو سەربلندی).

١٠٤. ئێوە سەربلندن. (هوین سەربلندن).

١٠٥. ئەو سەربلندە. (ئەو سەربلندە).

١٠٦. ئەوان سەربلندن. (ئەو سەربلندن).

- **دەستەی چوارەم:**

| بەپێی کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | — | — |
| دووەم | ە | ن |
| سێیەم | — | — |

خشتەی ژمارە (٥)

ئەم دەستە جێناوە (ــ ، ــ ، ە ، ن ، ــ ، ــ) لەگەڵ کاری داخوازی ( تێپەڕ، تێنەپەڕ) بەکاردێت:

١٠٧. ئەتو/ تو بنویسە. (تو بنڤیسە)

١٠٨. ئێوە بنویسن. (هوین بنڤیسن).

دەبێ تێبێنی ئەوەش بکرێت، کە هەندێکجار مۆرفیمی ڕێککەوتن بۆ کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کارانەی کە بنیاتی کاریان کۆتایی بە پیتی ڤاوڵ (ە، ۆ) هاتبێت، بە دەگمەنی بنیاتی کار بەم دوو ڤاوڵەش کۆتایی دێت(وو،ێ) (خۆشناو، ن. ع. ٢٠١١: ٣٣)

١٠٩. نان و ماست بخۆ. (نان و ماستی بخۆ).

١١٠. کار باش بکە. (کارێ باش بکە).

### ٤.٢.٣. جۆری ڕێککەوتن لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

(ڕێککەوتن وەکو زاراوە لە زۆربەی زمانەکانەکاندا زاراوەی تایبەتی بۆ بەکارهێنراوە، لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەکانی(Concord, Agreement Correspond, Congruence....)، لە زمانی عەرەبیدا (التوافق، اتفاق، التوفیق)، لە زمانی کوردیشدا زاراوەکانی (گونجوان، گونجواندن، ڕێککەوتن)یان بۆ بەکارهێناوە، هەروەها لە ڕووی چەمکەوە ڕێککەوتن کەرەستەکانی زمان دەگرێتەوە، کە بە پێی یاسا سینتاکسی و واتاییەکان لەگەڵ یەکتریدا ڕێککەوتوون(عەبدوللا، م. ک. ئەوانی تر. ٢٠٢٠: ٣).

ڕێککەوتن دیاردەیەکی ڕێزمانییە کە لە سنووری ڕستەدا کەرەستەیەك بە کەرەستەیەکی ترەوە گرێ دەدات، کە پەیوەندیەکی ڕێزمانی لە نێوانیاندا هەبێت (سلێڤانەیی، ڤ. س. ح. ٢٠٠١:٢٦)، هەروەها



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ڕێککەوتن دەبێتە هۆی زیاتر ڕوونکردنەوەی سیماکانی کەرەستە ڕێککەوتووەکان و ئەو ئەرکەی کە لە ڕستەدا دەیگێڕن (برزۆ،ئـ. ب. ٢٠٠٦:٧٧)، هەروەها پێکهاتەکانی ڕستە دوو جۆرە ڕێککەوتنیان دەبێت، ڕێککەوتنی ڕێزمانی و ڕێککەوتنی واتایی، ڕێککەوتنی ڕێزمانی واتە لە ڕووی کەس و ژمارە و ڕەگەزەوە ڕێککەوتن هەبێت، کەواتە ڕێککەوتن لە ڕووی ڕووخسارە ڕێزمانییەکانی، وەکو (ژمارە، کەس، ڕەگەز )ەوە کاتێک بکەر کەسی یەکەم، تاک، نێر، بێت پێویستە لەگەڵ جۆر و شێوەی خۆی ڕێک بکەوێت، لە ڕووی واتاییشەوە واتاداربێت (دزەیی، ع. م. ٢٠١٣: ٦٢-٦٧):

بۆ نموونە ئەگەر جێناوی لکاو (ە، ن) بوون، کە بۆ کاری داخوازی بەکاردێت، ڕیککەوتن بەم شێوەیە دەبێت:

١١١. تو بخوێنە . (تو بخوینە).

لە ڕستەی (١١١)دا (تو) بکەری ڕستەیە بۆ کەسی دووەمی تاکە، ڕێککەوتنی ڕێزمانی لەگەڵ کاری ڕستەکەدا هەیە، ئەویش جێناوێکی لکاوی داوەتە پاڵ کارەکە، کە لە ڕووی کەس و ژمارە لەگەڵ کارەکەدا ڕێککەوتووە.

١١٢. کچێ وەرە (کچێ وەرە).

١١٣. کوڕە وەرە. (کوڕۆ وەرە).

١١٤. کچگەل/ کوڕگەل وەرن. (کچینۆ/ کوڕینۆ وەرن).

١١٥. *کچگەل/ کوڕگەل وەرە. (*کچینۆ/ کوڕینۆ وەرە).

لە ڕستەی (١١٢)دارێککەوتنی بکەر (کچ) بە هۆی مۆڕفیمی بانگکردنی کەسی دووەمی تاکی مێ یە ڕێککەوتنی لەگەڵ کاری ڕستەکەدا کردووە و جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی بە کارەکەوە لکاندووە، کەواتە لە ڕووی کەس و ژمارە و ڕەگەزەوە ڕێککەوتن بەرهەمهێنراوە. لە ڕستەی (١١٣)دا بەهەمان شێوەی ڕستەی پێشوو جگە لەوە نەبێت کە مۆڕفیمی بانگکردن بۆ کەسی دووەمی تاک نێرە.

بەڵام لە ڕستەی (١١٤)دا ڕێککەوتن لەگەڵ مۆڕفیمی کۆ (گەل)ە کە لەگەڵ (کچ)دا هەیە، هەروەها ڕێککەوتن لە نێوان مۆڕفیمی کۆ (گەل) لەگەڵ کاری ڕستەکەدا هەیە، ئەویش جیناوێکی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ (ن) لەگەڵ کارە داخوازییەکەدا. کەواتە ڕێککەوتن لە ڕووی کەس و ژمارە و ڕەگەزەوە لە نێوان کەرەستەکانی ئەم ڕستانەدا هەیە.

ڕستەی (١١٥) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، چونکە (کچگەل) لە ڕووی کەسەوە ئاماژە بە کەسی دووەم دەکات، کە لە ڕووی ژمارەوە ئاماژەیە بۆ کۆ، بەڵام کاری (وەرە) لە ڕووی کەسەوە ئاماژە بە کەسی دووەم دەکات، کە لە ڕووی ژمارەوە ئاماژە بە تاک دەکات، کەواتە ڕێککەوتن لە ڕووی کەسەوە هەیە، بەڵام لە ڕووی ژمارەوە نییە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، ئەم دەستە جێناوە وەردەگرێت: (م، مان، ت، تان، ی، یان) ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردا پەیدادەبێت.

هەر وەکو لەم نموونانەی خوارەوە دیاردەبێت:

١١٦. من نانم خوارد. (من شیڤ خوار).

١١٧. ئێمە نانمان خوارد. (مە شیڤ خوار).

ئەگەر سەیری ڕستەی (١١٦) بکەین، دەبینین بکەری ڕستە (من) لەگەڵ بەرکاری ڕستەکەدا (نان) ڕێککەوتووە، ئەویش جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک(م) بە بەرکاری ڕستەکەوە لکاوە، بەم شێوە ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردایە. کەواتە لە ڕووی کەس و ژمارەدا ڕێککەوتن هەیە. بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بێت، ئەم دەستە جێناوە وەردەگرێت: (م، مان، ت، تان، ‌ە، ن)، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا پەیدادەبێت، هەر وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا دیاردەبێت:

١١٨. ئەمن/ من چویم. (ئەز چووم).

لە ڕستەی (١١٨) ڕێککەوتن لە نێوان بکەری ڕستە (من) لەگەڵ کاری ڕستە(چوی)دا هەیە، کە جێناوێکی لکاوی بۆ کەسی یەکەمی تاک بە کارەکەوە لکاوە. بەم شێوە دەکرێ بوترێت ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕبێت، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا پەیدادەبێت.

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بێت ئەم دەستە جێناوە وەردەگرێت: (م، ین، ی، ن، ات/ێت، ن) ڕککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا پەدادەبێت.

١١٩. ئەمن/ من بە دەست کەروێشک دەگرم. (ئەز ب دەستی کێڤریشکێ دگرم).

١٢٠. ئەوان بە شەو تێن. (ئەو ب شەڤ دهێن).

لە ڕستەی (١١٩)دا ڕستەیەکی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی تێپەڕە، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر(ئەمن) و کاری ڕستە (دەگرم)، کە بە هۆی جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک کە بە کاری ڕستەکەوە لکاوە ڕێککەوتنەکە پەیدابووە.

لە ڕستەی (١٢٠)دا کە ڕستەیەکی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی تێنەپەڕە، بە هەمان شێوەی ڕستەی پێشوو ڕێککەوتنەکە پەیدابووە، بەمەش لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتن لە نێوانیاندا پەیدابووە.

- **دەستەی یەکەم:**

جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمی (م، مان، ت، تان، ی، یان) لەگەڵ پێکهێنەکان ڕستە دا ڕێکدەکەون ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت و شوێنیان لە ناو ڕستەدا دەگۆڕێت(ئەمین، ک. ع. ٨٦:٢٠١٢).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- ڕابردووی نێزیکی ڕاگەیاندن:(گرتم ، گرتمان، گرتت ، گرتتان، گرتی ، گرتیان).
- ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن :(نویسیبیم، نویسیبیمان، نویسیبیت، نویسیبیتان، نویسیبیی، نویسیبییان).

لە کاری ڕابردووی بەردەوامی ڕگەیاندن لەدوای نیشانەی (دە) جێناوی لکاوی بکەر دەردەکەوێت بۆ نموونە:

١٢١. ئێمە دەماندیت.

١٢٢. ئێوە دەتان نارد.

١٢٣. ئەوان دەیان خوارد.

لە کاری ڕابردووی تەواودا جێناوە لکاوەکان دەکەونە کۆتایی نیشانەی تەواوی (گ)، بۆ نموونە:

١٢٤. گرتگم. (من گرتییە).

١٢٥. نۆستگت (تو نڤستیی).

بەڵام لە کاری (داڕژاو یان لێکدراو)دا دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە:

١٢٦. ڕامگرتگە. (من ڕاوەستاندییە).

١٢٧. بە دەستم کەفتگە.(ب دەستێ من کەفتییە).

١٢٨. هەڵمانبژاردگە. (مە هلبژارتییە).

(بە شیوەیەکی گشتی جێناوە لکاوەکانی(م، مان، ت، تان، ی، یان ) دیاردەی ڕێککەوتن پەیدا دەکەن، لە سنووری هەر چوار شێوەکەی کاری ڕابردووی ڕاگەیاندنی(نێزیك، دوور، تەواو، بەردەوام) (بابان، ش. ٢٠١٢:٤٦). کەواتە دەتوانرێت بوترێت، جێناوە لکاوەکانی ئەم دەستەیە بەلادانی کەرەستەی سەرەکی (بەرکاری ڕاستەوخۆ) و بە زیادکردنی هەر کەرەستەیەک و بە لابردنی هەر کەرەستەیەکی ناسەرەکی جێناوی لکاو بۆ تەواوکردنی دیاردەی ڕێککەوتنەکە لە ڕستەدا لانادرێت، تەنانەت ئەگەر بکەری ڕستەش لە ڕووی سەرەوە لابدرێت، جێناوە لکاوەکان بە کارەکەوە دەنووسێن و ڕێککەوتن دێننە ئاراوە.

- **دەستەی دووەم:**

(لە ڕابردووی تێنەپەردا جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م، مان ،ی/ ت ، تان ، Ø، ن) بە کارەوە دەلکێن و دەکەونە کۆتایی کار)، بۆ نموونە:

١٢٩. من لە بابەتەکە کەفتم.

١٣٠. ئێمە هاتمان.

ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردایە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- **دەستەی سێیەم:**

لە کاری ڕانەبردووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ)دا, جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م ـ ین، یت ـ ن ، ێت (ات) ـ ن) دەبنە بکەر و دەچنە کۆتایی کارەکە، ئەگەر (سادە، داڕێژراو ، لێکدراو )بێت (حاجی مارف،ئـ.٢٧:١٩٨٧).

١٣١. من گولەکە دەچێنم. (ئەز ئەوێ گولێ دچینم).

١٣٢. تۆ دەچویی. (تو دچی/ دێ چی).

١٣٣. ئەو نان دەخوات. (ئەو شیڤێ دخوت).

کەواتە ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردایە.

- **دەستەی چوارەم:**

ئەگەر کاری ڕستەی داخوازی (تێپەڕ و تێنەپەڕ) ی (سادە ,داڕێژراو,لێکدراو)بێت, ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکانی (ە , ن) جێناوی لکاون و دەچنە کۆتایی ڕەگی کارەکە (لێژنەیێك لە وەزارەتی پەروەردە، ٣٦:٢٠٠٩).

١٣٤. تۆ نامەکە بنێرە . (تو ئەوێ نامەیێ فرێبکە).

١٣٥. ئێوە کتێبەکە بنێرن . (هوین ئەوێ پەرتووکێ فرێبکەن).

## ٣.٣. بەندی سێیەم: لادانی پێکهێنەکان لە ڕستەی سادەدا:

### ١- لادانی بکەر لە ڕستەی سادەدا:

لادان لە زۆربەی زمانەکانی جیهان بەدی دەکرێت، لە زمانی کوڕیدا زاراوەی (لادان، کرتاندن، قرتاندن) بەکارهێنراوە، دەکرێت بوترێت (لادان بریتییە لە چەندین کەرەستە کە بەشداری لە داڕشتنی ڕستەدا دەکەن و بوونی ئەو کەرەستانە بە خورتییە و جێکەوتەکانیان چەسپاوە، بەڵام زۆربەی ئەو کەرەستانە دەرنابڕدرێن و دەربڕینێکی فۆنەتیکییان نییە، بەڵکو بە جێکەوتەکانیان دەستنیشاندەکرێن)(عبداللە، م.ک، احمد، ت.س. ٢٠١٩: ١٢٣). لادانی بکەر لە ڕستەدا ، واتە لە ڕووی سەرەوەدا لابدرێت، یان نە گوترێت بەڵام لە ئاستی قوڵدا هەیە، چونکە پێکهێنێکی بەخورتییە. بۆ نموونە:

بکەر+بەرکار+کار

١٣٦. ئازاد نانی خوارد. (ئازادی شیڤ خوار). ڕووی ناوەوە

١٣٧. ـــــ نانی خوارد. (ـــــ شیڤ خوار). لادانی بکەر لە ڕووی سەرەوەدا

١٣٨. ـــــ هاتم. (ـــــ هاتم). لابردنی بکەر لە پێکهێنی سەرەوەدا



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یەک لەڕێگەکانی زانین و دیاریکردنی بکەری ڕستە، ئەوەیە لە سەرەتای ڕستەوە دێت، یان بە هۆی شوێنییەوە دیاردەکرێت، بەم هۆیەشەوە، گوێگر یان خوێنەر دەزانێ بکەر لادراوە.

- **لادانی جۆرەکانی بکەر لە ڕستەی سادەدا:**

**أ- بکەری ڕاستەقینە:**

١٣٩. ـــــ نۆست/خەفت (ـــــ نڤست).

١٤٠. ـــــ چویم. (ـــــ چووم).

١٤١. ـــــ نانی نەخوارد. (ـــــ نان نەخوار).

ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین دەبینین لادان لە ڕستەی (١٣٩) ئەنجامدراوە (ـــ) ئەرکی بکەری بینیوە و کارەکە تێنەپەڕە و لەشوێنی خۆیدا هاتووە، هەروەها لە ڕستەی (١٤٠) وەکو بکەری ڕستە لادراوە(ـــ)، کە خوێنەر یان گوێگر بە هۆی مۆرفیمی ڕێککەوتنەوە(م) دەزانێ (من) وەکو بکەر لادراوە ، کە ئەرکی بکەری بینیوە کارەکەش تێنەپەڕە و لە شوێنی خۆیدا هاتووە، لە ڕستەی (١٤١) لادانی زمانی کراوە (ـــــ)، وەکو بکەری ڕستەکە لادراوە و کارەکەش لە شوێنی خۆیدا هاتووە، بۆیە لەهەر سێ ڕستەدا بکەری ڕستە لادراوە، ئەم جۆرە بکەرە بە بکەری ڕاستەقینە دادەنرێت.

کەواتە دەتوانرێت بکەرەکان لە ڕستەدا لابدرێن و لە پێکهێنی ناوەوەدا هەر بوونی هەیە، چونکە بکەر پێکهێنێکی سەرەکی ڕستەیە، بەڵام دەکرێت، لە ڕووی سەرەوەدا کورتکردنەوەی ئاخاوتن لابدرێت.

**ب- بکەری ڕێزمانی:**

**- لادانی بکەری ڕێزمانی لە بکەر نادیاردا:**

١٤٢. ـــــ کوشتریا.(ـــــ هاتە کوشتن).

١٤٣. ـــــ شکاندریا.(ـــــ هاتە شکاندن).

١٤٤. ـــــ هاتە کوشتن. (ـــــ هاتە کوشتن).

١٤٥. ـــــ هاتە شکاندن. (ـــــ هاتە شکاندن).

**کاری تێنەپەڕ:**

١٤٦. ـــــ شکیا. (ـــــ شکەست).

١٤٧. ـــــ بییەوە. (ـــــ ڤەبی).

١٤٨. ـــــ ڕژیا. (ـــــ ڕشت).

**ج- بکەری هۆیی:**

١٤٩. ـــــ دزەکەی دا گرتن (ـــــ ئەو دزیکەر دا گرتن).

١٥٠. ـــــ منداڵەکەم دا گرتن (ـــــ ئەو زارۆک دا گرتنێ)

**٢- لادانی بەرکار لە ڕستەی سادەدا:**

جۆرەکانی بەرکار لە ڕستەی سادەدا:

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**أ- بەرکاری ڕاستەوخۆ:**

بۆ نموونە:

١٥١. ئەو ــــ سەردەبڕێت. (ئەو ــــ سەرژێدکەت).

١٥٢. ئەو ــــ دەخوێنێتەوە. (ئەوێ/ ئەوا ــــ دخوینت).

١٥٣. ئەتو/تو ــــ دەنیسی. (تو ــــ دنڤیسی).

ئەگەر لە ڕستە(١٥١)دا بڕوانین دەبینین بەرکاری ڕستە هەر شتێک بێت لای خوێنەر ئاشکرایە، یان پێشتر ئاخاوتنکەر پێی ڕاگەیاندووە؛ بۆیە بە پێویستی نازانێت دەریببڕێت، لە ڕستەی (١٥٢)یش بەرکاری ڕستەکە لای ئاخاوتنکەر و گوێگر ڕوونە بۆیە بەرکار لادراوە لە ڕستەی (١٥٣) بە هەمان شێوە بەرکار لادراوە.

**ب- بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

١٥٤. چنار کۆترەکەی به دەست گرت. ( چنارێ ئەو کۆتر ب دەستێ گرت).

١٥٥. من بۆ ئەتو/ تو دەژیم. (ئەز بۆ تە دژیم).

١٥٦. ئەتو/ تو به چ/ چێ هاتی؟ (تو ب چ هاتی)؟

لە ڕستەکانی (١٥٦،١٥٥،١٥٤) دەکرێ بەرکارە ناڕاستەوخۆکانیان لابدرێ، یان ئاخاوتنکەر دەرینەبڕێت:

١٥٧. چنار کۆترەکەی ــــ گرت. ( چنارێ ئەو کۆتر ــــ گرت).

١٥٨. من ــــ دەژیم. (ئەز ــــ دژیم).

١٥٩. ئەتو/ تو ــــ هاتی (تو ــــ هاتی).

بەڵام هەندێکجار ناتوانین بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا لابدەین، وەکو:

١٦٠. من کیتابم دا بە شەیدا. (من پەرتووک یێ/یا دایە شەیدایێ).

لێرەدا بەرکاری ناڕا ستەوخۆ سەرەکیترین پێکهێنی ڕستەیە، هەموو پێکهێنە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ڕستە دەکەونە ژێر کاریگەری کارەوە. (ئەم پێکهێنە لە ڕستەدا ناکرێ لابدرێ، هیچ کەرستەیەکی تر ناتوانی شوێنی بگرێت چونکە ڕستە لە ڕووی واتایی و سینتاکسیەوە تێکدەچێت)(ئیسلام، ن. ع. ٢٠١٧: ٤٩).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ٤. بەشی چوارەم: پێکهاتەی بکەرنادیار لە شێوەزاری کەلەکچیدا:

### ١.٤. چەمک و پێناسەی بکەرنادیار:

لە هەموو زمانێکدا بکەر لە ڕستەدا پێکهێنێکی سەرەکییە ، بۆیە بۆ ئەنجامدانی یان ڕوودانی هەر کارێک پێویستمان بە بکەرێکە، جا بکەر کەسێک بێت یان شتێک بێت، بۆ تەواوکردنی ڕستە لە ڕووی واتایی و سینتاکسییەوە، پێویستە بکەر لە ڕستەدا بوونی هەبێت، بەڵام هەندێکجار بکەر لە ڕستەدا دەرناکەوێت یان ئاخاوتنکەر بکەر لە ڕستەدا بەکاری ناهێنێت، بەم حاڵەتە دەوترێت (بکەرنادیار)، ((ئەم دیاردەیەش بوونێکی هاوبەشی نێوان زمانەکانە و هەریەک لە زمانە سروشتییەکان وەکو زمانی یەکەمی قسەپێکەرانی یاساگەلێکی تایبەت بە زمانەکەیان پەیرەودەکەن))(قادر، ا. ع. ٢٠١٦: ١٤) (بکەر بزردەکرێت یان لادەدرێت، واتە پاڵاوگەی مێشک لەبەر هەندێک هۆی تایبەت وەکو: ترس و لێپرسینەوە یان خۆشەویستی، خۆبەدوورگرتن لە کێشە دەیسڕێتەوە)(دزەیی، ع. م. ٢٠١٣: ٦٨)، هەروەها مەبەست لە بکەرنادیار کەمکردنەوەی ئەرکی بکەرە لە ڕستەدا ( Yannuar, 2014,N: 1402)، یانیش کاتێک بکەر لە ڕستەدا لادەدرێت, بەرکار شوێنی بکەر دەگرێتەوە، چونکە وای بۆ دەچێت، هیچ کارێک بێ بکەر نابێت، بۆیە بەرکار شوێنی بکەر دەگرێتەوە(ابن الوراق، م. ا. ١٩٩٩: ٢٧٧)، لە پێکهاتە بکەرنادیاردا ئەم بەرکارە دەبێتە بکەری ڕێزمانی چونکە وەکو پێویستییەکی ڕێزمانی لە ڕستەدا ئەرکی بکەر دەگێڕێت.

بکەرنادیار یەکێکە لە تایبەتمەندییە سینتاکسیەکانی زمان، زۆربەی زمانەوانەکان باسی بکەرنادیاریان کردووە، (ستیج برگ) بۆ پێناسەکردنی بکەرنادیار زیاتر جەخت لەسەر کاری ڕستە دەکات و لەو باوەڕەدایە کە ڕستەی بکەردیار و بکەرنادیار پێویستە لە چوارچێوەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا پێناسە بکرێن، ئاماژە بەوەش دەکات کە کاری تێپەڕ دوو شێوەی هەیە، فۆڕمی بکەردیار و فۆڕمی بکەرنادیار، فۆڕمی بکەردیار ئەو فۆڕمەیە کە سەرەڕای بکەر و کار پێویستە گرێیەکی ناوی وەکو بەرکار لەگەڵی بەکاربێت، لەم فۆڕمە، فۆڕمی بکەرنادیار دروست دەکرێت، پاشان ئاماژە بەوەش دەکات، کە لە فۆڕمی بکەرنادیاردا دوو یەکەی ڕێزمانی لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە، بکەری کاری بکەردیار لە ڕستەی بکەرنادیاردا لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا دەردەکەوێت و بەرکاری کاری بکەردیار لە ئەرکی بکەری ڕستەی بکەرنادیاردا دەردەکەوێت(ڕەجەب، س. ئـ . موسا، ع. خ. ٢٠١٦: ٢٠٦). هەروەها بەوەش پێناسە دەکرێت (بریتییە لە دەرهاوێشتنی بکەر و سپاردنی ئەرک بە بەرکار، لەگەڵ ئەوەشدا بەرکار هەمان ئەرک و چەمکی خۆی دەپارێزێت) (حاجی مارف، ئـ. ٢٠٠٠: ٣٢٣). دەتوانین بڵێین بکەرنادیار ئەو ڕستەیە کە بکەری ڕاستەقینەی تێیدا نەهاتووە و ئاماژەی پێنەکراوە (مصطفى، ح. م. ٢٠٢٠: ٢١١).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بۆ نموونە:

١. من کۆترەکانم دزی. (من ئەو کۆتر دزین)[1]. بکەردیار

٢. ئەمن/ من شەباکم شکاند. (من پەنجەر شکاند). بکەردیار

٣. ئەتو/ تو دەرگەت کلیلدا. (تە دەرگەهـ کلیلدا). بکەردیار

هەر وەکو دیارە ڕستەکانی (١،٢،٣) ڕستەی بکەردیارن، بەڵام کاتێک دەیانگۆڕین بۆ بکەرنادیار، بەم شێوەیە دەبێت:

٤. کۆترەکان دزیریا. (کۆتر هاتنە دزین).

٥. شەباک شکاندریا. (پەنجەر هاتە شکاندن).

٦. دەرگە کلیلدریا. ( دەرگەهـ هاتە کلیلدان).

ئەگەر لەم ڕستانەی (٦،٥،٤) بروانین، دەبینین، بکەری ڕستەکان(من/ ئەمن، ئەتو/ تو)لادراون/ بزرکراون، لە ڕستەی (٤)مدا نازانرێت کێ کۆترەکانی دزیوە، لە ڕستەی (٥)دا ئاشکرا نییە، کێ پەنجەرەی شکاندووە، لە ڕستەی(٦)ەمیشدا بەهەمان شێوە بکەری ڕستەکە لادراوە، بەمانە دەوترێت بکەرنادیار.

**٢.٤. هۆکارەکانی لادانی بکەر لە ڕستەی بکەر نادیاردا:**

بکەر بە پێکهێنێکی سەرەکی لە ڕستەدا دادەنرێت، بەڵام زۆرجار لە ڕستەدا لادەدرێت، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، هەولدەدەین بەکورتی ئاماژەیان پێبکەین:

أ- ترس: زۆرجار ئاخاوتنکەر لە پێناو شاردنەوە و ناونەهێنانی بکەری کارەکە لە ترسی ئاشکرابوونی بکەری کارەکە، بۆ خۆپاراستن و خۆبەدوورگرتن لە کێشەکان، بکەری کارەکە لە ڕستەدا لادەدات، چونکە ئاخاوتنکەر دەترسێت بکەری کارەکەوە دوایی ئازاری پێبگەیەنێت، یان لەوانەیە لەوە بترسێت لە لایەن خەلکەوە ئازاری بکەری کارەکە بدرێت.(خۆشناو، ن، ع. ٢٠١٦: ١٢٢).

٧. خانگ ڕووخاندریا (خانی هاتە هەرفاندن).

٨. پیالە شکاندریا.(پیالە هاتە شکاندن).

---

(١) لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ دورستکردن و شرۆڤە کردنی پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار لە شێوەزاری کەلەکچی ڕەچاوی جۆری کاری تێپەڕ و بەرکاری ڕاستەوخۆ بۆ دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار کراوە، هەوڵدراوە ئەو بکەردیارانە ئاماژەی پێ بکرێت کە لە بەرامبەریدا ڕستەیەکی بکەردیار هەیە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لە ڕستەی (٧)دا ئاماژە بە ڕووخاندنی خانوویەک کراوە، لەوانەیە ئاخاوتنکەر لە ترسی دروستبوونی کێشە خۆپاراستن لە بکەری کارەکە باسی ئەنجامدەرەکە ناکات، بەڵکو تەنها ڕووداوەکە دەدرکێنێت. لە ڕستەی (٨)دا ئەگەر ئاخاوتنکەر بکەری کارەکە ئاشکرا بکات، لەوانەیە ئازار بە بکەری کارەکە بگەیەنرێت.

ب- شکۆمەندکردن و بە پیرۆزکردنی کارەکە: لە پێناو ڕێزگرتن و گەورەکردنی کارەکە ئاخاوتنکەر هەندێکجار ئاماژە بە بکەری کارەکە ناکات، چونکە خۆی لە خۆیدا کردنی کارەکە گرنگە، جا کارەکە چۆن کرابێت و کەی کرابێت گرنگ نییە.

٩. دزەکە گرتریا. (ئەو دز هاتە گرتن).

١٠.شارع قیربکردرایە. (شارع هاتبایە قیرکرن).

ئەگەر سەیری ڕستەی (٩)ەم بکەین، دەبینین کاری (گرتریا) لە چۆنیەتی گرتن و کاتی گرتن، گرنگترە، بۆیە ئاخاوتنکەر جەخت لە گرتنی دزەکە دەکاتەوە. بەهەمان شێوەش لە ڕستەی (١٠)دا کارەکە لە بکەرەکە گرنگترە.

ت- نەزانین: ئاخاوتنکەر نازانێت یان لە بیری کردووە، کێ بکەری کارەکەیە و کێ کارەکەی ئەنجامداوە و تەنها ڕووداوەکەی گوێ لێبووە یان لەبیری ماوە، بۆیە ناچارە لە شێوەی بکەر نادیاردا ئاماژەی پێبکات(العكبري ،أ. ا. ع. ح. ع. ١٩٩٥: ١٥٧).

١١.تۆپەکە لێیسەندریا. (تەپە ژ ئەوی هاتە ستاندن).

١٢.پارە خرۆکریا. (پارە هاتە خرڤەکرن).

ث- پێویستنەبوون: ڕووداوێکە یان باسێکە ئاخاوتنکەر دەیوروژێنێت، پێویستی پێ نییە، گرنگ نییە ناوی بکەری کارەکە بهێنێت یان لە پێناو کۆرتکردنەوەی باسەکە ئاماژە بە بکەری ڕستەکە ناکات، هەندێکجاریش بۆ خۆ پاراستنە لە دووبارەبوونەوە و زیادەڕەویکردن لە دووبارەکردنەوەی ناوی بکەر(المقوشي، ع. ع. ٢٠٢٢: ٥٥١)، هەروەها زۆرجار لە ڕستەدا ئاماژە بە بکەر ناکرێت، چونکە بکەر خۆی ناسراوە، لە پێناو کورتکردنەوەدا باس ناکرێت(بوجليع، ص. ع. ٢٠١٩: ٧٢).

ج- جەختکردنەوە: لەوانەیە زۆرجار بۆ جەختکردنەوە لەسەر کارەکە، ئاخاوتنکەر ڕووداوەکە بە شێوەی بکەرنادیار دەردەبڕێت(Lester, Beason 1405:2022, )، کەواتە بۆ جەختکردن و تیشکخستنە سەر کارەکە، بکەر لادەبرێت، بەهەمان شێوە بکەردیار بەکاردەهێنرێت، کاتێک دەمانەوێت ڕۆڵی بکەری کارەکە دیاربکەین.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ح- ((هندەک جاران ژی بکەرێ رستێ یان ژی ئەو کەسێ ب کارێ ڕستێ ڕادبیت، پەیوەندیا ب کۆمەکا کەسێن کومەلگەهێڤە هەی، واتە تنێ ب یەک کەسڤە گرێدای نینە ژبەر ڤێ چەندێ گەلەک جاران ڕستە ب شێوێ بکەر نادیار دەردکەڤیت)(ڕەجەب، س. ئـ، موسا، ع. خ. ٢٠١٦: ٢٠٩). بە واتایەکی تر بکەر لە یەک کەس پێکنایەت، بەڵکو چەندەها کەسن و بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی کارەکە ئەنجام دەدەن، بۆیە ناتوانرێ کارەکە بەناوی کەسێکەوە بکرێت.

١٣.مەشروعەکە خلاسکریا. (ئەو پڕۆژە هاتە تەمامکرن).

١٤.مزگەفت ئاواکریا. (مزگەفت هاتە ئاڤاکرن).

**٣.٤. پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار لە شێوەزاری کەلەکچیدا:**

بە شێوەیەکی گشتی بۆ دروستکردنی پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار پێویستمان بە کارێکی تێپەڕ هەیە، کە جگە لە بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ وەکو پێکهێن بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، کە ئەنجامدانی ئەم کارە دەکەوێتە سەر بەرکار، کەواتە بۆ دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار پێویستمان بە هەبوونی کاری تێپەڕ و بەرکار دەبێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی بکەردیار بکرێتە بکەرنادیار :

١٥.من ئەوم دیت. (من ئەو دیت). ڕستەی بکەردیار

بکەر بەرکار کار

١٦.ئەو دیتریا. (ئەو هاتە دیتن). ڕستەی بکەرنادیار

یەکەم: ئەوەیە کە هەموو کارێکی تێپەڕ ناتوانرێت ڕستەی بکەرنادیاری لێ دروستبکرێت، چونکە لە بەرامبەر هەر ڕستەیەکی تێپەڕی بکەردیار، ڕستەیەکی تێپەڕی بکەرنادیار نییە:

١٧.شێروان لێدانی خوارد. (شێروانی قوتان خوار).

١٨.*لێدان خواردریا.(*قوتان هاتە خوارن).

لە ڕستەی (١٧)دا هەموو پێکهێنەکانی ڕستەی بکەردیار(بکەر، بەرکار، کار) لە ڕستەدا هەیە، بەڵام ناتوانرێت بکرێتە بکەرنادیار، چونکە کاری(خواردن) لێرە بە واتای کاری(خواردن) نەهاتووە، بەڵکو بە واتای (ئازارپێگەیاندن) هاتووە، بۆیە کاتێک دەکرێتە بکەرنادیار، لە ڕووی واتاییەوە واتای ڕستەکە تێکدەچێت، هەروەک لە ڕستەی (١٨) ئاماژەمان پێداوە.

١٩.ئەو چوار ترومبێلی هەبی. (ئەوی/ ئەوێ چوار ترومبێل هەبوون).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

به هەمان شێوە ڕستەی (١٩) ناتوانرێت بکرێتە بکەر نادیار چونکە ((ئەو ڕستە دبنە بکەرنادیار یێن بکەرەکێ کارتێکەر و بەرکارەکێ کارتێکری هەبیت د ئەڤان ڕستاندا بکەر و بەرکاری ئەڤ ئەرکە نینە، یانژی دشێن بێژین بکەرنەدیار، ژ ئەوان کاران چێدبیت یێن دەلالەتێ ژ کریارەکێ دکەن نەکو وەسفا حالەتەکێ دکەن، ئەڤان ڕستان وەسفکرنا حالەتەکی دیارکرییە، نەک ئەنجامدانا کریارەکێ کو بکەر پێڕابببیت))(ڕەجەب، س. ئـ. ٢٠١٥: ٧٧).

کەواتە دەکرێت بوترێت (دیاری و نادیاری دوو تەکنیکی جیاوازن بۆ دەربڕینی بیر و لە یەکترەوە وەرناگرێن، مەبەستیش لە بەکارهێنانیی نادیاری دوورخستنەوە و لابردن و لەکارخستنی کارایە)(بەرزنجی، ف. ع. ٢٠٠٨: ٦٥).

دووەم: هەبوونی جۆری بەرکارە، کە ئەویش کاریگەری لەسەر دروستکردنی پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار هەیە، چونکە هەموو جۆرە بەرکارێک ڕێگا بە دروستکردنی ئەم پێکهاتەیە نادات، بە تایبەت ئەگەر ئەو گرێیەی ناوی کە ئەرکی بەرکار دەبینێت، لە جۆری ئەنافۆر (جێناوی خۆی، جێناوی هاوبەش) بێت(عەبوزەید(١)، س. ج. ٢٠١٩: ٢٧٧):

٢٠.ئەو خۆی ڕانەگرت.

٢١.ئێمە یەکترمان کوشت.

٢٢.ئەوان سەریەکیان شکاند.

لە ڕستەی(٢٠) دا بەرکار لە جۆری ئەنافۆرە(جێناوی خۆی)، ئەگەر ئەم جۆرە بەرکارە لە پێکهاتەی ڕستەی بکەردیاردا هات، ئەو ڕستەیە ناکرێتە بکەرنادیار، چونکە بەرکار (خۆ) بۆ بکەر (ئەو) دەگەڕێتەوە و ئاماژەکەی لە بکەر (ئەو) وەردەگرێت، لەم حالەتەدا بکەر و بەرکار ئاماژە بۆ یەک کەس دەکەن. لە ڕستە (٢١، ٢٢) جێناوی هاوبەوش بەشداری لە پێکهاتەی ڕستە دا کردووە، بۆیە ناتوانرێ بکرێتە بکەرنادیار چونکە بکەر و بەرکار بۆ یەک کەس دەگەڕێنەوە.

دەکرێت بوترێت کە بکەرنادیار: ((دورستەیەکە لەفۆڕمدا نادیار و لە گۆکردندا دیاربێت، یان بە پێچەوانەوە. هەرچەندە ڕستەکانی (دارەکە شکا.) و (کەپرەکە ڕووخا) لە فۆڕمدا دیارن، بەڵام جۆرێکن لە نادیارو نادیاری تەواویش نیین))(مەحویی، م. ٢٠٢٠: ١١٦). ئەم نموونانەی ئاماژەمان پێکرد و بۆچوونی هەریەک لەم نووسەرانە بەڵگەن کە هەر کارێکی تێپەڕ بکەرنادیارێک لە بەرامبەریدا بەرهەمناهێنرێت، بەهەمان شێوەیەش ناتوانرێت بکرێتە بەڵگەیەکی ڕەها کە بەرامبەر هەموو کارێکی بکەردیار، کارێکی بکەرنادیار نییە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار لەم شێوەزارەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە دیالێکت و شێوەزارەکانیتری زمانی کوردی جودادەکات، ئەویش ئەوەیە کە پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار هەم بە ڕێگای مۆڕفۆلۆجی هەم بە ڕێگای سینتاکسی دروستدەکرێت، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە عەشیرەتی ئۆمەری لە باکووری کوردستانەوە هاتوون و عەشیرەتەکانی تر زۆربەیان لە گەرمیان و ئەو ناوچانەوە هاتوون، لەوانەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شێوەزاری کەلەکچی وەک ناحیەیەک سەر بە پارێزگای دهۆکە کە سەر بە کرمانجی سەروون، بەڵام تێپەڕبوونی سەدان سال هۆکارێکە کە ئەم جیاوازییە تێکەڵ بەیەک بێت و هەردوو شێوەی مۆڕفۆسینتاکس و سینتاکسی بەکاربهێنرێت، لەم بەندەدا ئاماژە بە هەر دوو ڕێگای دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار دەکەین:

**٤.١.٣. پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار بە ڕێگای** مۆڕفۆلۆجی:

بۆ پێکهاتەی ئەم ڕستە بکەرنادیارانە کە بە ڕێگای مۆڕفۆلۆجی بەرهەمدێن، مۆرفیمێکی تایبەت بۆ نادیاری(ر) هەیە، ئەم مۆرفیمە لە دوای ئەوەی کە چەندین گۆڕانکاری بە سەر کاری ڕستەی بکەردیاردا دێت، لەگەڵی دێت، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەو هەنگاوانە دەکەین، کە پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار بە ڕێگای مۆڕفۆلۆجی دروست دەبێت:

١. بکەر و مۆڕفیمی ڕێککەوتن (کە بۆ بکەرەکە دەگەڕێتەوە) لە ڕستەی بکەردیار لادەدرێت.

٢. بەرکار شوێنی بکەری ڕستەی بکەردیار دەگرێتەوە، دەبێتە بکەری ڕێزمانی.

٣. ئەگەر کاری ڕستەی بکەردیاری ڕابردووبێت، بەم شێوەیە دروست دەبێت:

قەدی کاری ڕستەی بکەردیار وەردەگیرێت، مۆڕفیمی نادیاری(ر) لەسەر ڕەگی کار زیاد دەکرێت و پاشان مۆڕفیمی ڕابردووی تافی نادیاری(یا) دێت.

٢٣. کۆترەکان دزیریان[١].

قەدی کار (دزی)+ مۆڕفیمی نادیاری (ر)+ مۆڕفیمی تافی ڕابردووی نادیاری (یا)+ مۆڕفیمی ڕێککەوتن(ن).

٢٤.دیوارەکان خستریان.

٢٥. قەدی کار(خست)+ مۆڕفیمی نادیاری(ر)+ مۆڕفیمی تافی ڕابردووی نادیاری (یا)+ مۆڕفیمی ڕێککەوتن(ن).

---

(١) لە شێوەزاری کەلەکچیدا زۆربەیجار بۆ ئاسانی گوتن (دزریا) بەکاردێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٤. ئەگەر کاری ڕستەی بکەردیار ڕانەبردوو بێت، بەم شێوەیە کاری ڕستەی بکەر نادیار دروستدەکرێت:

- ڕەگی کاری ڕستەی بکەردیار وەردەگیرێت، مۆرفیمی نادیاری (ر) لەسەر ڕەگ زیاد دەکرێت و پاشان مۆرفیمی ڕانەبردووی تافی نادیاری (ێ) دێت.

٢٤.کۆترەکان دەدزرێن.

مۆرفیمی ڕانەبردوو (دە)+ ڕەگی کار(دز) + مۆرفیمی نادیاری (ر)+ مۆرفیمی تافی ڕانەبردووی نادیاری (ێ)+ مۆرفیمی ڕێککەوتن (ن).

٥- کاری ڕستەی بکەردیار هەر ڕێژە و تاف و ڕووکار و شێوەی ئەرێ و نەرێ هەبێت، هەمان تایبەتمەندی ڕێزمانی بە ڕێگای مۆرفیمی تایبەت لە کاری ڕستەی بکەرنادیاردا وەردەگرێت.

بۆ دیارکردنی چۆنیەتی دروستکردنی پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار و پەیرەوکردنی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە، هەر سێ جۆری کار لە ڕووی پێکهاتنەوە بەکاردەهێنین، ئەوانیش کاری بنەڕەتی(دزین) و کاری داڕێژراوی(ڕاخستن) و کاری لێکدراوی( چاککردن)، وەکو نموونە بۆ ڕستەکانی بکەرنادیار وەرمانگرتووە و ئەم سێ کارە بە پێی ڕێژە و تاف و ڕووکارەکان و شێوەی ئەرێ و نەرێ دەیخەینە بەر تیشک و یاساکانی پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار:

**٤.٣.١.١. ڕێژەی ڕاگەیاندن:**

ئەم ڕێژەیە لە دوو تافدا هەیە:

**٤.٣.١.١.١. تافی ڕابردوو:**

تافی ڕابردوو بە پێی ڕووکارەکانیش دەبنە چوار جۆر( نێزیک، بەردەوام، تەواو، دوور) و ئەم چوار جۆرانە هەم بە شێوەی ئەرێ هەم بە شێوەی نەرێش وەرمانگرتووە:

**١- تافی ڕابردووی نێزیک:**

ئەم ڕستە بکەردیارانەی خوارەوە دەیانکەینە ڕستەی بکەرنادیار:

٢٥. ئەو کۆترەکانی دزی.

٢٦. ئەو فەرشەکانی ڕاخست.

٢٧. ئەو خانگەکانی چاککرد[١].

---

(١) ڕستە بکەرنادیارەکانی(٢٥،٢٦،٢٧) بۆ هەموو پێکهاتەی ڕستە بکەرنادیارەکان بە پێی ڕێژە و تاف و ڕووکار و شێوەی ئەرێ و نەرێ لە خشتەکانی ئەم بەندەدا بە کارهێنراوە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لە ڕستەکانی(٢٥،٢٦،٢٧)دا بکەری ڕاستەقینەی(ئەو) و مۆرفیمی ڕێککەوتنی(ی) کە هاوبەشن، لادەدرێن، بەرکاری ڕستەکان (کۆترەکان، فەرشەکان، خانگەکان) دەچنە شوێنی بکەرەکان، کاری ڕستەکانی بکەردیار بۆکاری بکەرنادیار دەگۆڕن(دزیریا، ڕاخستریا، چاککردریا).

مۆرفیمی ڕێککەوتنی(ن) کە بۆ بکەرە ڕێزمانییەکان دەگەڕێت، دەچێتە دوای کاری ڕستە بکەرنادیارەکان:

٢٨. کۆترەکان دزیریان.

٢٩. فەرشەکان راخستریان.

٣٠. خانگەکان چاککردریان.[١]

(١) ئەو نموونە ڕستانەی کە بۆ ئەم بەندە هەڵمان بژاردووە، بەرکارەکانیان لە پێکهاتەی ڕستە بکەردیارەکاندا بە شێوەی مۆرفیمی ڕێککەوتن (کۆ) هەڵمانبژاردووە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاری تافی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن | ئەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان) + قەدی کار(دزی)+ مۆرفیمی نادیاری(ر)+ مۆرفیمی تافی ڕابردووی نادیاری (یا) + مۆرفیمی ڕێککەوتن(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان دزیریان. (ئەو کۆتر هاتنە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕاخستریان. (ئەو فەرش هاتنە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١ (چاک)+قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاککردریان (١). (ئەو خانی هاتنە چێکرن). |
| | نەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.نە(نە)+قەدی.ک(دزی)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م. ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان نەدزیریان. (ئەو کۆتر نەهاتنە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.نە(نە)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا. ڕا.نا(یا)+م. ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕانەخستریان. (ئەو فەرش نەهاتنە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١ (چاک)+م.نە(نە)+قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر) +م.تا.ڕا.نا(یا)+م. ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکنەکردریان. (ئەو خانی نەهاتنە چێکرن). |

خشتەی ژمارە(٦):

لە خشتەی ژمارە(٦)دا ئەم تایبەتمەندییە سینتاکسییانە لە پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاردا بەدیدەکرێن[٢].

آ- بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر کاری ڕستەی بکەردیار بکرێتە بکەرنادیار، پێویستمان بە قەدی کارە مۆرفیمی بکەرنادیار(ر) لە دوای قەدی کار دەردەکەوێت.

ب- مۆرفیمی ڕابردووی نادیاری(یا) لە دوای مۆرفیمی نادیاری دێت، بۆیە یەکێکیان بە مۆرفیمی ڕابردووی کار و ئەویتر بە مۆرفیمی ڕابردووی نادیاری ناونراوە.

(١) شایەنی ئاماژەپێکردنە هەندێکجار بۆ ئاسانی دەربڕین لەکاتی ئاخاوتندا فۆنیمی /ک/ لە وشەی (چاک)، هەروەها هەر دوو فۆنیمی /د/ و /ر/ لە کاری(کرد)دەکرتێنرێت، بۆیە دەوترێت (چاکریا).

(٢)ئەگەر کاری ڕستەی بکەردیار تافی ڕابردوو بێت، بۆ دروستکردنی پێکهاتەی بکەرنادیار بە ڕێگای مۆرفۆلۆجی خالەکانی(آ،ب) کە لە دوای خشتەی(٦)دا ئاماژە پێکران، بە تایبەت خالی(آ) لە هەموویاندا هاوبەشە، بۆیە بۆ دووبارەنەبوونیان لە دوای خشتەکانی تردا ئاماژەی پێناکرێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ج- ئەگەر کارەکە لە ڕووی پێکهاتنەوە بنەڕەت بێت، مۆرفیمی نەرێ(نە) لە سەرەتای کارەکەوە دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر کارەکە داڕێژراو بێت، لە دوای پێشگری کارەکە دەردەکەوێت و ئەگەر کارەکە لێکدراو بێت، دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

**٢- تافی ڕابردووی تەواو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاری تافی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن | ئەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+قەدی.ک(دزی)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.تەو.ڕاگ(گ)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان دزیریاگن[١]. (ئەو کۆتر هاتینە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.تەو.ڕاگ(گ)+م.ڕێکک(ە). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕاخستریاگن. (ئەو فەرش هاتینە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١ (چاک)+قەدی.ک(کرد)م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.تەو.ڕاگ(گ)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاککردریاگن. (ئەو خانی هاتینە چێکرن). |
| | نەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.نە(نە)+قەدی.ک(دزی)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.تەو.ڕاگ(گ)+م.ڕکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان نەدزیریاگن.(ئەو کۆتر نەهاتینە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.نە(نە)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.تەو.ڕاگ(گ)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕانەخستریاگن. (ئەو فەرش نەهاتینە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)بەشی١ (چاک)+م.نە(نە)+قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.تەو.ڕاگ(گ)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکنەکردریاگن. (ئەو خانی نەهاتینە چێکرن). |

خشتەی ژمارە(٧)

لەم خشتەی ژمارە(٧)دا ئەم خاڵانە گرنگن:

[١] ئەگەر بکەری ڕێزمانی ئەم ڕستەیە بکەینە (تاک) دەبێتە( کۆترەکە)، بەواتایەکی تر مۆرفیمی ڕێککەوتن دەبێتە سفر، بەشێوەی (∅) دەردەکەوێت، لەدوای مۆرفیمی تافی ڕابردووی نادیاری مۆرفیمی ڕووکاری (گ...ە) دەردەکەوێت و پارچەی دووەمی ئەم مۆرفیمە لانادرێت، ڕستەکانی تریش بەهەمان شێوەن:

-کۆترەکە دزیریاگ ∅ ە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١-ئەگەر کاری ڕستەی بکەردیار ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن بێت بێت، مۆرفیمی ڕووکاری تەواوی(گ...ە) دەکەوێتە کۆتایی کاری بکەرنادیارەوە چ کارەکە لە ڕووی پێکهاتنەوە بنەڕەت بێت یان داڕێژراو یان لێکدراو.

٢- مۆرفیمی ڕێککەوتنیش(ن) دەکەوێتە نێوان هەر دوو پارچەی ئەم مۆرفیمە( دزیریاگنە)، بەڵام پارچەی دووەمی مۆرفیمی تەواوی(ە) بۆ سوککردن لادراوە.

**٣- تافی ڕابردووی بەردەوام:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاری تافی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | ئەری | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.ڕا.بەر.ڕاگ(دە)+قەدی.ک(دزی)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان دەدزیریان. (ئەو کۆتر دهاتنە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.ڕا.بەر.ڕاگ(دە)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕادەخستریان. (ئەو فەرش دهاتنە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکە)+بەشی١ (چاک)+م.ڕا.بەر.ڕاگ(دە)+قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکدەکردریان. (ئەو خانی دهاتنە چێکرن). |
| | نەری | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.نە(نە)+م.ڕا.بەر.ڕاگ(دە)+قەدی.ک(دزی)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان نەدەدزیریان. (ئەو کۆتر نەدهاتنە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.نە(نە)+م.ڕا.بەر.ڕاگ(دە)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕانەدەخستریان. (ئەو فەرش نەدهاتنە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١ (چاک)+م.نە(نە)+م.ڕا.بەر.ڕاگ(دە)+.قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکنەدەکردریان. (ئەو خانی نەدهاتنە چێکرن). |

خشتەی ژمارە(٨)

ئەگەر لە یاسا و نموونەکانی سەرەوە بڕوانین، دەبینین:

١-ئەگەر کارەکە بنەڕەت بێت، مۆرفیمی ڕووکاری بەردەوامی (دە) لە پێش قەدی کار دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر کارەکە داڕێژراوبێت، لە دوای پێشگری کارەکە دەردەکەوێت و ئەگەر کارەکە لێکدراو بێت، دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٢-ئەگەر کارەکە بنەڕەت، داڕێژراو، لێکدراو بێت، مۆرفیمی ڕووکاری بەردەوامی(دە) دەکەوێتە دوای مۆرفیمی نەرێ(نە) لە شێوەی نەرێدا.

**٤- تافی ڕابردووی دوور:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاری تافی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن | ئەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+قەدی.ک(دزی)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.دوو.ڕاگ(بی)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان دزیریابین. (ئەو کۆتر هاتبوونە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.دوو.ڕاگ(بی)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕاخستریابین. (ئەو فەرش هاتبوونە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١ (چاک)+قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.دوو.ڕاگ(بی)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاککردریابین. (ئەو خانی هاتبوونە چێکرن). |
| | نەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.نە(نە)+ڕە.ک(دزی)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.دوو.ڕاگ(بی)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان نەدزیریابین(ئەو کۆتر نەهاتبوونە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.نە(نە)+قەدی.ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.دوو.ڕاگ(بی)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕانەخستریابین. (ئەو فەرش نەهاتبوونە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١ (چاک)+م.نە(نە)+قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕا.دوو.ڕاگ(بی)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکنەکردریابین. (ئەو خانی نەهاتبوونە چێکرن). |

خشتەی ژمارە(٩)

ئەگەر کاری ڕستەی بکەردیار ڕابردووی دوور بێت، مۆرفیمی ڕووکاری دووری(بی) دەکەوێتە کۆتایی کاری بکەرنادیارەوە، کەواتە لە دوای مۆرفیمی تافی ڕابردووی نەدیاری دێت، چ کارەکە لە ڕووی پێکهاتنەوە بنەڕەت بێت یان داڕێژراو یان لێکدراو بێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٢.١.١.٣.٤. تافی ڕانەبردوو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاری تافی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن | ئەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+مۆڕفیمی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن(دە)+ ڕەگی کار(ز)+ مۆڕفیمی نادیاری(ر)+ مۆڕفیمی تافی ڕانەبردووی نادیاری(ێ)+ مۆڕفیمی ڕێککەتن(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان دەدزرێن. (ئەو کۆتر دهێنە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.ڕانە.ڕاگ(دە)+ڕە.ک(خە)+م.نا(ر)+م.تا. ڕانە.نا(ێ) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕادەخرێن. (ئەو فەرش دهێنە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١(چاک)+م.ڕانە.ڕاگ(دە)+ڕە.ک(کە)+م.نا(ر) +م.تا.ڕانە.نا(ێ) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکدەکرێن. (ئەو خانی دهێنە چێکرن). |
| | نەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.نە(نا)+ڕە.ک(دز)+م.نا(ر)+م.تا.ڕانە.نا(ێ) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان نادزرێن. (ئەو کۆتر ناهێنە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.نە(نا)+ڕە.ک(خە)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(ێ) +م. ڕێکک (ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕاناخرێن. (ئەو فەرش ناهێنە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١(چاک)+م.نە(نا)+.ڕە.ک(کە)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا .نا(ێ) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکناکرێن. (ئەو خانی ناهێنە چێکرن). |

خشتەی ژمارە(١٠)

لەم خشتەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت:

١- پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیار لەم تافەدا وەکو ڕابردوو نییە، کە دوو جۆر پێکهاتەی هەبێت.

٢- هەر وەکو تافی ڕابردوو جگە لە مۆڕفیمی تافی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (دە) کە لە پێشەوەی ڕەگی کار دێت، مۆڕفیمی تافی ڕانەبردووی نادیاری(ێ) لە دوای ڕەگی کاری ڕستەی بکەرنادیار دێت.

٣- لە حالەتی نەرێکردندا مۆڕفیمی نەرێی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (نا) لە شوێنی مۆڕفیمی تافی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن(دە) دەردەکەوێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٤.٣.١.٢. ڕێژەی دانانی:** ئەم ڕێژەیەش لە دوو تافدا هەیە:

**٤.٣.١.٢.١. تافی ڕابردوو:** تافی ڕابردوو بە پێی ڕووکارەکان دەبێتە سێ جۆر ( نێزیک، تەواو، دوور)، ئەم سێ جۆرانەش بە شێوەی ئەرێ و نەرێ وەردەگرین.

**١-تافی ڕابردووی نێزیک:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکهاتەی ڕستەی بکەرنادیاری تافی ڕابردووی نێزیکی دانانی | ئەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.ڕا.نێز.دان(ب...ایە)+قەدی.ک(دزی)+م.نا(ر) +م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | کۆترەکان بدزیریانایە[1]. (ئەو کۆتر هاتبانە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.ڕا.نێز.دان(ب...ایە)+قەدی.ک(خست )+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا)+م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕابخستریانایە. (ئەو فەرش هاتبانە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١(چاک)+م.ڕا.نێز.دان(ب...ایە)+قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن). |
| | | نموونە | خانگەکان چاکبکردریانایە. (ئەو خانی هاتبانە چێکرن). |
| | نەرێ | کاری بنەڕەت | بکەر(کۆترەکان)+م.نە(نە)+م.ڕا.نێز.دان(ب...ایە)+قەدی.ک(دزی) +م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن) |
| | | نموونە | کۆترەکان نەدزیریانایە. (ئەو کۆتر نەهاتبانە دزین). |
| | | کاری داڕێژراو | بکەر(فەرشەکان)+پێ(ڕا)+م.نە(نە)+م.ڕا.نێز.دان(ب...ایە)+قەدی. ک(خست)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن) |
| | | نموونە | فەرشەکان ڕانەخستریانایە. (ئەو فەرش نەهاتبانە ڕائێخستن). |
| | | کاری لێکدراو | بکەر(خانگەکان)+بەشی١(چاک)+م.نە(نە)+م.ڕا.نێز.دان(ب...ایە) +قەدی.ک(کرد)+م.نا(ر)+م.تا.ڕا.نا(یا) +م.ڕێکک(ن) |
| | | نموونە | خانگەکان چاکنەکردریانایە. (ئەو خانی نەهاتبانە چێکرن). |

خشتەی ژمارە(١١)

---

(١) لەگەڵ ڕێژەی دانانی هەر جۆرە تافێک لە ڕستەدا هەندێک وشە وەکو (خۆزی، دەبیا، دەبێت، دیبلا، ...) لەڕستەدا هەیە، بەڵام وەکو پێویستی بابەتەکە ئاماژەمان پێنەداوە، تەنها ئاماژەمان بە بکەر و کاری بکەرنادیار داوە، بۆ نموونە:

ب- خۆزی کۆترەکان بدزیریانایە.

ت- دیبلا فەرشەکان ڕابخستریانایە.

ث- دەبیا خانگەکان چاکبکردریانایە.

ئەوەی کە نێزیکی دانانی لە نێزیکی ڕاگەیاندن جودادەکات:

١-ئەوەیە کە لە ڕێژەی دانانیدا مۆرفیمی ڕابردووی نێزیکی دانانیدا (ب...ایە) هەیە ، کە پارچەیەک لە پێش قەدی کار دێت، ئەگەر کارەکە بنەڕەت بێت، بەڵام ئەگەر داڕێژراو یان لێکدراو بێت دەکەوێتە دوای بەشی یەکەم، پارچەکەی تریش لە کۆتایی کاری بکەرنادیار دەردەکەوێت.

٢-ئەگەر کارەکە نەرێ بکرێت، مۆرفیمی نەرێ (نە) لە شوێنی پارچەی یەکەمی مۆرفیمی ڕابردووی نێزیکی دانانی(ب) دێت، بەڵام پارچەی دووەم (ایە) هیچ گۆڕینی بەسەردا نایەت.

**١- تافی ڕابردووی تەواو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
